# داكشانی پێگەو نفوزی گۆڕان نەوشیروان مستەفای تووشی هیستریا كردووە



جەعفەر ئیمینكی*

نەوشیروان مستەفا كاتێك لە یەكێتی نیشتمانی جیابۆوە و بزووتنەوەی گۆڕانی دامەزراند، سیاسەتی خۆی بەوجۆرە دەخستەڕوو بەوەی گوایە دژی رێككەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەكێتی-یە، ئەوكات ئێمە لە پارتی دیموكراتی كوردستان ئەو گومانەمان لا دروست ببوو كە بزووتنەوەی گۆڕان ئامانجی ئەوەیە هەر بیانوو پاساوێكی دەست بكەوێت دژایەتی پارتی پێدەكات، بۆیە لەسەرەتاوە هەوڵی پارتی بەو ئاراستەیە بوو هەوڵ لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان بدات بۆ ئەوەی وەك شەریكی پرۆسەی سیاسیی لەهەرێمی كوردستان سەیری خۆی بكات، هەر بۆ ئەم مەبەستەش بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بە شەخسی لەگەڵ نەوشیروان مستەفای رێكخەری بزووتنەوەی گۆڕان لە سلێمانی كۆبۆوە، لەمەش زیاتر مەكتەبی سیاسی پارتی چەند جارێك سەردانی نەوشیروان مستەفایان كرد، بۆ ئەوەی ئەویش وەك حزبێكی سیاسی بەشدار لە پرۆسە دیموكراتییەكە بەگیانی دۆستانە سیاسەت بكات نەك دوژمنكارانە، بەڵام بەداخەوە لەبری ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان و شەخسی نەوشیروان مستەفا بیروبۆچوونی خۆیان بگۆڕن و بە گیانی دۆستانە لەم ژینگە دیموكراتییە سیاسەت بكەن، بە راشكاوانە و بە ئاشكرا سیاسەتی خۆیان دژی پارتی دیموكراتی كوردستان راگەیاند كە ئێستا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ناتوانن بیشارنەوە.

ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا بە وردی سەیری لێدوانەكانی ئەم دواییەی نەوشیروان مستەفا بكەین، هەست دەكەین ئەمجۆرە لێدوانانە نەك هەر دژایەتین بۆ پارتی دیموكراتی كوردستان، بەڵكو دروستكردنی مەترسییە لەسەر ژیانی فرەیی كۆمەڵگەی دیموكراتی و هەنگاونانە بەرەو یەكتری رەتكردنەوە و دووركەوتنەوە لە دیالۆگ و پێكەوە گونجان، ئەم حاڵەتەش پێمان خۆش بێت یان نە، خۆی لەخۆیدا مەترسییەكی راستەقینە لەسەر كوردستان بەگشتی و ئەزموونی دیموكراتی هەرێمی كوردستان دروست دەكات، هەر بۆ نموونە ئەگەر ئاماژە بەو بوختانە بكەین كە لەچەند رۆژی رابردوو سەبارەت بە گێڕانەوەی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان بۆ سەرۆك تاڵەبانی و سەرۆك بارزانی هەڵیبەستوون، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی كە ئەم كەسایەتییە چەند گرێیەكی مێژوویی و سایكۆلۆژی هەیە و خەو بەوەوە دەبینێت كە زەمینەیەك دروست بكات خۆی بسەپێنێت و خۆی فەرز بكات، تەنانەت لەناو بزووتنەوەی گۆڕانیشدا هەمان سیاسەت پیادە دەكات بۆیە چەندین سەركردەی دیار و خاوەن ئەزموونی ناو ئەم بزووتنەوەیە ئەو دیاردەیەیان پێ قبوڵ نەكراوە و لە بزووتنەوەكە جیابوونەوە، بۆیە لەم راستەوە كاتێك سەیری ئەم شێوازی سیاسەتكردنەی كەسێكی وەك رێكخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان

* بۆ گوڵانی نووسیوە

دەکەین، هەست دەکەین بارودۆخی سیاسیی کوردستان ئەو کەشوهەوایە نییە کە هاندەر بێت بۆ ئەوەی دیالۆگ و پێکەوە گونجان رەتبکاتەوە، بەڵکو هۆکاری راستەقینە کە بۆتە هاندەر نەوشیروان مستەفا بەو جۆرە سیاسەت بکات، گرێ مێژوویی و سایکلۆژیەکانی خۆیەتی.

بالێرەدا سەرنج لە بایکۆتکردنی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان بدەین کە گۆڕان بایکۆتی کردووە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەم حزبە خۆی داوای سازانی نیشتمانی دەکرد، ئێستا هەر خۆی بایکۆتی ئەو دانیشتانە دەکات کە بۆ سازانی نیشتمانی لەسەر دەستوور لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەدەچن، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا دەکرێت بایکۆتی دانیشتن و دیالۆگ لەسەر دەستوور بکرێت؟ بێگومان دەستوور پەیوەندی بەهەر حزب و گروپ و هاوولاتیەکەوە هەیە، ناکرێت بایکۆتی دیالۆگ و وتوویژ لەسەر دەستوور بکرێت، بەڵێ دەکرێت لەسەر مەسەلەیەکی سیاسی حزبێکی سیاسی هەڵوێست وەربگرێت، بەڵام لەسەر دەستوور، ئەمە هەڵوێستێکە کە لە فەرهەنگی سیاسیدا جێگەی نابێتەوە، دەبێت لەدەرەوەی فەرهەنگی سیاسی بگەڕێین تا ناوێکی بۆ بدۆزینەوە، بۆیە پێش دانیشتنی لایەنە سیاسیەکان لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، ئێمە وەك پارتی پێشبینی ئەوەمان دەکرد ئەوان بڕیاری پێشوەختەیان هەبێت بۆ ئەوەی هەموو پرۆسەیەکی سیاسی لەم ولاتە پەك بخەن، بەڵام خۆیان دەریان خست کە ئەمە ئامانجیانە، ئەمەش لەپێناوی ئەوەیە ئەم پەکخستنە وەك کارتێکی هەڵبژاردن بەکاربهێنن، بەتایبەتی دوای ئەوەی هەموو لێکۆڵینەوە و بۆچوونەکان ئەو راستیانەیان دەرخستووە، کە بزووتنەوەی گۆڕان ئەو هێزە نییە کە لەساڵی ٢٠٠٩ ئەو ژمارە کورسییەی بەدەست هێنا، لەمەش راشکاوانەتر هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە پارێزگای دیالە تا پارێزگای سەلاحەدین و نەینەوا، ئەو راستیانەیان خستەڕوو کە بزووتنەوەی گۆڕان جێگەی متمانەی خەڵك نییە و خەڵکی ئەو ناوچانە دەنگ بە گۆڕان نادەن، هەر بۆ نموونە بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی یەك دوو رۆژی رابردووی پارێزگای نەینەوا، لە شاری مەخمور تەنیا ١١٦ دەنگی هێناوە، لەکۆی نزیکەی ١٢ کورسی لەو پارێزگایە پێشبینی ناکرێت گۆڕان هیچ کورسییەك بەدەست بهێنێت، بۆیە ئەگەر لەم واقیعەوە سەیری قسەکانی نەوشیروان مستەفا بکەین کە لەسەر ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم دەیکات، ئەوا خەڵکی ئەو ناوچانە زۆر بەراشکاوی وەڵامیان دایەوە بەوەی متمانەیان بەگۆڕان نییە و گۆڕان و نەوشیروان مستەفا بە داکۆکیکاری ئەو ناوچانە نازانن و متمانەیان بە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانی هاوپەیمانە بۆ ئەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانە یەکلایی بکاتەوە و ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، بۆیە هەوڵدان بۆ بوختان و چەواشەکردنی مێژوو سەبارەت بەو ناوچە دابڕاوانە کارێکە دوورە لە ئاکاری سیاسیی کەسێك کە خۆی بە سیاسەتمەدار بزانێت، هەروەها بوختان دروستکردن بۆ سەرۆك مام جەلال کە ئێستا نەخۆشە و لەدەرەوەی ولاتە کە ئێمە ئومێد دەخوازین زۆر بەزوویی و بە سەلامەتی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، دیسان کارێکە جۆرێك لە هیستریای سیاسیی پێوە دیارە و کەسێك ئەو جۆرە قسانە دەکات کە کێشە ناوخۆییەکانی حزبەکەی و پێگەی حزبەکەی لەناو جەماوەردا گەیشتبێتە ئەو ئاستەی نەتوانێت کۆنترۆلی خۆی بکات و شپرزە بێت.

لەوانەیە ئەم بارودۆخە شلۆقەی ئێستای گۆڕان و نەوشیروان مستەفا لەلای خەڵکانی ئاسایی بەو راشکاوییە بەرچاو نەبن، بەڵام ئێستا لەناو زۆربەی خەڵکانی دەستەبژێری رۆشنبیری و سیاسیی ئەو بۆچوونە خەریکە دروست دەبێت کە هەست دەکەن ئەو جۆرە سیاسەتەی گۆڕان و نەوشیروان مستەفا پیادەی دەکەن مەترسییە بۆ سەر دۆزی کورد بەگشتی و ژینگەی دیموکراتی هەرێمی کوردستان، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە سیاسەتی رەتکردنەوە و یەکتری قبوڵ نەکردن و پەنابردن بۆ بوختانی سیاسی، لەکاتێکدا بەرەو هەڵبژاردن هەنگاو هەڵدەگرین مەترسی راستەقینە لەسەر پرۆسە دیموکراتیەکە دروست دەکات.

بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسییە، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەبەردەم بەرپرسیاریەتییەکی مێژوویی گەورەدان بۆ ئەوەی بەهەر نرخێك ئەم ئەزموونە دیموکراتییە بپارێزن، ئەمەش بەوە دێتە دی کە پێویستە هەموو فاکتەرەکان لەبەردەستی پارتی و یەکێتی بن وەك دوو لایەنی هاوپەیمان بۆ ئەوەی رێگە نەدەن ئەو ژینگە ئاڵۆزە بێتە ئاراوە کە سیاسەتی دوژمنکارانە مەترسی لەسەر ئەم بارودۆخە دروست بکات، بۆ ئەمەش دەبێت هەموو هەوڵی پارتی و یەکێتی بۆ ئەوەبێت، سندوقەکانی دەنگدان وەڵامی ئەم سیاسەتە هیستریایەی بداتەوە، هەروەك چۆن هاوولاتیانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم وەڵامیان دایەوە و لە پرۆسەیەکی دیموکراتیدا پێیان گوت ئێوە نوێنەری ئێمە نین و متمانەمان پێتان نییە. بۆ ئێستاش کە بەرەو هەڵبژاردنەکانی ئایندە هەنگاو هەڵدەگرین، گرنگە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بەوجۆرە هانی جەماوەر و لایەنگیرانی خۆیان بدەن، بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتوو و بەرێگەی سندوقی دەنگدان جارێکی دیکە وەڵامی ئەوانە بدەنەوە کە مەترسین لەسەر پرۆسە دیموکراتییەکەمان.

*** وتەبێژی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان**





# دژایەتیکردنی هونەری پێکەوە ژیان لە کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەویدی جیاوازە.. دوژمن نییە

گەورەترین کێشە و ئاســـتەنگی قۆناخی رۆشنگەری لە ئەورووپای دوای سەدەکانی ناوەڕاست، پابەندبوونی ئەو کەســـانە بوو بە کەلتوری سەدەکانی ناوەڕاستەوە و نەیاندەتوانی لەگەڵ قۆناخی رۆشـــنگەری بگونجێن، نەیاندەتوانی خۆیان لەو کۆت و بەندە کەلتورییە رزگار بکەن کە ئەورووپای لەســـەدەکانی ناوەڕاستدا کردبووە تاریکســـتان، تاریکســـتانی ئەقڵ، خۆبەســـتنەوە بە کەلتورێکەوە کە بێجگە لە خوێنڕێژی شتێکی دیکەی بەرهەم نەدەهێنا، ئەم دیاردەیە زۆر بە ئەقڵانی لەلایەن فەیلەسوفی گەورەی شۆڕشی فەرەنسی ڤۆڵتێر رەگ و ریشـــەی ئەو پەتایە دەستنیشـــانکراوە و گۆڕینی کەلتوری رەتکردنەوە و ناسینی بەرامبەری بە دوژمن ریســـوا کردووە، ئەمەشـــی راشـــکاوانە لە نووسینە بەرزەکەی (نامەیەك بـــۆ لێبوردەیی) ئاماژ پێکردووە و تیایـــدا دەڵێت: (من ئامادەم لەپێناوی ئەوەی کە تۆ بە ئازادی قســـە بکەی بمرم، لەگەڵ ئەوەی تەواویش لەگەڵت جیاوازم)، ئەم چەند قســـەیە ئەوەمان پێدەڵێت کە لەســـەردەمی پێش شۆڕشـــی فەرەنسا، ئەوی دی وەك دوژمن ســـەیر کراوە نەك جیاواز، بۆیە ڤۆڵتێر داوا دەکات ئەو جیاوازیانە بپارێزین و ئامادەشـــە بۆ ئەوەی ئـــەو جیاوازیانە بە ئازادی بخرێنە روو کە ئەو گیانی خۆی لەپێناودا بەخت بکات، بەهەمان شێوە بیرمەندی گەورەی ئینگلیزی جۆن لـــۆك هەمان پەتای ئەقڵی توندڕەویی هۆکاری ســـەرەکی ئاژاوەی کۆمەڵگەیە، لۆك راشـــکاوانەتر لە ڤۆڵتێر ئەویش لە نووســـینێکدا بەهەمان ناونیشـــانی ڤۆڵتێر (نامەیەك بۆ لێبوردەیی) و داوا لە پیاوانی کەنیسە دەکات حەزرەتی مەسیحیش لەگەڵ خۆتان ناشـــرین مەکەن و بەناوی مەســـیحەوە خەڵك مەکوژن، لەبەر ئەوەی حەزرەتی مەســـیح خۆی فێری لێبوردەییمان دەکات نەك ناســـینی بەرامبەر بە دوژمن و دابەشـــکردنی کۆمەڵگە بۆ کافر و باوەڕدار، جۆن لۆك ئـــەم نامەیەی بە ئینگلیزی نەنووســـیوە، بەڵکو بە زمانی لاتینی نووســـیویەتی، لەبەر ئەوەی کێشەی نەبوونی لێبوردەیی و سەیرکردنی ئەوی دی بە دوژمن و کافر، تەنیا کێشەی ئینگلتەرا نەبووە، بەڵکو کێشەی هەموو ئەورووپای سەردەمی رۆشنگەری بووە، ئەوجا لەبەر ئەوەی هەموو قەشـــەکانی ئەورووپا زمانی لاتینیان زانیووە، بۆیە بەو زمانەی کە ئەوان تێیدەگەن بۆی نووســـیون، ئەگەر مەســـیحیەت ئەو پەیامە بێت کە حەزرەتی مەســـیح پێمان دەڵێت، ئەوا من لە هەموو کەســـێك مەسیحی ترم. لەبەر ئەوەی حەزرەتی مەسیح

((ئـەوەی بۆتە جێگەی سەرسامیم ئـــەوەیـــە، هـــونـــەر بـــۆتـــە شتێک کـــە پـــەیـــوەنـــدی بـــەشـــتـــەکـــانـــەوە هـــەیـــە نـــەک بە تـاکـەکـان و ژیـان. ئایا ناکرێت ژیانی هــەر تاکێک وەک شاکارێکی هونەری سـەیـر بـکـرێـت؟ بۆ دەبێت گلۆپێک یان مـاڵـێـک ببنە دوو بـابـەتـی هـونـەر، بەڵام ژیانی خۆمان نەبێتە بابەتێک بۆ هونەر؟))



میشێل فۆکۆ

فێرمان دەکات لەگەڵ دوژمنەکانیشمان لێبوردەبین، نەك پێڕەوانی یەك ئایین کە ئەویش مەسیحیەتە. بەڵام ئەگەر مەسیحیەت ئەو پەیامە بێت کە کەنیسە خەڵك هاندەدات بۆ یەکتری کوشتن ئەوا جۆن لۆك دەڵێت من دژی ئەو پەیامەم، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم پەتایەی کە ئایدۆلۆژیەتی هەندێك گرووپ و لایەن ئەوی دی (الاخر) بە دوژمن سەیر دەکات، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسا و دووجار شکستهێنانی فیکری تۆتالیتاری نازیزم و شیوعیەت کۆتایی هاتووە؟ بێگومان مێژووی جیهان پێمان دەڵێت نەخێر کۆتایی نەهاتووە، ئەو کەسانەی پاشخانی فیکریان لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیەتی شمولی بینا کراوە، ناتوانن فێری هونەری لێبوردەیی بن، کە دەبێتە هونەری پێکەوە ژیان، ئەو جۆرە خەڵکانەی کە پاشخانێکی فیکری شمولیان هەیە بیردەکەنەوە بەڵام وەك جیل دۆلۆز لە کتێبی (جیاوازییەکان و دووبارەبوونەوە) ئاماژەی پێکردووە، (تەنیا بیرکردنەوە پێویست نییە، بەڵکو پێویستی ئەوەیە چۆن دەگەینە فیکرێك کە پێویستمان پێیەتی)، دۆلۆز لەو کتێبەیدا کە لە هەمانکاتدا تێزی نامەی دکتۆراکەشیەتی، جیاوازییەکانی ناو کۆمەڵگە، جیاوازی نێوان بیروبۆچوونەکان وەك جیاوازی نێوان دۆستان پێناسە دەکات، بۆیە داوا دەکات پێویستە لەنێوان دۆستە ڕاستەقینەکان و دۆستە تەزویرەکان جیاوازی بکەین، کەواتە دۆلۆز پێمان دەڵێت ئەوانەی جیاوازن و خۆیان بە دۆستی ڕاستەقینەی یەکتری دەزانن لەکۆمەڵگە دەبێت لەو گرووپ و لایەنانە جیابکرێنەوە کە تەنیا بە ڕواڵەت خۆیان بە دۆست دەزانن و ڕەفتاری دوژمنکارانە بەرامبەر ئەوی دی دەکەن و کۆمەڵگە دابەش دەکەن، بۆیە لەم ڕاستەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێناسەی فیکر و بیرکردنەوە لای دۆلۆز، تەنیا ئەو فیکر و بیرکردنەوانە لە خانەی فیکر حساب دەکرێت، کە ئامانجی داهێنانە بۆ شێوازی تازەی ژیان، کەسی بیرمەند ئەو کەسەیە کە لە ناو بۆچوونە جیاوازەکاندا چەمکی تازە دادەهێنێت بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگە پێی ئاسوودە بێت نەك کۆمەڵگەی پێ وێران بکات. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا بیرکردنەوە بونیادنانی تازەیە واتە ڕێگەیەکی تازە بۆ بیرکردنەوە، ئەم ڕێگە تازەیە چۆن بۆ بیرکردنەوە دروست دەبێت، ئەوا دەبێت وەك ڤۆڵتێر پێمان دەڵێت لەپێناوی خستنەڕووی جیاوازییەکانی ئەوی دی گیانی خۆمان بەخت بکەین، وەك جۆن لۆکیش پێمان دەڵێت بگەڕێینەوە بۆ پەیامی کوردایەتی و هەروەها پەیامی پیرۆزی ئایینی ئیسلام، بەوەی ئایا کوردایەتی فێری کردوین یەکتری ڕەتبکەینەوە و یەکتری وەك دوژمن سەیر بکەین، یان ئەحمەدی خانی ئەویش هاوشانی ڤۆڵتێر و لۆك داوا لە گەلەکەی خۆی دەکات، هەموو یەکریز بن و هەموو یەکتری بەدۆست بزانن، ئەمەش تەنیا ڕێگەیە بۆ ئەوەی بگەینە سەرفرازی، یان وەك پەیامی پیرۆزی ئیسلام پێمان دەڵێت ((هاوکاری یەکتری بن بۆ خێر و چاکە نەك گوناه و دوژمنایەتی)) ئەم پەیامە بەرز و پیرۆزە مانای ئەوەیە کە پەروەردگار دژی دابەشکردنی کۆمەڵگەیە لەنێوان باوەڕدارانی ئاینی ئیسلام بۆ دۆست و دوژمن، ئەمە فێرمان دەکات کارێکی شیاو نییە موسڵمانێك بە چاوی دوژمن سەیری موسڵمانێکی دیکە بکات، بۆیە ئەم نووسینە ئامانجی ئەوە نییە بەو جۆرە بەرامبەر ئەو بیروبۆچوونە مامەڵە بکات، وەك ئەوەی لایەنگر و هەوادارانی ئەو لایانە سەیری بەرامبەری پێدەکەن و ئەوی دی بێجگە لە دوژمن بەشتێکی دیکە پێناسە ناکەن، بەڵکو هەوڵدانە بۆ گەڕانەوە بۆ مێژوو، ئەمەش نەك بەو مانایەی خۆمان بە ڕابردوو گرێبدەینەوە، بەڵکو بەو مانایەی بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو ئەو شەڕارەیە دروست بێت کە ئایندەمانی پێ ڕووناك بکەینەوە، بۆیە ئەو جۆرە بیرکردنەوانە چەند بەردەوام بن لەسەر سەیرکردنی بەرامبەر یان ئەوی دی بەدوژمن، ئەم دیڕانە کاردانەوەی هاوشێوەی ئەوان بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەحمەدی خانی کە داوامان لێدەکات یەکریز و یەکگرتوو بین، ئایینی پیرۆزی ئیسلام داوامان لێدەکات یەکگرتوو بین، بۆیە پرسیار ئەوەیە دابەشکردن و تەفرەقە و دوژمنایەتی لەپێناوی چیدا و ئایا نموونەیەك هەیە لە هەموو جیهاندا بەم ئاراستەی بیرکردنەوەیە سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت؟ ئایا پیادەکردنی سیاسەت لەسەر گریمانەی سەرکوتکردن، لەسەر ناشرینکردنی بەرامبەر بەرەو کوێمان دەبات؟ بۆیە وەڵامی ئەم پرسیارانە بەرەو ئەوەمان دەبات چەمکێکی تازە بۆ جیاوازییەکانمان پێناسە بکەینەوە، لەم پێناسەیەدا جیاوازیی ڕەتکردنەوە و دژایەتی کردن نییە، بەڵکو جیاوازیی، بەرهەمهێنانی بیرکردنەوەی جیاوازە بۆ مانا و بەهاکانی ژیان. بۆیە جیاوازی دەبێتە ئیرادەی ڕاستەقینەی هەموو لایەنە جیاوازەکان بۆ گەڕان بەدوای هەقیقەتدا، بەڵام کام هەقیقەت؟ بێگومان ئەو هەقیقەتەی کە بەرهەمی کۆی جیاوازییەکانە، مانا جیاواز و بەها جیاوازەکانی

**مێژووی جیهان پێمان دەڵێت پەتایی ئایدۆلۆژیەتی هەندێك گرووپ و لایەن کە ئەوی دی (الاخر) بە دوژمن سەیر دەکات کۆتایی نەهاتووە، ئەو کەسانەی پاشخانی فیکریان لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیەتی شمولی بینا کراوە، ناتوانن فێری هونەری لێبوردەیی بن**

**کەسی بیرمەند ئەو کەسەیە کە لە ناو بۆچوونە جیاوازەکاندا چەمکی تازە دادەهێنێت بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگە پێی ئاسوودە بێت نەك کۆمەڵگەی پێ وێران بکات**

ژیانــە، بۆیە ئەگەر لایەك بە تەنیا بانگێشــتی ئەوە بکات کە خۆی خاوەنی هەقیقەتە ئەوا خاوەنی هەموو شــتێك بێت خاوەنی هەقیقەت نییە، ئەو خەڵکانەی کە پێیانوایە تەنیا خۆیان راستن و بەرامبەر هەڵەن، ئەوانەی پێیانوایە تەنیا خۆیان باوەڕدارن و بەرامبەر کافرە، ئەوا ئەو خەڵکانەن هێشــتا لەپێش ســەردەمی دۆزینەوەی تیۆری ڕێژەی ئینیشــتاین دەژین، ئەو خاڵەکانەی کە پێیانوایە بیرکردنەوە کۆتایی هاتووە، هێشتا لەو راستیە حاڵی نەبوون کە فیکر و بیرکردنەوە لەدوای دۆزینەوەی تێوری ڕێژەییەوە دەست پێدەکات، ئەو بیرکردنەوەی کە چەمکە جیاوازەکان پێکەوە ئاشت دەکاتەوە، هەموو مانا جیــاوازەکان چەمکەکان پێکــەوە گرێدەداتەوەو مانا و بەهای چەمکەکان پێکەوە پیشاندەداتەوە.

**جیاوازیی . ڕەتکردنەوە و دژایەتی کردن نییە، بەڵکو جیاوازیی، بەرهەمهێنانی بیرکردنەوەی جیاوازە بۆ مانا و بەهاکانی ژیان**

### چەمکی ئۆپۆزسیۆنبوون لە کۆمەڵگەی دیموکراتی و مانا و دەلالەتەکانی

جوانی سیســتمی دیموکراتی ڕەنگدانەوەی فرە حزبی کۆمەڵگەیە، هونەری سیســتمی دیموکراتیش ئەوەیە چۆن بیروبۆچوونە جیاوازەکان بۆ پاراســتنی سیستمە دیموکراتیەکە پێکەوە کاردەکەن، کەواتە دۆســتایەتی نێوان حزبەکانی فەرمانڕەوا و حزبەکانی ئۆپۆزســیۆن لەو خاڵەوە دەســت پێدەکات، کە هەردوولا پەرۆشــی پاراســتنی سیســتمە دیموکراتیەکــەن، هــەر بۆیە کاتێك گەل متمانە بەحزبــی زۆرینە یان هاوپەیمانی زۆرینە دەبەخشــێت، لەســەر بنەمای بەرنامەی ئەو حزبــە یان ئەو هاوپەیمانییە کە بەڵێنی داوە سیســتمە دیموکراتیەکــە بپارێزێت و کۆمەڵگەش بەرەو پێشــەوە ببــات، لەم حاڵەتەدا ئۆپۆزســیۆن کە ئەویش خاوەنی هەمان بەرنامەی پاراســتنی سیستمە دیموکراتیەکە و پێشــکەوتنی کۆمەڵگەیە، مافی خۆیەتی چاودێری حزبەکانــی فەرمانڕەوا بــکات بۆ ئــەوەی لەکاتی حکومڕانیدا ئاییندەی سیســتمە دیموکراتیەکە نەخاتە مەترسیەوە، هەر بۆیە کە ئامانجی حزب یان هاوپەیمانی فەرمانڕاوە پاراستنی سیستمە دیموکراتیەکە بێت، ئەوا ئۆپۆزســیۆن کە حزبی فەرەمانڕاوە ئاگادار دەکاتەوە، مانــای ئەوەیە ئۆپۆزســیۆن کارێکی دۆســتانە بۆ بەرژەوەندی پاراســتنی سیستمە دیموکراتیەکە لەگەڵ حــزب یان هاوپەیمانــی حکومــڕان دەکات، بۆیە لە کۆمەڵگەی دیموکراتی پێگەیشتوو (نەك تازە دامەزراو) هێندەی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن پابەندن بە میکانیزم و بەهاکانی سیســتمە دیموکراتیەکەوە، هێندە حزبەکانی فەرمانــڕەوا لەبەر چەندین هــۆکار کە لە چۆنییەتی پیادەکردنــی بەرنامەکانیان ڕووبــەڕووی دەبنەوە، وەك حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن پابەند نین یان ناچار دەبن پابەند نەبن، بۆیە لەم جــۆرە حاڵەتەدا حزب یان هاوپەیمانی فەرمانڕەوا زۆرجار خۆی لە دیالۆگ یان دانوستاندن و کۆمپرۆمایز لە بەرامبەر ئۆپۆزســیۆن دەشارێتەوە و نایەوێت ئەو بارە دروســت بێت، بۆیە ئۆپۆزسیۆن ئەمە دەکاتە کارتێکی فشــار و دەســەڵات ناچار دەکات بۆ ئەوەی دیالۆگی لەگەڵ بکات و لەســەر ئەوپرسانەی کە پەیوەستن بە هەردوولاوە ســازش یان کۆمپرۆمایز بکــەن و هەوڵدەدات ژینگــەی دیموکراتــی بێنێتە جێگەی خۆی هەتا ئەگەر حزبی دەسەڵات هەوڵبدات ئەو ژینگەیە بگۆڕێت، لــە دیموکراتیزە تازەکاندا (ئەو پرۆســانەی لە قۆناخی دەسپێکی دیموکراتین) دیسان حزبەکانی ئۆپۆزســیۆن زیاتر پابەنــدن بە دیموکراتی و هەوڵدانیــان بــۆ دیالۆگ، ئەمەش لەبــەر ئەوەیە ئۆپۆزسیۆن پێویستی بەوە هەیە کە بەرێگەی دیالۆگ و کۆمپرۆمایز کێشــەکان چارەســەر بکات، بۆیە لەم ژینگە دیموکراتیەدا ئەو قســەیە زۆر راستە کە دەڵێن (ئۆپۆزسیۆن ئۆکســجینی دیموکراتیە)، بەڵام گرفت لەو حاڵەتە دروســت دەبێت کە حزبە سیاســییەکان چ لە دەســەڵات بن یان ئۆپۆزســیۆن، دیموکراتی نەبن، لەم حاڵەتــە بوونی ئەم جۆرە حزبانە ئاییندەی ئازادی دەخەنە مەترسیەوە. پرۆســەی دیموکراتیەکە نەخۆش دەکات، کە پرۆســەکەش نەخۆش کەوت، ئەوا ناتوانێت بەو ئاســتە هەڵبســوڕێت کە تاکەکانی کۆمەڵگەی چاوەڕێی دەکەن.

**ئەگەر لایەک بە تەنیا بانگێشتی ئەوە بکات کە خۆی خاوەنی هەقیقەتە ئەوا خاوەنی هەموو شتێک بێت خاوەنی هەقیقەت نییە، ئەو خەڵکانەی کە پێیانوایە تەنیا خۆیان راستن و بەرامبەر هەڵەن، ئەوانەی پێیانوایە تەنیا خۆیان باوەڕدارن و بەرامبەر کافرە، ئەوا ئەو خەڵکانەن هێشتا لە پێش سەردەمی دۆزینەوەی تیۆری ڕێژەی ئینیشتاین دەژین**

### سیستمی دیموکراتی نەخۆش

کاتێك سیســتمی دیموکراتی وەك سیستمێکی نەخۆش پێناسە دەکرێت، کە بنەماکانی لیبرالیزم یان یاساکانی گەمەی دیموکراتی بۆ مەبەستی جیاواز لە پاراستنی سیســتمە دیموکراتیەکە بەکاربهێنرێت، فەرید زەکەریا بیرمەنــدی ئەمریکی بە ڕەگەز هیندســتانی ئەمەی ناو لێناوە گۆڕینی (لیبــرال دیموکراتی بۆ ئیللیبرال دیموکراتی)، ئەوەی ئەم حاڵەتە دروست دەکات نەبوونی هەڵبژاردن یان ڕەتکردنەوەی ئاکامی سندوقی دەنگدان نییــە، نەخێر لــە زۆر وڵاتدا هەڵبژاردن بە ئاســتی ســتاندەری جیهانی بەڕێوە دەچێت، بەڵام ســندوقی دەنگدان لەبری ئــەوەی جیاوازییــەکان کۆبکاتەوە و فرەڕەنگی کۆمەڵگە دروست بکات و ئەم فرەڕەنگیەش پێناسەی ئازادی بکات، بەپێچەوانەوە سندوقی دەنگدان فــرەدژی بەرهەم دەهێنێت و ئەم فرەدژییەش ئاییندەی

ئازادی دەخاتە مەترسییەوە، ئەم حاڵەتە کە لەدوای شەپۆلی سێهەمی دیموکراتی وەك سەرکەوتنی لیبرالیزم بەسەر تۆتالیتاریەت هاتۆتە ئاراوە، نەك جیهانی دوای رووخانی دیواری بەرلینی نەکردە کۆمەڵگەی ئازاد دیموکراتی، بەڵکو دیموکراتیەتی بەبێ بنەمای لیبرالیزم کردە سەرچاوەیەکی دیکەی بەرهەمهێنانی تۆتالیتاریەت، ئەم حاڵەتە لەوانەیە تارادەیەك لە ناوەڕاستی ئەورووپا بە حکومی ئەوەی ئەو دەوڵەتانە ژێرخانێکی لیبرالیان هەبوو راست نەبێت، بەڵام بۆ دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئەورووپا و دەوڵەتانی پێشووی یەکێتی سۆڤیەت و تەنانەت بەشی زۆری دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی راستە و، بۆتە هۆکاری ئەوەی کە تۆژەرانی بواری دیموکراتی سەرسام بکات، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە حزبە تۆتالیتار و شمولیەکان کە دێنە ناو پرۆسەی دیموکراتیەوە، بۆ ئەوە نایەن بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بەسەر ئایدۆلۆژیەتی تۆتالیتاری خۆیان بێنن و ببنە خاوەنی بیروبۆچوونێکی کراوە، بەپێچەوانەوە ئەوان دێن میکانیزمەکانی دیموکراتی بەکاردەهێنن بۆ شەرعیەت پێدانی فیکری تۆتالیتاری خۆیان، زەکەریا لە کتێبی (ئاییندەی ئازادی) هۆکاری بەکارهێنانی میکانیزمی دیموکراتی لەلایەن ئەو جۆرە حزبانەوە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی لەو وڵاتانە دەستوورێکی مەدەنی بوونی نییە کە بنەماکانی لیبرالیزمی رێکخستبێت، بۆیە لەحاڵەتی نەبوونی ئەم دەستوورە دیموکراتی بەرێگەی سندوقی دەنگدان بوونی دەبێت، بەڵام دیموکراتی لیبرالی بەرهەم نایەت، فەرید زەکەریا چەسپاندنی بنەماکانی لیبرالی بە پیادەکردنی پرۆسەی دیموکراتی بە گرنگتر دەزانێت، بۆیە ستایشی سیتمی حکومرانی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا دەکات وەك (سەنگافورا، کۆریای باشور، ژاپۆن، تایوان، تارادەیەك مالیزیاش) لەبەر ئەوەی لەو وڵاتانە راستە دیموکراتی کەموکورتی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی بنەماکانی لیبرالیزم چەسپاون، ئەوا ئێستا هەر یەك لەو دەوڵەتانە بە هاوشانی دەوڵەتانی لیبرال دیموکراتی رۆژئاوا وەك دەوڵەتانی جیهانی یەکەم لەقەڵەم دەدرێن نەك دەوڵەتانی جیهانی سێهەم، بەڵام پاکستان لەگەڵ ئەوەی ئەندامە لەدەوڵەتانی کۆمۆنویلس و زیاتر لە ٥٠ ساڵە هەڵبژاردنی تێدا دەکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی هێشتا نەتوانراوە بنەماکانی لیبرالیزم بچەسپێنرێت، بۆیە هەتا ئێستاش لەناو دەوڵەتانی جیهانی سێهەمدا لە ریزی زۆر دواوە پۆلین دەکرێت، لێرەدا دەکرێت ئەو پرسیارە بکەین، ئایا مەبەست لە بنەماکانی لیبرالیزم ئەو مافانەیە کە سیستمی لیبرالی لەکۆمەڵگە دابینی دەکات، یان مەبەست لە چۆنییەتی هەڵسوڕاندنی سیاسەتە کە ئەو مافانە بۆ کۆمەڵگە دەستەبەر دەکات؟ بێگومان ئەم دێڕانە مەبەستی چۆنییەتی هەڵسوڕاندنی سیاسەتە کە ئەو مافانە بەرهەمدەهێنێت، نەك چۆنیەتی داڕشتنی ئەو مافانە، بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی کە ئەندامن لە پەرلەمانەکانی دەوڵەتانی کۆمونویلس، هەموویان بەشێوەی تیۆری هاوڕا و هاودەنگ لەسەر ئەو مافانەی کە سیستمی لیبرالی دیاریکردون، بەڵام لەبەر ئەوەی چەسپاندنی ئەم مافانە پێویستی بە شێوازی رەفتار و پیادەکردنی ئەو حزبانەوە هەیە کە لە کۆمەڵگە بوونیان هەیە، ئەوا وەك دەبینین لەو دەوڵەتانە وەك لایەنی تیۆری پابەندبوون بە لیبرالیزم هەیە، بەڵام لەباری کردەیی لەبەر ئەوەی حزبە سیاسیەکان نەیانتوانیوە ببنە هاوبەش و شەریك لە پرۆسە سیاسیەکەدا و حزبەکان خۆیان لەناو خۆیاندا دابەش بوون و یەکتری وەك دوژمن سەیر دەکەن، ئەوا ئەم دیاردەیە رەنگدانەوەی لەسەر کۆمەڵگە دروستکردووە و کۆمەڵگەی دابەشکردووە و هەر لایەك ئەوی دی وەك دوژمن سەیر دەکات، سەرەنجامیش نەك ئازادی لەوڵاتدا بەدینەهێنراوە، بەڵکو ئازادی ئێستا و ئاییندە کەوتۆتە مەترسییەوە، کەواتە ئەم موناقەشەیە لەسەر ئەوە نییە کام رەفتار دیموکراتیە و کامیان نادیموکراتیە، بەڵکو کرۆکی ئەم باسە لەسەر ئەوەیە چۆن دیموکراتی بەمانای لیبرال دیموکراتی بەرهەم دێت، لەم چوارچێوەیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی سیاسی بەریتانیا، دەبینین تۆماس هۆبز بۆ رزگارکردنی ئینگلتەرا لە ئاسەواری شەڕی ناوخۆ و گێڕانەوەی کۆمەڵگەی ئینگلیزی بۆ باری سروشتی خۆی، تیۆری لیڤاسانی بۆ دەوڵەت داڕشت، بۆ ئەوەی وەك خۆی لە کتێبی لیڤاسان ئاماژەی پێکردووە، ئاژاوە بگۆڕێت بۆ سەقامگیر و بێ نیزامی بگۆڕێت بۆ نیزامێکی تۆکمە و سەرلەنوێ ژیان دەست پێبکاتەوە، هۆبز بۆ ئەم تیۆرە گەڕاوەتەوە بۆ یاسای رۆمانییەکان، ئەو ئیمپراتۆریەتەی کە فەرید زەکەریا بەو جۆرە پێناسەی دەکات لەگەڵ جووڵاندنی قوستەنتین لە رۆماوە بەرەو ئەستەنبوڵ هەموو شتێك گۆڕا، یاسای کەنیسە کۆتایی هات و یاسای دانراوی مرۆڤ داڕێژرا و کاری پێکرا، لەوانەیە یاسای رۆمانی جێگەی کۆمەڵێك رەخنەی بەجێ بن، هەروەها لەوانەیە

**لە کۆمەڵگەی دیموکراتی پێگەیشتوو(نەک تازە دامەزراو) هێندەی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن پابەندن بە میکانیزم و بەهاکانی سیستمە دیموکراتیەکەوە، هێندە حزبەکانی فەرمانڕەوا لەبەر چەندین هۆکار کە لە چۆنییەتی پیادەکردنی بەرنامەکانیان رووبەڕووی دەبنەوە، وەک حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن پابەند نین یان ناچار دەبن پابەند نەبن**

**حزبە تۆتالیتار و شمولیەکان کە دێنە ناو پرۆسەی دیموکراتیەوە، بۆ ئەوە نایەن بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بەسەر ئایدۆلۆژیەتی تۆتالیتاری خۆیان بێنن و ببنە خاوەنی بیروبۆچوونێکی کراوە، بە پێچەوانەوە ئەوان دێن میکانیزمەکانی دیموکراتی بەکاردەهێنن بۆ شەرعیەت پێدانی فیکری تۆتالیتاری خۆیان**



بــە پێودانگی ئەمرۆی دیموکراتی کتێبی لیڤاســان دیســان جێگەی ڕەخنەی زۆر گــەورە بن و تەنانەت ئینگلیزەکانیش کە کتێبی لیڤاســان وەك توحفەیەکی دەگمەنی مێژووی سیاسیی بەریتانیا سەیر بکەن، ئێستا نەتوانن هەمان تیۆری لیڤاسان پیادە بکەن یان لەگەڵ واقیعی ئێستای کۆمەڵگەی بەریتانی نەگونجێت، بەڵام هەموو ئینگلیزێك بە تایبەتی و مرۆڤایەتی بەگشتی بەڕێزەوە ســەیری لیڤاسان دەکەن، لەبەر ئەوەی بەردی بناخەی یەکەم سیستمی لیبرالی لە جیهاندا دانا، پێش شۆڕشی فەرەنسا بە چەند سەدەیەك، ئەم باکگراوەندە بۆ مێژووی لیبرالیزم لەگەڵ ئەوەی هەندێك درێژدادڕی پێوە دیارە بەڵام پێویســت بوو بــۆ ئەوەی بزانین چۆن ڕێگە لەوە دەگرین دیموکراتی نەخۆش بکەوێت، ئەمە دروست وەك ئەوە وایە چۆن پێویستە منداڵ ڤاکسینی لێبدرێت بۆ ئەوەی لە نەخۆشی دوور بکەوێتەوە، بۆیە ئەمە پێمان دەڵێت لیبرالیزم ڤاکسینی دیموکراتیە، هەر ئەمەش پێمان دەڵێت ئەو حزب و گرووپە سیاســیانەی بڕوایان بەلیبرالیزم نییە، ئەوا کە بەشــداری پرۆسەی دیموکراتــی دەکەن، لەبری ئــەوەی دیموکراتی بونیاد بنێن دیموکراتی نەخۆش دەخەن.

## هەرێمی کوردستان و پەیوەندی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن

ئایا دەکرێت بڵێین دیموکراتی لەهەرێمی کوردستانیش نەخۆشــە؟ ئایا دەتوانین بزانین هۆکاری ئەم نەخۆشیە چییە؟ ئایا چۆن ئەم نەخۆشــیە چارەســەر بکەین و ڤاکســینێك بەدەســت بخەین بۆ ئەوەی تووشــی ئەم نەخۆشیە نەبینەوە؟ ئەم پرسیارانە ئەگەر بە ڕاشکاوی قسەی لەسەر بکەین، بێگومان دیارە باری دیموکراتی لەکوردســتان بارێکی تەندروســت نییە، ڕاستە بەرەو نەخۆشــی هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام هێشــتا بواری ئەوە ماوە ئەم نەخۆشــیە چارەســەر بکرێت و تەنانەت ڕێگەچارەیەکیــش بگیرێتەبــەر بۆ ئەوەی تووشــی ئەم نەخۆشــیە نەبێتەوە، ســەبارەت بەم لایەنە ئەگەر پرســیارێکی دیکە بوروژێنین، ئایا پێشــتر پرۆسەی دیموکراتــی لەکوردســتان نەخۆش کەوتــووە؟ چۆن هۆکارەکانی دەستنیشان کراو چۆن هەوڵدرا چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە؟ وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارەی دوایی دەرگایــەك دەکاتەوە بۆ ئەوەی وەڵامی پرســیارەکانی دیکەش بدەینەوە، بۆیە لەم ڕاســتەوە لەو خاڵەوە دەست پێدەکەین کە کێشــە و ناکۆکی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشــتمانی کوردستان پرۆسەی

**ڕێککەوتنی ستراتیژی بووە هۆکاری ئەوەی کە کوردستان بکەوێتە سەر نەخشەی جیهانی وزە، ئەم هەنگاوە لەگەڵ ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان پێی خۆش بوو ئەسڵەن کورد ئەو دەسەڵاتەی نەبێت ئیدارەی سەرچاوە سروشتیەکانی خۆی بکات، بەڵام ئەوەی ئێستا گوێمان لێدەبێت ئەوەیە کوردستان لەیەک دوو مانگی داهاتوو ڕاستەوخۆ بە ڕێگەی بۆری نەوتی خۆی نەوت هەناردەی دەرەوە دەکات**

دیموكراتی لەكوردستان بە ئاستێك نەخۆش خست، كە دەكرێت بڵێین لەلێواری مردن نزیكی كردەوە، بەڵام حیكمەتی سەرۆك بارزانی و سەرۆك تاڵەبانی و تێگەیشتنی سەركردایەتی هەردوولا بۆ رزگاركردنی پرۆسە دیموكراتیەكە لە مردن و چاكبوونەوەی نەخۆشیەكەی، گەیشتە ئەوەی هەردوولا رێككەوتنی ستراتیژیی ئیمزا بكەن، ئامانج لەم رێككەوتنە ستراتیژییە ریزكردنی خاڵ بەخاڵی رێككەوتنەكە نییە، بەڵكو ئامانج ئەوەبوو لەو كاتەی كوردستان بە بارودۆخێكی هەستیاری گۆڕانكاریدا تێدەپەڕێت ناكرێت پارتی و یەكێتی وەك دوژمن سەیری یەكتری بكەن، بۆیە ئەم رێككەوتنە ئیمزا كرا بۆ ئەوەی وەك دوو هاوپەیمان ئەو قۆناخە ناسكە بەرێوەبەرن و هەردوولا بتوانن لەچوارچێوەی ئەو رێككەوتنە پرۆسەی دەستاودەستكردنی ئاشتیانەی دەسەڵات پیادە بكەن و ئەو نەریتە بێتە ئاراوە كە دوای ئەوەی رێككەوتنەكەش كۆتایی هات ئۆپۆزسیۆنێكی ئیجابی لە كوردستان بوونی هەبێت، ئەم رێككەوتنە لەگەڵ ئەوەی بێ كەموكورتی نییە و دەكرێت رەخنەشی لێ بگیرێت، بەڵام وێڕای ئەمانەش ئەم رێككەوتنە دەسكەوتی مێژوویی گرنگی بۆ هەرێمی كوردستان و كورد بەگشتی بەدەست هێناوە لەوانە:

١. ئەم رێككەوتنە لایەنی كوردی كردە بەشێك لە پرۆسەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ ئازادكردنی عێراق و رووخانی رژێمی پێشوو، ئەگەر كورد نەبوایە بەشێك لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، دەوڵەتێكی ئیقلیمی جێگەی كوردی دەگرتەوە، ئەو دەوڵەتەش توركیا، ئەگەر توركیا ببوایە بە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە جێگەی هەرێمی كوردستان، نەدەتوانرا دەستووری عێراق بەوجۆرە بنووسرێتەوە كە بەوجۆرە مافی كوردی تێدا بچەسپێنرێت، هەموو لایەك ئاگادارن كە دوای رووخانی رژێمی پێشووی عێراق، توركیا چۆن مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی كوردستان دەكرد، خۆ ئەگەر كورد ئەو ئەمری واقیعەی دروست نەكردایە، ئێستا توركیا بە هاوشانی دەوڵەتێكی دراوسێ مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی كوردستان نەدەكرد.

٢. رێككەوتنی ستراتیژی پارتی و یەكێتی بووە هۆكاری ئەوەی بۆ یەكەمین جار لەمێژووی كورد و لە مێژووی دەوڵەتی عێراقدا، سەرۆك كۆماری عێراق كورد بێت و وەزیری دەرەوەی عێراق كورد بێت.

٣. رێكەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەكێتی هۆكاری

**دابەشكردنی یەكێتی لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە بۆ ئیغراكردنی پارتی بوو بۆ ئەوەی پارتی دەستپێشخەر بێت و رێككەوتنی ستراتیژی هەڵبووەشێنێتەوە، بەڵام لۆژیک و دووربینی سەرۆک بارزانی و سەرۆک تاڵەبانی سەلماندیان ئەم رێككەوتنە لەچوارچێوەی بەرژەوەندی گەلی کوردستان و ئاییندەی سیاسیی ئەم هەرێمە دەخوێنرێتەوە**



ئەوەبوو، لەگەڵ ئـەوەی کەمتەرخەمی لەجێبەجێکردنی مـاددەی ١٤٠ کـرا، بەڵام بـە ئەمری واقیـع ناوچە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئیدارەی بەدەست کوردەوە بێت.

٤. ڕێککەوتنـی پارتـی و یەکێتی بەسـتەڵەکی بێ متمانەیی لەنێوان پارتی و یەکێتی تواندەوە، توانی پارتی و یەکێتـی فێر بکات پێکەوە حکومڕانی بکەن، ئێسـتا لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردسـتاندا، کەس هەسـت بەوە ناکات کام بەڕێوەبەری گشتی سەر بەکام لایەنی سیاسییە.

٥. ڕێککەوتنی سـتراتیژی بووە هـۆکاری ئەوەی کە کوردسـتان بکەوێتە سـەر نەخشـەی جیهانی وزە، ئەم هەنگاوە لەگەڵ ئـەوەی بزووتنەوەی گۆڕان پێی خۆش بوو ئەسـڵەن کورد ئەو دەسـەڵاتەی نەبێـت ئیدارەی سەرچاوە سروشتیەکانی خۆی بکات، بەڵام ئەوەی ئێستا گوێمـان لێدەبێت ئەوەیە کوردسـتان لەیەك دوو مانگی داهاتوو ڕاستەوخۆ بە ڕێگەی بۆری نەوتی خۆی نەوت هەناردەی دەرەوە دەکات، ئەم هەنگاوە نەك بۆ ئێستا بەڵکو لەڕوویی سیاسـیی و ئابوورییەوە ئاییندەی کوردسـتان دیاری دەکات، لەوانەیە هەوادارانی حزبی گۆڕان کاتێك ڕاشکاوانە پێیان دەڵێن چاوتان بەم سەرکەوتنە هەڵنایەت، بەو جۆرە وەڵامبدەنەوە کە ئەوان لەسـەر گەندەڵی کەرتی نەوت قسە دەکەن، لەوەڵامی ئەمەشدا پێیان دەڵێین داهاتی نەوت داهاتی هەموو عێراقیەکانە، باشـە ئەگەر ئەوەندە بەتەنگ خەڵکی کوردسـتانەوەن بۆچی لەسەر گەندەڵی نەوتی بەسـرا قسـە ناکەن، کە هەر حزبێـك بەجیا بە قاچاغی نەوت ڕەوانەی دەرەوە دەکات، بەڵام لە هەرێمی کوردسـتان جیا لەوەی وەزیری سـامانە سروشتیەکان بە شەخسـی سـەردانی سـەرۆکی حزبی گۆڕانی کردو، پاشانیش سەرۆکی حکومەتی کوردستان ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی هەمـوو کۆنتراکتەکانی نەوتـی کردە کتێب و لەسـەر ئەنتەرێت بڵاوی کـردەوە، بۆچی دەتانەوێت ئاو بکەنە ئاشی حوسەین شارستانییەوە و کورد ئەو دەسەڵاتە دەستوورییەی نەبێت سامانی خۆی بەڕێوەبەرێت.

## دژایەتیکردنی ڕێککەوتنی ستراتیژی بۆ؟

کاتێك لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی یەکێتی گرووپەکەی نەوشیروان مسـتەفا دەنگی نەهێنا، نەوشیروان مستەفا جیابوونەوەی خـۆی لە یەکێتی ڕاگەیانـد، دوای ئەم جیابوونەوەیە کەوتە ڕەخنەگرتن لە ڕێککەوتنی ستراتیژی، بەڵام پرسـیاری سـەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەگەر ئەو هەڵبژاردنـەی نەدۆڕاندبایـە بەهەمان شـێوە دەکەوتە دژایەتـی ڕێککەوتنی سـتراتیژی یان هەڵوێسـتێکی دیکەی دەبوو؟ ئەوانەی شـارەزای سیاسەتی ناوخۆیی کوردستانن سەبارەت بەم لایەنە بەوجۆرە شرۆڤەی دەکەن، ئەگەر نەوشـیروان و گرووپەکـەی هەڵبژاردنەکانی ناو یەکێتیـان نەدۆڕاندبایە، ئەوا بەم جۆرە مامەڵەی لەگەڵ ڕێککەوتنەکـە نەدەکرد، بەڵکو بەشـێوەیەکی تاکتیکی مامەڵەی دەکرد و ئـەم ڕێککەوتنەی دەکردە هودنەیەك بۆ خۆ ئامادەکرن بۆ شـەڕێکی دیکـە لەگەڵ پارتی، بەڵام کاتێك باڵەکەی ئەو لەناو یەکێتی ڕۆڵیان نەما، ئەوا قۆناخـی دوژمنایەتیکردنی پارتیش کۆتایی هات، بۆیە سەرلەنوێ کەوتە دابەشـکردنی یەکێتی و دامەزراندنی حزبی گـۆڕان بۆ ئەوەی پرۆسـەی دوژمنایەتیکردنی پارتی بەردەوام بێت، هـەر بۆیەش کەوتە دژایەتیکردنی ڕێککەوتنی سـتراتیژی و هەوڵدان بۆ هەڵوەشـانەوەی ئەو ڕێککەوتنەی ئەو دەسـکەوتە مێژووییانەی بۆ کورد بەدەسـت هێناوە، ئەمە لەکاتێکدا دابەشکردنی یەکێتی لەلایەن نەوشـیروان مسـتەفاوە بـۆ ئیغراکردنی پارتی بوو بۆ ئەوەی پارتی دەستپێشـخەر بێت و ڕێککەوتنەکە هەڵبووەشـێنێتەوە، بـەڵام لۆژیك و دووربینی سـەرۆك بارزانی و سـەرۆك تاڵەبانی سەلماندیان ئەم ڕێککەوتنە سـەیری بەرژەوەنـدی کـورد دەکات و لەچوارچێوەی بەرژەوەندی گەلی کوردسـتان و ئاییندەی سیاسیی ئەم هەرێمە دەخوێنرێتەوە، نەك لـە ڕوانگەی ئەوەی پارتی چەند کورسـیەکی پەرلەمانی کەمکـردووە لەئاکامی جیابوونەوەی گـۆڕان لە یەکێتی، لەم حاڵەتەشـدا کە نەوشـیروان مستەفا لەو ڕاسـتیە تێگەیشت کە سەرۆك بارزانـی و پارتـی دیموکراتی کوردسـتان لەڕوانگەی بەرژەوەنـدی حزبی سـەیری ئەو ڕێککەوتنـە ناکەن و لەمەش گرنگتر دوای نەخۆش کەوتنی سەرۆك تاڵەبانی (کە هیواداریین بەزوویی و سەلامەتی بگەڕێتەوە) هەموو لایەك هەڵوێستی سـەرۆك بارزانی و پارتییان بینی کە ئامادەن پشتیوانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بن، ئەوجا نەوشیروان مستەفا بەتەواوەتی دژایەتی خۆی بۆ پارتی ڕاگەیاند، بەتایبەتیش کە ئەمجارە یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان بە لیسـتی جیاواز دادەبەزێت بەبێ ئەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی کۆتایی هاتبێت، ئەمەش مانای ئەوەیە حزبی گۆڕان و نەوشیروان مستەفا ئەم گەمەیەی دیموکراتیـش دەدۆڕێنن، ئەوجا بـۆ ئەوەی ئەم گەمەیە نەکرێت و ئاکامی دۆڕانی خۆی نەبینێت، لە ئێسـتاوە خەریکە بارودۆخەکە بشـێوێنێت، بەڵام زۆر زەحمەتە ئەم خەوەشی وەك خەوەکانی دیکەی بۆ بێتە دی.

**ئەو حزب و گرووپە سیاسیانەی بڕوایان بەلیبرالیزم نییە، ئەوا کە بەشداری پرۆسەی دیموکراتی دەکەن، لەبری ئەوەی دیموکراتی بونیاد بنێن دیموکراتی نەخۆش دەخەن**



کاروان ساڵح

پەرلەمانتاری سەربەخۆ لە پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# سیاسەتی گۆڕان رق و کینە و ململانێی رابردووە و ئێستا ورد دەکرێتەوە

**بەو پێوەرەی تۆ بەرامبەرەکەت رەت بکەیتەوەو جیاوازییەکان قبوڵ نەکەیت و زۆرینەو دیموکراسیەت فەرامۆش بکەیت، ئەوە گرتنەبەری رێڕەوی دیکتاتۆریەتە**

**ئەوەی ئۆپۆزسیۆن دەیخوازن سازان نییە، بەڵکو رەتکردنەوەی بیروبۆچوونی هەموو لایەنە سیاسییەکانە، واتا سەپاندنی بیروڕای خۆیانە**

**چۆن دەبێ کە تۆ دیموکراسیت بوێت و برواشت پێی نەبێت، داوای دادپەروەری بکەیت خۆت دادپەروەری بەرپا نەکەیت، داوای بە کۆمەڵ بڕیاردان و سازان و پێکەوە ژیان بکەیت خۆت سازان رەت بکەیتەوە، بتەوێ رای خۆت بسەپێنیت و رای ئەوانی دیکە رەت بکەیتەوە، ئەوانە هەموویان یاریی مەترسیدارن**

**بایكۆتكردنی دانیشتنی لایەنە سیاسییەكانی كوردستان لەگەڵ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە، سەرسوڕمانێكی سیاسیی دروستكردووە، چەندین پرسیاری هەمەجۆری وروژاندووە، بەوەی ڕەتكردنەوەی ڕەها لە كۆمەڵگەی دیموكراتی چ مانایەكی هەیە و چ مەترسیەك لەسەر ئاییندەی دیموكراتی دروست دەكات؟ بۆ قسەكردن لەسەر ئەم پرسە بەڕێز كاروان ساڵح پەرلەمانتاری سەربەخۆ لە پەرلەمانی كوردستان بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی گوڵانی دایەوە.**

*** ڕەتكردنەوەی ڕەهاو قبوڵ نەكردنی بەرامبەر لای تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- بەو پێوەرەی تۆ بەرامبەرەكەت ڕەت بكەیتەوەو جیاوازییەكان قبوڵ نەكەیت و زۆرینەو دیموكراسیەت فەرامۆش بكەیت، ئەوە گرتنەبەری ڕێڕەوی دیكتاتۆریەتە، واتا خۆسەپاندن لە بیروڕا. من پێموایە جیاوازیی بیروڕا لەم هەرێمەدا جوانییەكی بەخشیوە بە پرۆسەی دیموكراسی و گەیاندویەتیە ئاستێكی بەرچاو و دەتوانین بڵێین كە زۆر شت ماوە بیكەین و لە پایەیەكی باشین، بەڵام ئومێد دەكەین بەرەو پێش بڕۆین.

*** لە پرسی دەستوور زۆر لە لایەنەكان بە تایبەتیش ئۆپۆزسیۆن داوای سازانی نیشتمانیان دەكرد، ئێستا خەریكە ئەو سازانە نیشتمانییە لەناو پەرلەمانی كوردستاندا بەڕێوەدەچێت، بەو پێیەی كە ماڵی هەمووانە، ئایا ئەم پرۆسەیە چۆن بەڕێوە دەچێت؟**

- ئەوەی ئەوان دەیخوازن سازان نییە، بەڵكو ڕەتكردنەوەی بیروبۆچوونی هەموو لایەنە سیاسییەكانە، واتا سەپاندنی بیروڕای خۆیانە، ئەوە پێی ناڵێن دانووستان یان ڕێكەوتن یان سازان، لە سازاندا دەتوانیت راو بۆچوون و سەرنجی خۆیشت بخەیتەڕوو تێكەڵ بە رای بەرامبەر دەكەیت و پرۆژەكە دەبێتە هی هەمووان و دەكەوێتە ژێر بەرپرسیارێتیی ئەوانەی كە داكۆكی لێ دەكەن، بەڵام سەپاندنی رای خۆت و نەخوێندنەوەی راكانی بەرامبەر ئەوە شتی دیكەیە نەك سازان.

*** باشە بۆچی بزووتنەوەی گۆڕان كۆی پرۆسەی سیاسیی هەرێمی كوردستان بە دوژمنی خۆیان وێنا دەكەن، ئەو جۆرە سیاسەتكردنەی ئەوان چۆن دەبینیت؟**

- ئەوە تۆڵەسەندنەوەو رق و كینەی كۆن و كۆمەڵێك حساباتی شەخسی و ململانێیەكانی رابردووە ئێستا ورد دەكرێتەوە، بەداخەوە دەبوایە لەسەر هەر پرسێك بیانكردایە لەسەر پرسی دەستوور كە چوار ساڵە ئەو بێنەو بەردەی لەسەر دەكرێت ئێستا نەیانكردایە، بەتایبەتی ئێستا لە لێواری هەڵبژاردنداین و لە سەروبەندی ئەوەین سەندووقەكانی دەنگدان یەكلاكەرەوەی هەموو كێشەكان بن، لە كاتێكدا كە دەستوور دەكرێت بە موزایەدەی سیاسی و وروژاندنی هەستی خەڵك و دەكرێت بەوەی كە هیچ كەسێك بڕوای بە ئاییندەی خۆی نەمێنێت بەڕاستی ئەوە كارەساتێكی گەورەیە، من پێموایە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لەوە گەورەتربن و بزانن كە ئەو دەستوورە مەرجەعیەتە ئەمڕۆ ئەگەر ئەو دەستوورەمان هەبووایە زۆر بە ئاسانی لەو تەنگژەو قەیرانە رزگارمان دەبوو، دەستووریشە چاودێریی شەرعی و راستەقینەو یاسایی بەسەر هەموو دامەزراوەكانی ئەو هەرێمە هەر لە سەرۆكایەتی هەرێم تا دەگاتە بچووكترین فەرمانگە، چونكە ئەگەر دەستوورت هەبێت دەتوانی شەفافیەت و روونی و دادپەروەری كۆمەڵایەتی دەستەبەر بكەیت، یاسا سەروەری بەرجەستە بكەیت، بەبێ دەستوور شتەكان پەنهان و تەمومژاوی دەبن، گەندەڵی كۆتایی پێ نایەت و سەروەریی یاسا دەكەوێتە ژێر پرسیارەوە.

*** مامەڵە كردن بە كۆی ئەو پرۆسانەی كە ئەمڕۆ لە هەرێمی كوردستاندا هەیە بەم شێوەیە لەلایەن ئۆپۆزسیۆن بە تایبەتیش گۆڕان، یاری كردن نییە بە چارەنووسی میللەتێك كە لە كۆتاییشدا خۆشیان زەرەرمەند دەبن؟**

- چۆن دەبێ كە تۆ دیموكراسیت بوێت و بڕواشت پێی نەبێت، داوای دادپەروەری بكەیت خۆت دادپەروەری بەرپا نەكەیت، داوای بە كۆمەڵ بڕیاردان و سازان و پێكەوە ژیان بكەیت خۆت سازان ڕەت بكەیتەوە، بتەوێ رای خۆت بسەپێنیت و رای ئەوانی دیكە ڕەت بكەیتەوە، ئەوانە هەموویان یاریی مەترسیدارن و پێموایە پێشتر ئەو یارییانە كراون، نە كەسی تێدا سەركەوتوو بووەو نە كەسیشی ئێستاو ئاییندە تێیدا سەركەوتوو دەبێت، دوا بڕیار و راش هەر هی گەلە و هەر ئەویش دواجار بڕیاردەدات كێ لە بەرنامەو پرۆگرامە نیشتمانییەكان داكۆكیكارە و كێش تێكدەری هەموو ئەو بەرنامەو پرۆگرامە نیشتمانییانە دەبێت، بۆیە هیواخوازم كە هێشتا دەرفەتێكی زۆر ماوە كە بگەڕێنەوە نێو بازنەی گەل و نیشتمان و بەرژەوەندیی گەل و نیشتمان لەسەرووی بەرژەوەندیی تاكەكەسی و حزبی و بانگەشەی هەڵبژاردندا بێت، با دەست لە ناو دەست بكەین، چونكە ئێمە لە ناوچەیەك دەژین ڕووداوەكان گەرمن و گۆڕانكاریی زۆر بەڕێوەیەو ئەزموونەكەی ئێمەش كە ساڵەهای ساڵە بە خوێنی شەهیدان و بە ئارەقەو فرمێسكی تێكۆشەران و بە هەوڵی نیشتمانپەروەران هاتۆتە بەرهەم، ناكرێ لە ململانێی تاكەكەسی و حزبی و نێوان لایەنەكان بەهەدەری ببەین، بۆیە هیواخوازم هەفتەی ئاییندە ئەو لایەنانەی بەشداریان نەكردووە بێن بەشداری بكەن و رای خۆیان بخەنەڕوو، نابێت هیچ كەسێك لە رای جیاواز بترسێت چونكە ئاییندەمان یەكەو ئامانجەكانمان روونە، بەرژەوەندیی گەل و نیشتمانیش لە سەرەوەی هەموو بەرژەوەندییەكەوەیە.



ئێستا سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان سەرقاڵی تاوتۆکردنی ئەو بۆچوون و سەرنجانەن کە حزبە کوردستانیەکان بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان ناردووە و سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بە نامەیەك ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردووە بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان وتووێژی لەسەر بکەن و لەسەری بگەنە سازانێکی نیشتمانی، بەڵام لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بایکۆتی ئەم سازانە دەکەن، سەبارەت بەم پرسە چەند پرسیارێکمان لە بەڕێز خاتوو سۆزان خاڵە شەهاب سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی کرد لە پەرلەمانی کوردستان و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.

### سۆزان خاڵە شەهاب
### سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# سازانی نیشتمانی واتە هەموومان پێکەوە بگەینە ئەنجامێکی هاوبەش نەک دیالۆگی نێوان دوو لایەن

*** سازانی نیشتمانی داواکاری کۆمەڵێك لایەنی سیاسی بوو، ئەوەبوو سەرۆك بارزانی بە دەنگ داواکەوەهات، ئایا ئێوە وەکو فراکسیۆنی کوردستانی چۆن سەیری ئەو سازانە دەکەن؟**

- بێگومان کە باسی سازانی نیشتمانی دەکرێ بە واتای دیالۆگ و دانیشتن لەسەر یەك مێزی گفتوگۆکردن لە نێوان هەموو لایەنەکاندا، مەبەستی بەڕێز سەرۆکی هەرێمیش هەر ئەوە بووە، کە هەموو لایەنەکان پێکەوە دابنیشن و خاڵە جەوهەرییەکان باس بکەن و تێبینییەکان بخرێنە بەر باس و ئەو کاتە ئەگەر ئەو خاڵانە پێویستیان بە چاککردن هەبێت چاك بکرێن و ڕێکبکەون لەسەر میکانیزمی ئەو کۆدەنگی و سازانە، بۆیە ئەوە هەموو لە نامەکەی جەنابی سەرۆکدایە ئەگەر بیخوێنیتەوە ئەوە بەو ئاراستەیەیە.

*** سازانی نیشتمانی واتا سازانی نێوان هەموو کوتلەو پێکهاتەکانی کۆی پەرلەمانی کوردستان، ئۆپۆزسیۆن دەیەوێت ئەم سازانە بکاتە سازانی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن،خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەمە چییە؟**

- ئێمە لە گەڵ ئەوەین کە دەڵێین سازانی نیشتمانی، نیشتمان و گەلەکەمان هەموو ڕەنگ و دەنگێکی تێدایە بێگومان دەستووریش دایکی هەموو یاساکانە ئەو وەسیقە نیشتمانیەیە کە دەبێ هەمووومان لەسەری ڕەزامەندبین و دەنگی پێ بدەین، بۆیە سازانی نیشتمانی واتا هەمووومان پێکەوە نەك دوو لا پێکەوە، لای من لەوەوە سەرچاوەی گرتووە.

*** ئێستا ڕەوشی کورد لەکوردستانی باشوور لە قۆناغێکی هەستیاردایە، بۆ ئەم قۆناغە تا چەند گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان کە دەستوورێکی تایبەت بە خۆی هەبێت؟**

- دەستوور نەك هەر بۆ ئەم قۆناغەو دەبووایە هەر لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی ١٩٩٢دەستوورمان هەبووایە، چونکە ئەگەر ناکۆکییەك بکەوێتە نێوان لایەنەکانەوە دەستوور ئەو شوێنە دەبێت کە یەکلایی دەکاتەوە، واتا دەستوور هەموو لایەنەکان لەگەڵ یەك کۆدەکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکە، هەر بە هۆی دەستوورەوە دادگای دەستووریشمان دەبێت کە ئەویش یەکێکە لەو دەزگایانەی کە دەتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات.

**دەستوور دایکی هەموو یاساکانە و ئەو وەسیقە نیشتمانیەیە کە دەبێ هەمووومان لەسەری ڕەزامەندبین و دەنگی پێ بدەین**



خەسرەو گۆران
بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ (گوڵان):

# ئەگەر پۆستی پارێزگار بۆ لیستی ئەلمتحدون بێت ئەوا پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا مافی لیستی برایەتی و پێکەوەژیانە

**خەسرەو گۆران ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەدیمانەیەکی تایبەت بەگوڵان کە سەبارەت بەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا لەگەڵیدا ئەنجامدرا، باسی ئەو سەرکەوتنانەی کرد کە لیستی کورد بەدەستی هێنا و تێیدا ئەگەری ئەوە هەیە کورد ١٢ کورسی بەدەستبهێنێت، ئەوەشی راگەیاند بەرزیی رێژەی دەنگدەرانی پێکهاتەی کوردیی باشتر بووە بەراورد بەپێکهاتەکانی تری ناو پارێزگای نەینەوا، ئەمەش بەقازانجی لیستی برایەتی و پێکەوەژیان گەڕایەوە. بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بەوەش کرد پاڵێوراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا پرسی شێریان بەرکەوتووە و بەمەش پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا مافی لیستی برایەتی و پێکەوەژیانە.**

*** بەشداریبوونی کورد لەهەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەواو ئەگەری بەدەستهێنانی ١٢کورسی و بەرزبوونەوەی رێژەی دەنگەکانی لیستی برایەتی و پێکەوەژیان لەو پارێزگایە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا ئەمە دەستکەوتێکی باش نییە بۆ کورد؟**

- سەرەتا ئێمە ناتوانین بڵێین دەنگەکانی کورد لە ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا بەراورد بەساڵانی پێشوو زیادیکردووە یاخود زیادی نەکردووە ؛ ئەوەبوو لە هەڵبژاردنەکانی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا کە لەساڵی ٢٠٠٩ ئەنجامدراو لیستی برایەتی ٢٧٤ هەزار دەنگی بەدەستهێنا، بەڵام ئەمساڵ دەنگەکانمان نەگەیشتۆتە ئەو ژمارەیە، گەرچی تائێستا هەندێك دەنگی (تایبەتی و ئەوانەی لەدەرەوەی پارێزگای موسڵ دەژین و بەئاوارە ناودەبرێن یا هەندێك بنکەی دەنگدەران کە کێشەیان لەسەرە ) تا ئێستا هەموو ئەو دەنگانە بەو هۆکارانەوە جیانەکراونەتەوە، تا ئێستا ئەوەی لەلای ئێمە وەکو دەزگای هەڵبژاردن تۆمار کراوە لەسنووری ٢٢٠ هەزار کەس دەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمجارە رێژەی بەشداریکردنی دەنگداران لەپارێزگای نەینەوا کەمە و لە ٪٤٠ تێپەڕی نەکردووە لەکاتێکدا لەساڵی ٢٠٠٩ بەرێژەی ٪٥٨ ی دەنگدەران بەشدارییان لەدەنگداندا کرد، هەربۆیە کەمبوونەوەی رێژەی دەنگدەرانی پارێزگای نەینەوا لەم ساڵدا بۆ لە ٪٤٠ لەکاتێکدا بەشداریی دەنگدەرانی کورد بەرز بوو ئەمە بە قازانجی کورد گەڕایەوە، چونکە دەنگدانی پێکهاتەی کورد باشتر بووە بەراورد بەپێکهاتەکانی تری ناو پارێزگای نەینەوا. لەلایەکی دیکەوە لە ساڵی ٢٠٠٩ تارادەیەك دوو لیست و جەمسەر بوون کە رکابەری یەکترییان لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا دەکرد، ئەویش هەردوو لیستی برایەتی کە نوێنەرایەتی کوردو کەمە نەتەوایەتی و ئایینەکانی دەکرد لەگەڵ لیستی حەدبا کە نوێنەرایەتی عەرەب و زیاتر هێزە شۆڤێنیەکان و ئەوانەی لەدژی کورد بوون پاڵپشتی دەکران، بەشێوەیەکی گشتی ئەنجامەکەی ئەو کات وا بوو کورد توانی بەرێژەی لە ٪٣٣ی

دەنگەکانی برد و لیستی حەدباش دەنگەکانی تری بردو ١٩ کورسی بەدەستهێنا لەبەرامبەر ١٢ کورسی بۆ لیستی برایەتی بوو.

*** کەواتە بەپێی بەرزی ڕێژەی دەنگدەران لەناو پێکهاتەی کوردی و ئەو دەستکەوتانەی لیستی برایەتی و پێکەوەژیان بەدەستی هێناوە ئایا ژمارەی کورسییەکانی کە بەدەست هاتووە چەندەو لەناویشیاندا کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان چەند کورسییان بەدەستهێناوە؟**

- ئێستا لەبەر چەند هۆکارێك زووە بزانین کورد چەند کورسی لەئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا دەست کەوتووە، چونکە لەلایەك تا ئێستا روون نییە لیستە عەرەبییەکان چەند دەنگیان بەدەستهێناوە و دەنگەکان فەرز نەکراون و ئێمە بریکارمان لەناوچە عەرەبنشینەکان نەبووە بۆ نموونە لە باشوورو رۆژئاواو هەندێك شوێنی ناو موسڵ بریکارمان نەبووە، هەربۆیە تا نەزانین ئەوان چەند دەنگیان بەدەستهێناوە زەحمەتە بتوانین بڵێین چەند کورسیمان بەدەستهێناوە، لەلایەکی دیکەوە راگەیاندنی هەموو ئامارو ژمارەکان سەرەتایین و فەرمی نین و قابیلی گۆڕانکارین، ئەمە جگە لەوەی ئێستا لەهەڵبژاردنەکان سیستەمێکی نوێیان پەیڕەوکردووە بۆ چۆنیەتی دابەشکردنی کورسییەکان کە پێشتر لەهەڵبژاردنی رابردووی ساڵی ٢٠٠٩ نەبووە، پێشتر قاسمی هەڵبژاردن هەبوو کە هەر کیانێکی سیاسی دەنگەکانی نەگەیشتایە لە ٣٠ هەزار دەنگ ئەوا ئەو کات دەنگەکانی بەفیڕۆ دەچوو هیچ کورسی دەست نەدەکەوت، دوایی دەکرایە کورسی بەناوی کورسییە قەرەبووەکان و بەسەر لیستە براوەکان دابەش دەکرا، ئێستا ئەم سیستەمە نەماوەو لەقازانجی لیستە گەورەکان نییە بەڵکو بەپێچەوانەوە لەقازانجی لیستە بچووکەکانە. لەم حاڵەتەدا من پێشبینی ئەوە دەکەم چەند کورسی بەدەستبهێنین کە پشکی شێر بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانە بۆ نموونە ئەگەر ١٢ کورسی بەدەستبهێنین من بڕوا ناکەم یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ٢ کورسی زیاتر بەدەستبهێنێت، تەنانەت ئەگەر ١٠ کورسی بەدەستبهێنین ئەو کات یەکێتیی نیشتمانی کوردستان رەنگە ١ کورسی بەدەست بهێنێت و کورسییەکانی دیکە هەمووی دەبێتە کورسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەم حاڵەتەشدا حزبەکانی تری وەکو یەکگرتوو کۆمەڵ و گۆڕان هیچ کورسییەکیان بەدەست ناکەوێت.

*** پێشتر وەکو لیستی برایەتی کێشە لەگەڵ لیستی حەدبا هەبوو بەهۆی قۆرخکردنی هەموو دەسەڵاتەکان ؛ ئێستاش هاوپەیمانێتی (المتحـدون) پێکهاتووە ؛ ئایا بەبۆچوونی بەڕێزت ئەم داتاو ژمارە سەرەتاییانەی ئەمجارە کورد دەستی کەوتووە هاوکێشەکان گۆڕانکاری بەسەردا نایەت؟ یا هاوپەیمانێتییەکان چی بەسەردا دێت؟ بۆ ئەوەی پۆستی پارێزگا بەعەرەب بدرێت و پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا بدرێتە کورد؟**

- ئێمە ئومێدەوارین ئەو کێشەیەی کە لە ساڵی ٢٠٠٩ لەنێوان لیستی برایەتی و لیستی حەدبا روویدا ئێستا روونەداتەوە، ئەوەبوو لەساڵی ٢٠٠٩ لیستی حەدبا بەیەکلایەنی هەموو دەسەڵاتەکەی بۆ خۆی قۆرخکردوو بووە هۆکاری ئەوەی لیستی برایەتی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بایکۆت بکات و دواتر پێکهاتن و لیستی برایەتی گەڕایەوە. هەربۆیە من پێم وایە ئەمجارە بارودۆخی نێوان لیستی برایەتی و حەدبا لەسەر ئەنجامەکان دەمێنێتەوە، تەنانەت لیستی حەدباش کە ئێستا ناوی هاوپەیمانێتی (المتحدون)ە وەکو خۆی نەماوەتەوە و پەرت پەرت بوون و زۆر بەشی لێجیابووەتەوە بۆ نموونە لیستی عەبدوڵا حەمید یاوەری لێجیابووەتەوە هەروەها لیستەکانی تری وەکو عیسام عاید و دڵدار زێباری لێجیابووەتەوە، بەڵام هەر بەلیستی دووەم لەدوای لیستی برایەتی دەمێننەوە، لەبەرامبەردا بەپێچەوانەوە لیستی برایەتی وەکو خۆیەتی و بەهێز ماوەتەوە. ئومێدەوارم ئەو دوو لیستە بتوانن هاوپەیمانێتیەك ببەستن، ئەگەر پۆستی پارێزگار بۆ ئەوان بێت ئەوا پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا مافی لیستی برایەتییە.

*** کوردستانییانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لەم هەڵبژاردنەو هەڵبژاردنەکانی پێشووتریش بینیمان کە چۆن بەهەستێکی بەرپرسیارێتی و بگرە شۆڕشگێڕانە و کورد پەروەرانە بەشدارییەکی کارایان هەبوو لەدەنگدان، پرسیارەکەمان ئەوەیە پێزانینی ئێوە بۆ ئەو بەشداریکردنە کوردستانییە چۆنەو چییان بۆ دەکەن؟**

- جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە بەزووترین کات لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و چیدیکە ئەو خەڵکە کوردستانییە چاوەڕوان نەبن، کە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ دەبێت لەچاوەڕوانی جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەستوورییەن. لەلایەکی ترەوە کاتی ئەوەهاتووە ئەوناوچانە بەهەرشێوەیەك لەشێوەکان راستەوخۆ لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوەببرێن و ئەو لیژنانەی بەم دواییە پێکهات کەلەدوا سەردانی رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ بەغدا دروست کرا و دواتر هاتنی بەڕێز مالیکی بۆ هەولێر ئومێدەوارم لەجێبەجێکردنی رێکەوتنامەکان پەلە بکرێت بۆ ئەوەی ئایندەی ئەو خەڵکە چی تر لەمەترسیدا نەبێت.

*** ئایا ئەو ڕێژە بەرزەی بەشداریکردن ئاماژەیەك نییە بەوەی ئەو ناوچانە کوردستانین و پێویستە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان؟**

- ئەمە جۆرێکە لە راپرسی کە خانەقین و ناوچەکانی دیکەی سەر بەپارێزگاکەو موسڵیش بەشداریکردنی زۆرینە لەدەنگدان و پاڵپشتیکردنی خەڵك لەو ناوچانە بۆ پاڵێوراوەکانی کوردستانی رادەربڕینێکی خەڵکییە بۆ کوردستانییەتی ناوچەکە.

*** ئایا بەشداریکردنی کورد بەڕێژەی ٩٠٪ و سەرکەوتنی کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو ناوچانە واناکات پارتی دیموکراتی کوردستان پێزانینی بەرامبەر بەو دەنگدەرانە هەبێت؟**

دەنگدان بەپاڵێوراوانی پارتی لەم ناوچانە شتێکی نوێ نییە، ئەگەر بەرێژە باسی ئەم مەسەلەیە بکەین زۆرترین لایەنگرانی پارتی لە پارێزگای موسڵەو دواتر لە دهۆك و هەولێر و شوێنەکانی تر دێت، ئەمە بەرێژەو ئامارو ژمارە روون و لەبەرچاوە، ئێمەش هەرگیز ناتوانین ئەو هەڵوێستە جوامێرانەی خەڵکی لەو ناوچانە بکەین و قەرزاری ئەو خەڵکەین و ئەرکی سەرشانمانە کێشەو گرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکەین، چونکە ئەمجارە بەکوردو کریستیان و یەزیدی و شەبەکیشەوە دەنگیان بەکاندیدەکانی پارتی دا.

**کەمبوونەوەی ڕێژەی دەنگدەرانی عەرەب لەپارێزگای نەینەوا بۆ لە ٤٠٪ لەکاتێکدا بەشداریی دەنگدەرانی کورد بەرز بوو ئەمە بە قازانجی کورد گەڕایەوە**

**زۆرترین لایەنگرانی پارتی لە پارێزگای موسڵەو دواتر لە دهۆک و هەولێر و شوێنەکانی تر دێت**

**ئومێدەوارم هەردوو لیستی المتحدون و برایەتی بتوانن هاوپەیمانێتییەک ببەستن**



مەهدی جابر:

# ئەگەر عیراق
# بەپێی دەستوور حوکمڕانی نەکرێت
# چارەنووس دابەشبوونە

**مەهدی جابر یەکێکە لەو بیرمەندە ناسراوانەی کە بیرو بۆچوونەکانی جێگەیەکی تایبەتیان هەیە لە نێوان شرۆڤەوانان و کەسانی ئەکادیمیدا، ئەویش وەك زۆر لەو شرۆڤەوانانەی دیکە ئاگاداری دۆخی عیراقە کە لە هەموو کات زیاتر ڕووبەڕووی هەڕەشەی جددی بۆتەوە، بە هۆی زۆربوون و بەرزبوونەوەی ئەرکە نێگەتیڤەکانی ململانێی نێوان لایەنەکان، کە دەرئەنجام چارەنووسی دەوڵەتی عیراق پەلکێشی هەڵوەشانەوە یان لە ناوچوون دەکات، ئەمەش وەستاوەتە سەر سروشتی بونیادی نارێکی وڵاتەکە کە لە سەرەتای دروست کردنی دەوڵەتی عیراقەوە بە شێوەیەك بناغەیان بۆ دارشتووە کە هەمیشە ببێتە سەرچاوە بۆ دروست بوونی ململانێی بەردەوامی نێوان لایەنەکان و پێکهاتەکانی نێو ئەم وڵاتە مۆزائیکیە، بەڵام بەڕێز مەهدی جابر لەم دیمانەیەی لەگەڵ گوڵان پێی وایە ئەو جوودابوونەوەو ڕێگەچارانەی کە باسیان لێوە دەکرێن ئەوانەیش ڕەنگە سوودیان نەبێت و قەیرانی دیکەیان لێ بکەوێتەوە، بۆیە پێی وایە باشترین و چاکترین ڕێگەچارە ئەوە بێت کە بگەڕێینەوە بۆ گرێبەستی کۆمەڵایەتی، کە ئەویش دەستوورە و بەوەی هەموولایەك پێوەی پابەند بن، دەشڵێت نابێت بێین ئەوەی لە بەرژەوەندیی ئێمەدا بێت لەو دەستوورە هەڵیبژێرین، بەڵکو ئەوەی کە دەبێتە بناغە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی دامەزراوەیی کە ماف و کەرامەت و ئەرك و خزمەتگوزارییەکانی هەموو پێکهاتەکان دابین بکات، ئەمەش دەقی چاوپێکەوتنەکەیەتی.**

*** ئێستا چەندین پەرەسەندنی خێرا لە ڕەوتی ڕووداوەکانی عیراقدا بەدی دەکرێت، چۆن دەڕوانیتە ئەم ڕەوشەو خوێندنەوەت بۆ ڕووداوەکان چییە؟**

- ڕەوشی ئێستای عیراق لە چەندین ناکۆکی و ململانێدا خۆی دەبینێتەوە، چ لەسەر ئاستی ناوخۆ یان لەسەر ئاستی دەرەکی، ئەوەی لە ناوخۆدا درکی پێدەکرێ ململانێیە لەسەر دەسەڵات کە تاقمێك دەستیان لێ گیرکردووەو بەشێوەیەکی بەرچاو دوورکەوتوونەتەوە لە ڕێکەوتن و سازان و گیانی بەیەکەوە کارکردن لە حوکمڕانی ئەو وڵاتەدا، ئەم سازانەش یەکێکە لەپێشەنگی پێویستییەکانی ئەم قۆناغە کە وڵات لە شێوازی قەیرانێکی ئاڵۆزدا پێوەی دەناڵێنێت، بەڵام وێڕای ئەو بارە ناهەموارە دەبینین کە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ٢٠ ی نیسانی ساڵی٢٠١٣ توانی ئەو بەستەڵەکە بتوێنێتەوە کە پرۆسەی سیاسیی عیراقی سڕکردبوو چونکە لەم پرۆسەیەدا بۆمان دەرکەوت کە هاوپەیمانی لە نێوان لایەن سیاسییەکاندا هاتە ئاراوە، ئەمەش گەشبینییەکی بە عیراقییەکان بەخشی کە خەڵکانێك هەن دەیانەوێت نیەت و نیازیان پاك بکەنەوە و بەرەو میانڕەوی بچن، بەڵام ئەو بارودۆخەی ئێمە لە ئەنجامی کەلتوورێکی درێژی ٣٥ ساڵەی ڕژێمی پێشوو بۆمان ماوەتەوە، هەروەها ئەو دەساڵەی دوای ڕووخانی ڕژێم لە ٢٠٠٣ تاکو ئەمڕۆ، ئەم ڕەوشە کاتێ ئاڵۆزتربوو کە ئەمریکاو وڵاتانی ئیقلیمی دەستیان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتمان وەردا، ئەمڕۆ چەندین کێشەو گرفتمان هاتۆتە پێشێ، لەوانە کێشەی حوکمڕانی و بنیادنانەوەی دامەزراوەکانمان، هەروەها کێشەی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان، چونکە مانەوەی دۆخەکە بەم شێوەیەی ئێستا گرفتەکان زیاتر و ئاڵۆزتر دەکات.

*** هەندێ پێیان وایە عیراق بەم شێوەیەی ئێستای خەریکە حکومەتەکەی کۆتایی پێ بێت، هەندێ وای بۆ دەچن ئەمە هەمووی تایبەتە بە خراپ بوونی پێوەندیی نێوان شیعی- سوننی یان بە هەر جۆرێك، تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێیت؟**

- بەداخەوە، لە ڕاستیدا عیراق وڵاتێکە هەمەڕەنگی و فرەیی نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزایی تێدایە، کێشەکە لە سروشتی ئەو فرەییەدا نییە، بەڵکو لە بەڕێوەبردنیەتی، جێگەی نیگەرانییە کە بەڕێوەبردنی ئەم پرۆسەیە کێشەی تێدایە، پێویستە لەسەر بنەمای شەراکەت و ماف و ئەرك پیادەبکرێت، دیارە ئەمە بە ڕەچاوکردنی ماف و پێداویستی سەرجەم پێکهاتەکانەوە دێتەدی، بۆیە ئەو ململانێ و کێشانە هەموویان لە ئەنجامی ئەو خراپ بەڕێوەبردنەوە هاتوونەتە کایەوە کە ناسەقامگیری و کەمیی خزمەتگوزاری و بێ متمانەیی بەدوای خۆیدا

**ئایینەدەی عیراق بەستراوەتەوە بە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ئەوانەی کە حوکمڕانی ئەم وڵاتە دەکەن، واتا ڕاوەستاوەتە سەر چۆنییەتی بە پیرەوەچوونی داخوازی و بەرژەوەندییە باڵاکانی میللەت**

**ئەوەی لە عیراق ڕوودەدات تێکەڵکردنی نێوان ئایین و سیاسەتە، واتا بە سیاسەتکردنی ئایین و هاوکات بە ئایینکردنی سیاسەتە، بەڵام ئێمە ئامانجمان دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنییە**

هێناوە، بۆیە دەبینین ئەوەی دێتە سـەر حوکم بە هەموو هەوڵێکییـەوە دەیەوێت خۆی لـەم کارە بدزێتەوەو تەنیا خەریکی بەرژەوەندیی خۆی بێت، با لە حوکمیشدا بێت، بەڵام پێویسـتە پابەند بێت بەو دەستوورەی لە ٢٠٠٥دا میللـەت دەنگی بـۆ داوە، پابەندیش بێت بەو ڕێکەوتن و شـەراکەتە نیشتمانییەی نێوان لایەنەکان کە هەموان پێکەوە بڕیاریان لێداوە.

***ئایا پێتوایە عیراق لە قۆناغەکانی داهاتوودا مەترسی پارچە پارچەبـوون و جوودابوونەوەو هەڵوەشـاندنەوەی لەسەر هەبێت؟**

- دیـارە ئەو هەموو کێشـەو ململانێیانە و ئاڵۆزبوونی ڕەوشەکەش چەندین بژاردەو ڕێگەچارە و پرۆژەی بەدوادا دێـت، من پێم وا نییە ئـەو جوودابوونەوەو ڕێگەچارانە سـوودیان هەبێت تەنیا ئەوە نەبێ کە قەیرانی دیکەیان لـێ دەکەوێتەوە، بۆیە باشـترین و چاکترین ڕێگەچارە ئەوەیـە کە بگەڕێینەوە بۆ گرێبەسـتی کۆمەڵایەتی، کە ئەویش دەسـتوورە و هەموولایەك پێوەی بابەند بن، بۆیـە نابێت بێین ئەوەی لە بەرژەوەندیی ئێمەدا بێت لەو دەسـتوورە هەڵبژێرین بەڵکو ئەوەی کە دەبێتە بناغە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی دامەزراوەیی کە ماف و کەرامەت و ئەرك و خزمەتگوزارییەکانی هەموو پێکهاتەکان دابین دەکات.

*** باس لەوە دەکرێت کە پەرەسـەندنی ڕەوشـی سوریا کاریگەریی بۆ سـەر ناوچە سوننەنشینەکان و تەنانەت بۆ سـەر تەواوی عیراق هەیەو لەم بارەوە ڕاو بۆچوونتان چییە؟**

- ئێسـتا هەر ڕووداوێکی جیهانی کاریگەریی بۆ سەر ناوچەکانی دیکـە هەیە، ئەدی ئەگەر ئـەو ڕووداوو پێشـهاتانە لە وڵاتێکی دراوسـێ و نزیـك بێت، ئەوا کاریگەرییەکەی زیاتر دەبێت، ئەو وڵاتەی کە بەدەسـت ڕژێمێکی سەرسەختی دکتاتۆرەوە دەناڵێنێت و گەلەکەی لە بارێکی زۆر تراژیدی و کارەساتباردا دەژی، من پێموایە هەڵوێستی فەرمیی عیراق زیاتر بەلای ڕژێمی سوریاوەیە لە ڕووی هاوکاری و پشتگیریی لە هەڵوێستەکانی ئێران بۆ ئەو وڵاتە، دیارە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی زۆر بەهێز هەیە لە نێوان دانیشتووانی ئەو ناوچانەی سەر سنووری نێوان عیراق و سـوریا کە بە درێژایی مێژوو هەر بوونی هەبووە، بە داخەوە من وای دەبینم کە حکومەتی عیراق زیاتر بەلای سوریا دادەشـکێنێت تەنانەت ڕێگە نادات هاتوچۆی نێوان دانیشـتووان و عەشـیرەتەکانی سەر سـنوور بەردەوام بێت، من هیواخوازبووم عیراق ئەوەی لەبەرچـاو بووایە کە گەلی ئێمەش بۆ چەندین سـاڵ دووچاری ستەم و سـەرکوتکاریی بەعس بۆتەوە، بۆیە بەعس هەر بەعسـە چ لەوێ بـێ یان لێرە، هەر لەبەر ئەوە دەبێ ئێمە پشـتیوانی لە گەلی سـوریا بکەین لە پێناو دیاریکردنی چارەنووسـی خۆی و ڕزگاربوون لەو مەینەتییەی پێوەی دەناڵێنێت.

*** ئایا مەترسـیی گواسـتنەوەی ململانێی تایفی لە سووریاوە بۆ عیراق لە ئارادایە؟**

- من پێموایە ئەو ململانێیە بەرهەمی ئەمڕۆ بێت و زۆر پەیوەسـت نییە بە ڕەوشی سوریا، لە بیرتانە لە ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ عیـراق لە لێواری شـەڕێکی توندی



تایفەگەریدا دەژیا، کوشـتن لەسـەر ناسنامە، لە نێوان شـیعەو سوننەو کوردو عەرەب و موسڵمان و مەسیحی، ئەوەش دیارە لەبەر چییە، هۆیەکەی نەبوونی دەوڵەتێکی دامەزراوەیی نیشتمانییە کە بەرژەوەندیی تایبەت وەلاوە بنێت و بیر لە بەرژەوەندیی گشتیی میللەت بکاتەوە.

*** پێتوانییـە بـە سیاسـەتبوونی ئاییـن هۆیەکە بۆ سەرهەڵدانی ئەو ڕەوشەی ئێستای عیراق؟**

- بەڵـێ، ئەوەی لە عیراق ڕوودەدات تێکەڵکردنی نێوان

**باشترین ڕێگەچارە ئەوەیە بگەڕێینەوە بۆ گرێبەستی کۆمەڵایەتی، ئەویش دەستوورە، بۆیە نابێت بێین ئەوەی لە بەرژەوەندیی ئێمەدا بێت لەو دەستوورە هەڵبژێرین، بەڵکو ئەوەی کە دەبێتە بناغە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی دامەزراوەیی کە ماف و کەرامەت و ئەرک و خزمەتگوزارییەکانی هەموو پێکهاتەکان دابین دەکات**

ئایین و سیاسەتە، واتا بە سیاسەتکردنی ئایین و هاوکات بە ئایینکردنی سیاسەتە، بەڵام ئێمە ئامانجمان دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەدەنییە، بەڵێ با ئیسلام ببێتە سەرچاوە، بەڵام نەك بە هۆیەوە دەست لە کاروباری دیکەی ژیانی خەڵك و فەرمانگەو دامەزراوەکان وەربدرێ و پێویستە مافی رۆشنبیری و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی هەموو پێکهاتەکان پارێزراوبێت. پێویستە ئایین لە سیاسەت جیا بکرێتەوە هەریەکەیان



رۆڵی خۆی ببینێت لە چاککردن و بەختەوەرکردنی ژیانی هاووڵاتیان، هەر لەبەر ئەوەشە دەبینین ئەمرۆ ئەو ململانێیە لە نێوان مەزهەبەکان سەری هەڵداوە لەگەڵ ئەوەی هەموومان رۆڵەی یەك وڵاتین و یەك ئایینی ئیسلامیشە، بەڵام لە ئەنجامی بەکارهێنانی مەزهەب لەلایەن کەسانێکەوە بۆ مەرامی حوکمڕانی و تەنگ بوونی پێگەی سیاسەت ئەم دەرئەنجامە مەترسیدارەی لێکەوتۆتەوە.

*** دەبینین کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتیش نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر خۆی لە عیراق نزیك دەکاتەوە، ئایا مانای ئەوە نییە کە بە درێژاییساڵانی رابردوو شکستی هێناوە؟**

- من وای نابینم چونکە نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەرانی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ چەندین راپۆرتیان خستۆتەڕوو سەبارەت بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە عیراقدا،هاوکات داوایان لە رژێمی سیاسی عیراق کردووە رێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت و پشت ببەستێ بە شەراکەتی سەرجەم لایەن و پێکهاتەکان. بۆیە سەردانی بەردەوامی بەرپرسانی نێودەوڵەتی بە تایبەتیش کۆمسیاری یەکێتیی ئەورووپا بۆ کاروباری دەرەوە ئیشتۆت بۆ عیراق کە جەختی کردەوە لە سەر رێزگرتن لە مافی مرۆڤ لە عیراق،هەروەها داوای کرد کە یارمەتی گەلی عیراق بدرێت تاکو لەم قەیرانە رزگاری بێت. من لەوباوەڕەم کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو کاتە یارمەتیمان دەدا کە ئێمە لەسەر دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی عیراق کۆك بین.

*** کەواتە رۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم رووەوە چییە؟**

- حکومەتی ئەمریکا تووشی نائومێدییەکی زۆر بووە پاش رووداوەکانی عیراق و ئەفغانستان کە نەیتوانی ئەوەی مەبەستی بوو بیهێنێتەدی بۆیە ئێستا ئەو لە گۆشەگیریدایە لە ئاست ئەو پشێوییەی بارودۆخی عیراقی گرتۆتەوە، ئەمریکا رۆڵی نەرێنی هەبوو لە نزیککردنەوەی نێوان پێکهاتەکان بەڵکو یارمەتی نەتەوەو ئایینزایەکانی نەدا تاکو گرفتەکانی نێوانیان چارەسەربکەن،بەڵکو بووە هۆی دابەشبوونی عیراق لەسەر بنەمای تایفی و نەتەوەیی لە جیاتی ئەوەی کاربکات بۆ بیناکردنەوەی عیراق و دامەزراندنی دەوڵەتی دامەزراوەیی و دیموکراسی.

*** پێشبینیت بۆ ئایندەی عیراق چییە؟**

- عیراق لە دووڕیانێکی مەترسیدارو لە قۆناغی گواستنەوەدایە کە ماوەی دە ساڵە پێیدا تێدەپەڕێت، ئایندەی عیراق بەستراوەتەوە بە رەفتارو هەڵسوکەوتی ئەوانەی کە حوکمڕانی ئەم وڵاتە دەکەن، واتا ڕاوەستاوەتە سەر چۆنیەتی بە پیرەوەچوونی داخوازی و بەرژەوەندییە باڵاکانی میللەت، بەڵام ئەگەر هەر بیر لە تاکڕەوی بکەنەوەو بۆ مەرامی خۆیان ئەم دەسەڵاتە هەڵسوڕێنن ئەوا ئەم عیراقە بەرەو لەتبوون و هەڵوەشانەوە دەچێت و ئەو کاتە میللەت بە هەموو پێکهاتەکانی ئایینی و نەتەوەیی تێیدا زەرەرمەند دەبێت.

**بەعس هەر بەعسە چ لەوێ بێ یان لێرە، هەر لەبەر ئەوە دەبێ ئێمە پشتیوانی لە گەلی سوریا بکەین لە پێناو دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و رزگاربوون لەو مەینەتییەی پێوەی دەناڵێنێت**

**بە داخەوە من وای دەبینم کە حکومەتی عیراق زیاتر بەلای سوریا دادەشکێنێت تەنانەت رێگە نادات هاتوچۆی نێوان دانیشتووان و عەشیرەتەکانی سەر سنوور بەردەوام بێت**



# کارەساتی پارکی جیزی لە تەقسیم

# بیرکردنەوە لە میکانیزمی نوێی سیاسەتی تورکیا

دۆغو ئەرگیل*

تایبەت بە گوڵان ئامادەی کردووە



ئەگەر بێتو ئەو کارە تێکدەرانە و ئەو نارەزاییەتییە توندەی کە لە مەیدانی تەقسیمدا روویان دا دژی حکومەتی دەسەڵاتدار- حکومەتی پارتی داد و گەشەپێدان- بە نادیدە بگرین، ئەوا لە هەمبەرکۆمەڵگە و سیاسەتی حکومەتی تورکیا دیاردەی جیزی پارك وامان لێدەکات بیر لە شتی نوێ بکەینەوە. بەرلەهەموو شتێك با بێین ئەمانەی خوارەوە شیبکەینەوە:




• بەبێ رەچاوکردنی تەبایی نێوان گروپە کۆمەڵایەتییەکان و بوونی دادپـــەروەری لـــە کارە کارگێڕییەکاندا،ڕێژەی پشـــتیوانیکردن بۆ حکومەتی ئێســـتا چەنـــد بێت، ئەوا حکومڕانیکردنی کۆمەڵگە کارێکی سەخت دەبێت.

• زۆرینـــەی ئـــەو وڵاتە ئاڕاســـتەی گشـــتیی ئیدارە گشـــتییەکە دیاری دەکات، بەڵام پێویستە بیروبۆچوون و پێشـــبینیەکانی کەمینەش لەبەرچاو بگیرێت، بۆ ئەوەی نوێنەرایەتییەکـــی دادپەروەرانە بهێنرێتەئـــاراوە. زۆرینە ڕەنگی زاڵە، بەڵام کۆمەڵگە بە هەموو ئاڵۆزیەکانیشەوە لە چەندین ڕەنگ پێکهاتووە. لەبەرچاوگرتنی کۆمەڵگە بۆ تاکە ڕەنگێك دژ بە فرەیی واقیعی کۆمەڵایەتییە.

• دیموکراسی پێویســـتی بە پێکەوەسازانی جیاوازیەکان هەیـــە. یەکڕەنگـــی لەســـەرەتادا وا دەردەکەوێـــت کە ســـەقامگیری هێناوەتەئاراوە، بەڵام ئەمە دۆخێکی کاتی

و چەواشـــەکارانەیە درەنـــگ یـــان زوو گروپە کپکراو و دوورخراوەکان نارەزایی خۆیان دژ بە سیستمەکە دەردەبڕن. دیارتریـــن نموونـــەش نارەزایی کوردە لەو سیســـتەمە، بەلەبەرچاوگرتنی ئـــەو ناکۆکییەی لە ناو تورکدا هەیە، ئەگەر «ئاشـــتی مەزن» بەدی نەهێنرێت لە تورکیادا، ئەوا لە ئایندەیەکی نزیکدا هەســـت بە شەپۆلەکانی ئەم نارەزایەتییە دەکرێت.

• چینـــی ناوەڕاســـت کە چینێکی نوێیـــە و بەرهەمی ١١ ســـاڵ حکومڕانـــی ئاك پارتیە نـــەوەی ڕۆژگاری مۆدێرنەیـــە. بـــە بەهـــا کۆمەڵایەتییەکان و شـــێوازی ڕەفتارکردنـــی کۆمەڵگەی ئەم دواییە ئاشـــنا نییە کە کۆمەڵگەیەکی تەقلیدی و کەمتر گەشەکردوو بوو. گەنجە پیشـــەوەرەکانی- پرۆفیشنال- ســـەر بە چینی ناوەڕاست پتر مەیلێکی جیهانیان هەیە و زیاتر دەســـت و پەنجەیان لەگەڵ بەهاکانی وەك تاکگەرایی، ئازادی تاکەکەســـی، بەرهەمـــداری و فرەیی کەلتوریدا نەرم کـــردووە. ئەوان حەزناکەن بخزێنرێنە نێو چوارچێوەیەکی جەماعییەوە کە ڕەنگدانەوەی بژاردەی ئازادیی ئەوان نەبێت. ئەوان حەز بە بونی « برا گەورە» ناکەن. ئەوان شۆڕشگێڕنین، بەڵام بە دڵنیاییەوە ڕیفۆرمیستن کە وایان لێدەکات تەحەددای ئەو بەها و شێوەی ڕەفتارکردنەی بەساڵاچووەکان بکەن کە پتر مەیلی ملکەچکردنیان بۆ دەســـەڵات هەیە. زمانیان پتر زمانێکی جیهانییە، نەرم و نیانی تێدایە، داهێنانکارانەیە و مەیل بە ئاشـــتەواییە. لە کاتێکدا ســـەرکردەکانیان بە گومانـــەوە لە جیهانی دەرەوە دەڕوانـــن (لەبەر ئەوەی بە زەحمەت لێی تێدەگـــەن)، ئەوا گەنجە پەروەردەکراوەکانی ئەم ڕۆژگارە پتر لەگەڵ ســـتاندارد و شێوە ڕەفتارکردنە نێودەوڵەتیـــەکان یەکدەگرنەوە،بە دەگمەن ئەوان کەســـانی ناسیۆنالیستن.

**چینی ناوەڕاست کە چینێکی نوێیە و بەرهەمی ١١ ساڵ حکومڕانی ئاك پارتیە نەوەی ڕۆژگاری مۆدێرنەیە. بە بەها کۆمەڵایەتییەکان و شێوازی ڕەفتارکردنی کۆمەڵگەی ئەم دواییە ئاشنا نییە کە کۆمەڵگەیەکی تەقلیدی و کەمتر گەشەکردوو بوو**

• پارت و گروپەکانی موعارەزە نەیانتوانی ئەجێندایەکی قەناعەتپێهێنـــەر دابڕێـــژن کە پشـــتیوانیی جەماوەر بۆ خۆیـــان کۆبکەنەوە. بـــەڵام بزووتنەوە بەرهەڵســـتکارییە عەفەویەکە دژ بە دڵڕەقیی حکومەت لە ئاســـت پرســـە ژینگەیـــی و مەدەنییەکان وەك جیزی پارك، هەر زوو بە زوو کاریگەرییەکی شەپۆلئاســـای دروســـتکرد و زۆرێك لەو گروپانەی ڕاکێشـــا کە نارەزایبوون لە ســـتەمکاریی حکومەت و دەســـتێوەردان لە ژیانی شەخســـی و بژاردو ئامانجەکلتوریەکانـــدا. ئـــەم بارودۆخەکە سەریکێشـــا بـــۆ ئاڵۆزیی زیاتر: (أ) لێکدانـــەوەی حکومەت بۆ ئەم بەرهەڵســـتییە ڕوو لـــە گەورەبوونە، بـــەڵام نارێکخراوە ئەوە بوو کە ئەمە هەڕەشـــەیە لەسەر وجودی حکومەت. دەســـتکرا بە بەدواداچوون دەبارەی ئەو کارە تێکدەرانەی کە دەستی دەرەکییان لە پشتەوەبوو، ئەویش بە هاوکاریی ڕۆژنامەگـــەری کە تام و بۆیەکی دیکەی پێبەخشـــی. (ب) ئەو بزوتنەوە بەرهەڵستکارییەی کە لەلایەن گەنجی هۆشـــیارەوە دەســـتی پێکرا لەلایەن گروپە جیاوازەکانەوە دەستی بەســـەرداگیرا وەك کاربەدەستانی بیرۆکراتییەتی کـــۆن ئەوانەی لە بەرامبـــەر ئاك پارتیدا دەســـەڵاتیان لەدەســـتدابوو، هەروەها پارتە سیاســـییەکان کەئەوان لە پرۆسەکەدا پێگەیان نەبوو. خۆشبەختانە گەنجانی جیزی پـــارك حەزیان بە هیچ یەکێـــك لەوانە نەبوو و خۆیان لێ دوورخســـتنەوە. (ج) ئەو « شۆڕشەی» چاوەڕوان دەکرا لـــەم بزووتنەوەیەوە بکەوێتەوە، نەهاتـــەدی، لەبەر ئەوەی ئایدۆلۆژیایەکـــی نییـــە، هەیکەلبەندیی ڕێکخســـتن و سەرکردایەتی نییە. بەڵکو کاردانەوەیەکی دەم و دەست بوو بۆ کارە ستەمکاریی و خۆسەپێنەکانی حکومەتی ناوەند کە ویستی ســـەنتەری ئەستنەبول بگۆڕێت بۆ شتێك کە هاووڵاتیانی گەڕەکەکە پێی ڕازی نەبوون.

**ئێمە گەیشتوینەتە ئەو ڕاستییە کە تورکیا بە گۆڕانێکی گەورەی کۆمەڵایەتیدا تێدەپەڕێت و گروپی نوێی کۆمەڵایەتی لە دروستبووندایە. کە داواکاری و چاوەڕوانی نوێیان هەیە**

• ئـــەوەی گەنجـــان و «دۆســـتەکان»یانی کۆکردەوە دەزگایەکی ئەلەکترۆنی بوو پێی دەڵێن «سۆشیال میدیا- Social Media». کە هەمان دەزگا بوو بە ملیۆنەها خەڵکـــی کۆکـــردەوە لە وڵاتـــە عەرەبیەکانـــدا کە تێیدا ئۆپۆزســـیۆنی ئازاد ڕێگەپێدراو نەبوو. ئایا شۆڕش لەم هەلو مەرجانەوە لەدایك دەبێت؟ بە زەحمەت، بەڵام ڕەنگە شۆڕشێکی ڕاستەقینەی لێبکەوێتەوە. شۆڕشێك کەبەهۆی سیستمی مۆدێرنی پەیوەندیکردنەوە گەشە بکات و دواتر کامڵ بێت و ببێتە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراو، بەڵام نەك دەم و دەست لە ئێستادا.

لـــە کۆتاییدا، ئێمە گەیشـــتوینەتە ئەو ڕاســـتییە کە تورکیا بە گۆڕانێکی گەورەی کۆمەڵایەتیدا تێدەپەڕێت و گروپی نوێـــی کۆمەڵایەتی لە دروســـتبووندایە. کە داواکاری و چاوەڕوانـــی نوێیـــان هەیـــە. چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتی-کەلتوریەکانیان زۆر جیاوازە لە چاوەڕوانی هاوچینەکانی پێشـــویان. ئەوان یان دەبێت جێیان بکرێتەوە لە نێو کۆمەڵگەدا یان شـــایەتحاڵی بەرهەڵســـتیکردنیان دەبین بۆ سیســـتمە چەســـپیوەکە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا نیشانەی گۆڕانی گەورەی کۆمەڵایەتی بەدی دەکرێت. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تورکیا (یان باشترە بڵێین حکومەت) سەرکەوتووانە سەرکردایەتی ئەم گۆڕانە دەکات یان هەوڵی پاراســـتنی پەرستگاکە دەدات تا ئەو کاتەی دەردەکەوێت هەوڵێکی بێهودەیە؟ هەڵوێســـتی لە ئاست ئەم کێشەیەدا سەرکەوتن و تەمەندرێژیی ئەم حکومەتە و سەقامگیریی تورکیا دیاری دەکات.

---


*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

# کوردی باکوور و بنەماکانی پێشکەوتنی ئابووریی تورکیا



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان دەینووسێت

لەساڵی ١٩٢٥ بەدواوە، پاش دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەی شێخ سەعید پیران، تورکیا دەستی بە راگواستنی کورد کرد بۆ ناوچەکانی دەرەوەی کوردستان و لەساڵی ١٩٢٨ بەدواوە ناوچەکە خرایە ژێر سەرپەرشتیی «پشکنەری گشتیی رۆژهەڵات». بەدرێژایی ماوەی نێوان ١٩٢٥-١٩٦٥ هیچ بیانییەك بەبێ مۆڵەت بۆی نەبوو سەردانی کوردستان بکاو لە ساڵی ١٩٣٤دا دەوڵەت ئەو یاسایەی دەرکرد کە بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر کوردی راگواست و وایکرد رێژەی کوردە راگوێزراوەکان لەو شوێنانەی بۆی راگوێزراون بەهیچ شێوەیەك نەگاتە ٥٪ی دانیشتوان.
هەروەها هێشتنەوەی ناوچەکە بە دواکەوتوویی و تەرخانکردنی کەمترین بودجە بۆ ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانی، ژمارەیەکی زۆر کوردی ناچار کرد بۆ کارکردن کوردستان بەجێ بێڵن و بچنە ناوچە تورك نشینە پێشکەوتووەکان. لە رەوتی مێژوویيدا کوردە کۆچ پێکراوەکان و کوردە کۆچبەرەکان، بۆ دابینکردنی گوزەران و بژێوی خێزانەکانیان بەکەمترین کرێ هەموو کارێکیان کردووە. پرۆسەکە لەناوەڕۆکدا هەر پرۆسەیەکی سیاسی نییەو پاڵنەرەکەی تەنیا شۆڤێنیزم و رقی نەتەوەیی نییە، بەڵکو دوراییەکی ئابووریشی هەیە چونکە لەڕووی مێژووییەوە کۆچ پێکردن و کۆچی ناچاریی کورد لە بەرەنجامی کۆتاییدا بۆتە فاکتەرێکی ئابووریی گرنگ بۆ دابینکردنی دەستی کاری هەرزان بۆ پیشەسازییەکانی ئەنکەرە و ئیستانبول و ئیزمیر و شوێنەکانی دیکە.
ئەمە بەم مانایە دێ کەبەشێکی گرنگی پێشکەوتنی ئابووریی تورکیا بە درێژایی ماوەی ٨٠ ساڵ پشت ئەستوورە بە رەنج و ئێش و ئازاری رەشوڕووت و نەدارانی کورد لە ناوچە تورك نشینەکان.
ئەزموونی پێشکەوتنی ئابووریی تورکیا لەم رووەوە تا ئەندازەیەکی زۆر رووخسارە گشتییەکانی ئەزموونی پێشکەوتنی ئابووریی بریتانیاو ئەمریکای تێدا دەبینرێ. بنچینەی پێشکەوتنی ئابووریی بریتانیا دەچێتەوە سەر شۆڕشی پیشەسازیی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم. ئەم شۆڕشە کە سیستمی دەرەبەگایەتیی بە یەکجارەکی هەڵتەکاند، کاریگەریی زۆری خستە سەر سیستمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و ئامێری کردە بنەمای سەرەکیی بەرهەمهێنان. بەڵام لەناوبردنی دەرەبەگایەتی، لەگەڵ خۆیدا سەدان هەزار کەسی لە لادێکانەوە بەرەو شارەکان پاڵ پێوە ناو ئەمانە هەموویان بەهۆی هەژارییەوە لە مانیفاکتۆر و کارگەکان کاریان کردو زۆرترین قازانجیان بۆ سەرمایەدارەکان دابین کرد. لە سۆنگەی شۆڕشی پیشەسازییەوە شارە ملیۆنییەکان پەیدا بوون کە زۆرینەی دانیشتوانیان بەدەم هەژاری و قاتی و نەخۆشییەوە دەیانناڵاند.
لە ئەمریکاش سیستمی کۆیلەداری و هێنانی کۆیلەی رەش پێست لە ئەفریقیاوە بۆ ئەمریکا بووە فاکتەری سەرەکیی دابینکردنی دەستی کرێکار بۆ پرۆژە ئابوورییە گەورەکان، بەتایبەتی لە هەرێمەکانی باشوور. تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، کاتێك سەرۆکی ئەمریکا ئەبراهام لنکۆلن جەنگی رزگارکردنی کۆیلەی دەست پێکرد، کۆیلە رەش پێستەکان کۆڵەکەی سەرەکیی پێشکەوتنی ئابووریی ئەمریکایان پێکهێناوە.
ئەم دیاردەیە لەتورکیا دەبینرێ. لە ساڵانی هەشتاکانیش، پاش ئەوەی کە پەکەکە دەستی بەخەباتی چەکداری کرد، هەلومەرجێکی دژوار لە کوردستانی باکوور هاتە ئاراوەو بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆری کورد کوردستانیان بەجێ هێشت و بەکەمترین کرێ لەناوچەکانی دەرەوەی کوردستان کاریان کرد. ئەم کۆچ کردنە بووە پاڵپشتێك بۆ بورژوازیی تورك و مەرجی پێویستی بۆ پەرەپێدانی قازانجی زۆرتری بۆ فەراهەم کرد.
ئەمە بەو سەرەنجامە دەگات کەئەو پێشکەوتنە ئابوورییەی کە ئەمڕۆ تورکیا بەدەستی هێناوەو پێوەی دەنازێ، لانی کەم بەشێکی گرنگی بۆ کورد دەگەڕێتەوە. ئەم مۆدێلە بەشێوەیەکی کاڵتر دەشێ لە ئیسرائیل ببینرێ کە لەوێدا بەشێکی گرنگی پیشەسازیی ئیسرائیل پشت بە دەستی کاری هەرزانی فەلەستینییەکان دەبەستێ چونکە فەلەستینییەکان ناچارن بۆ دابینکردنی بژێوی رۆژانەیان لەناوچە جوولەکە نشینەکان کار بکەن.
داهاتی تاك لە تورکیا لەماوەی دە ساڵی ئەم دواییەدا لە ٣٠٠٠ دۆلارەوە گەیشتۆتە ١١ هەزار دۆلار و رێژەی گەشەش لەساڵی ٢٠١١ گەیشتبووە ٨،٨٪. بنەمای ئەم پێشکەوتنە ئابوورییە تەنیا ناوەستێتە سەر گورج و گۆڵیی بورژوازیی تورك و سیاسەتی راکێشانی سەرمایەی بیانی، بەڵکو هەروەها دەوەستێتە سەر بوونی دەستێکی کاری هەرزانیش کە زۆربەی هەرە زۆری هی کوردە. ئەگەر ئەو دەستی کارە هەرزانە نەبێ، پیشەسازیی تورکیا هەرگیز ئەو قازانجە بەدەست ناهێنێ کە تا ئەمڕۆ بەدەستی هێناوەو ناچار دەبوو دەرگا بۆ هاوردنی دەستی کار لەدەرەوە ئاوەڵا بکات یاخود کرێی زۆرتر بەکرێکاران بدات.
لەهەلومەرجی ئەمڕۆدا پرۆسەی ئاشتی، ئەگەر چانسی سەرکەوتنی هەبێ، پیشەسازیی تورکیا لەدەستی کاری هەرزانی کورد بێبەش ناکا، بەڵکو دەرگا بۆ بواری دیکەی قازانج دەکاتەوەو چانسێکی زۆرتر بۆ وەبەرهێنەرانی تورکیا دەرەخسێنێ بۆ وەبەرهێنان لە ناوچەیەك کەدەستی کاری هەرزانی تێدا چنگ دەکەوێ و هەشتا ساڵە لە هەموو جۆرە پەرەپێدانێکی ئابووری بەهۆی سیاسەتی پەراوێزخستنەوە بێبەشەو لەمێژە چاوەڕێی ئاوڕ لێدانەوەیە.



### سامی کۆهین لە رۆژنامەی میللیەتی تورکی بۆ گوڵان:

# کۆبوونەوەکانی ئەم دواییەی گروپی ٨ لەسەر سوریا سەردەمانی شەڕی ساردی بیرهێنایەوە

**سامی کۆهین یێجگە لەوەی رۆژنامەنووسێکی دیاری تورکیایەو یەکێکە لە ستوونووسەکانی رۆژنامەی میللیەتی تورکی، لەهەمانکاتدا یەکێکە لەو چاودێرە سیاسیانە کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی راو بۆچوونی وەردەگیرێت و حسابی بۆ دەکرێت، کۆهین کە ماوەی زیاتر لە نیوسەدەیە کاری رۆژنامەگەری سیاسیی دەکات، تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی تورکیاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای سوریا و ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی کێشەی سوریا لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی دروستیکردووە، گوڵان ئەم دیمانەی لەگەڵ سامی کۆهین ئەنجامداوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** حاڵی حازر سوریا گەورەترین کێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و جۆرێك لە جەمسەرگیری دروست بووە، چۆن بارودۆخی سوریا دەبینیت و ئایا ئەم جەمسەرگیرە نێودەوڵەتییە کۆتایی هێنانە بە تاك جەمسەری؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەوە راستە کە دۆخی سوریا سەریکێشاوە بۆ دوو پرسی گرنگ: یەکەمیان بریتییە لە دابەشبوون و جەمسەرگیری ئایینی و تائیفی و ئیتنی لە ناو سوریادا، کە زۆر مەترسیدارە بۆ تەواوی ناوچەکە. دووەمیان سەردەکێشێت و -لە راستیدا سەری کێشاوە- بۆ بە نێودەوڵەتیکردنی ناکۆکیەکی ناوخۆیی، کە دەستێوەردانی زیاتر و زیاتر دەبینین لەلایەن وڵاتە دەرەکییەکان و رێکخراوە دەرەکیەکانەوە، کەواتە مەترسیەکە ئەوەیە ئەمە زیاتر و زیاتر ببێتە ناکۆکیەك بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کە ئەمە دەبێتەهۆی دابەشکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی- کە ئێمە حاڵی حازر ئەم دابەشبوونەمان بینیوە-ئەوەی ئەم هەفتەیە لە کۆبوونەوەی وڵاتانی G8دا گوێبیستی بووین لە نێوان سەرکردەکانی رۆژئاوا و سەرۆکی روسیا، کە رۆژگاری کۆنی سەردەمی جەنگی ساردمان بەبیر دەهێنێتەوە، دابەشبوون و رکابەری نێوان دوو کامپ، ئەمە مایەی نیگەرانیەکی زۆر و مایەی مەترسیەکی زۆرە. بەم دواییە دەستێوەردانی زۆر ئاشکرایی حزبوڵامان بینی لە سوریا، کە –حزبوڵا- نکۆڵی لێناکات و جەختی لەسەر دەکاتەوە و لە راستیدا رایدەگەیەنێت، کە ئێستا هێزەکانی حزبوڵا شان بەشانی هێزەکانی ئەسەد شەڕ دەکەن. مایەی گاڵتەجاڕیە کە حزبوڵا و لایەنی دیکە چالاکانە لە شەڕەکەوە تێوەگلاون، هەروەها روسیەکان بە ئاشکرا رایدەگەیەنن کە لە رووی سەربازییەوە هاوکاری دەکەن، لەبەر ئەوە ئیلیتزاماتیان لە ئەستۆیە لەبەرامبەر ئەسەددا، لەبەر ئەوە هەموو جۆرە چەکێکی پێشکەوتوویان بۆ دەنێرن، بە بینیی ئەم وێنەیە مایەی گاڵتەجاڕییە. کەواتە کاتێك لە ئەجێندای وڵاتە



**کاتێک لە ئەجێندای وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە دەتوانرێت چی بکرێت بۆ هاوکاریکردنی هێزەکانی موعارەزە، ئایا هاوکاریەکی سەربازی دەبێت بۆ ئەوانەی لە ناو سوریادا شەڕدەکەن. ئەمە مایەی گاڵتەجاڕی دەبێت، چونکە ئەمە لەلایەن وڵاتانی وەک روسیا و ئێران و روسیا بە دەستێوەردان دادەنرێت**

رۆژئاواییەکاندا ئەو پرسیارە دێتەپێشەوە کە دەتوانرێت چی بکرێت بۆ هاوکاریکردنی هێزەکانی موعارەزە، ئایا هاوکاریەکی سەربازی دەبێت بۆ ئەوانەی لە ناو سوریادا شەڕدەکەن. ئەمە مایەی گاڵتەجاڕی دەبێت، چونکە ئەمە لەلایەن وڵاتانی وەك روسیا و ئێران و روسیا بە دەستێوەردان دادەنرێت، بەڵام کێ لە سەرەتادا دەستێوەردانی کرد؟ بێگومان ئەوانەی پشتگیری ئەسەد دەکەن، بەڵام جیهانی ئێستا پتر دابەشبووە و گەلاڵەبوونی کامپی نێوان دەبینین لە ئاست شەڕی سوریادا.

*** کۆنفرانسی جنێف ٢ نەبەسترا، ئەمەش بە مانای ئەوەیە چارەسەرێکی سیاسی بۆ پرسی سوریا لە ئارادانییە، کەواتە ئاییندەی ئەم وڵاتە چۆن دەبێت و چۆن ئەم شەڕە کۆتایی دێت؟**

- چەند مانگێك پێش ئێستا کاتێك بیرۆکەی گرێدانی کۆنفرانسی جنێف ٢ تەرحکرا، هەموومان ئومێدێکی زۆر و پێشبینیەکی زۆرمان هەبوو کە لە کۆتاییدا جۆرێك لە رێککەوتن دێتە ئاراوە کە بە دواداچوون بکرێت بۆ جنێف ١ کە کۆنفرانسێکی شکستخواردوو بوو، بەڵام بە پەندوەرگرتن لە ئەزموونی کۆنفرانسی پێشوو- ئومێدی ئەوە هەبوو- بەرەوپێشچوونێك بێتەئاراوە، و بەشدارییەکی بەرفراوان بکرێت لەلایەن هەموو وڵاتە پەیوەندیدارەکان یان بایەخپێدەرەکانەوە بە شەڕی سوریا، لەگەڵ هەردوولایەنی ناو سوریا، موعارەزەی و کەسێکی- بە دڵنیاییەوە خودی ئەسەد خۆی نا- ناو حکومەتی سوریا کە جێی قبوڵکردن بێت. بەڵام بە داخەوە جارێکی دیکە روسیا هەڵوێستێکی سەرسەختانەی گرتەبەر، راستە لە رووی مەبدەئیەوە رایگەیاند کە لەگەڵ گرێدانی کۆنفراسی جنێف بوو، بەڵام لەڕووی عەمەلیەوە دەیانوت تەنیا بەپێی مەرجەکانی ئێمە کۆدەبینەوە، هەر بۆیە مانگی رابردوو ئومێدی ئەوەم هەبوو کە ئەم مومارەسە دیپلۆماسیە

**دۆخێکی زۆر تێکەڵ و پێکەڵ هەیە، ئەو راستیەش لەبەرچاوە کە سوریا بۆتە گۆڕەپانی ئەزموونکردنی سیاسەتی وڵاتە دەرەکیەکان لەسەر حسابی خەڵکی سوریا- بە داخەوە- کە ئەوان باجەکەی دەدەن**

ببێتە هۆی خاوکردنەوەی بارگرژیەکە و کۆتاییەك بۆ شەڕ و دوژمنکاری نێو سوریا بهێنێت کە ڕۆژانە بە دەیان کەس دەکوژرێن، لەم حاڵەتەدا هەموو دەگەڕێنەوە بۆ پرسە سەرەکیەکە، ئەویش ئەوەیە شەڕەکە بوەستێنرێت و پێویستە هێزە گەورەکان، ڕژێمی ئەسەد ناچاربکەن کارە دوژمنکاریەکان رابگرن و زەمینەی گفتوگۆکردن بسازێنن و کۆنفرانسی جنێفیش دەبێتە هەنگاوێك بۆ بەدواداچوون، بەڵام ئێمە دوورین لەوەوە و شەڕەکە لە ناو سوریادا بەردەوامە.

*** روسیا لەلایەك چەك بە ئەسەد دەدات و رۆژئاواش بە موعارەزە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگ دەبێت و سوریا دەکاتە گۆڕەپانی هاوسەنگی هێزی نێودەوڵەتی؟**

- راستە، سوریا بۆتە گۆڕەپانی شەڕی سیاسەتی هێزە گەورەکان، ئەو هێزە سیاسیانەی لە ناو سوریادا شەڕدەکەن، هێزەکانی سەر بە ئەسەد و هێزەکانی موعارەزە، کاریگەرن بە هێزە دەرەکیەکان. کامپەکان روونن، لەلایەك روسیا و ئێران و حزبولڵا هەیە کە چالاکانە تێوەگلاوە لە شەڕەکەدا، هەروەها پشتیوانەکانی موعارەزەش هەیە، کە هەر یەکەیان بە رادەی جیاواز، وەك سعودیە و وڵاتانی کەندا و تورکیا، و تا رادەیەك هەندێ لە وڵاتە رۆژئاواییەکان، وڵاتە ئەوروپیەکان، تا ئێستا ئەمریکا راستەوخۆ نەهاتۆتە ناو کێشەکەوە و ئەڵمانیا دژی چەکدارکردنی هێزەکانی موعارەزەیە. فەڕەنسا کەم تا زۆر لەگەڵ ئەوەدایە، بەڵام هاوکاریشی ناکات، لەبەر ئەوە موعارەزە بێزارە و بێئومێدە لە نەبوونی هاوکاری سەربازی لەلایەن رۆژئاواوە. کەواتە دۆخێکی زۆر تێکەڵ و پێکەڵ هەیە، و ئەو راستیەش لەبەرچاوە کە سوریا بۆتە گۆڕەپانی ئەزموونکردنی سیاسەتی وڵاتە دەرەکیەکان لەسەر حسابی خەڵکی سوریا- بە داخەوە- کە ئەوان باجەکەی دەدەن.

*** سەرەڕای ئەوەی بڕیاری پێدانی چەکیان بە موعارەزەی سوریداوە، بەڵام رۆژئاوا و ئەمریکا ترسیان هەیە لەوەی بکەونە دەستی تیرۆریستیان لەناو سوریا، کەواتە چۆن ئەم بارودۆخە چارەسەر دەبێت؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە یەکێکە لەو لایەنانەی شەڕی سوریا کە مایەی سەرلێشێواندنە، چونکە ئێمە باسی موعارەزەی سوری دەکەین، بە باڵی سیاسی و سەربازیەوە، کە دەستەیەکی یەکڕەنگ نین، کە هەموو چەشنە خەڵکێکی تێدایە، لیبراڵی و عەلمانی و ئیسلامی و ئیسلامی توندڕەو و....، واتە کۆبوونەوەیەکە لە لایەنە جیاوازەکان. رەنگە ئەمە تا رادەیەك لە بواری سەربازیدا رێگەپێدراو بێت، بەڵام کاتێك دێینە سەر باڵی سەربازی موعارەزە، ئەوا چەندین لایەنی تێدایە، و تەنیا سوپای ئازادی سوری نییە، بەڵکو ئیسلامی توندڕەو و ئیسلامی رادیکاڵ سوود لە بارودۆخەکە وەردەگرن و هەوڵدەدەن ئەوەندەی دەتوانن کۆنترۆڵی مەسەلەکان بکەن. کەواتە لە روانگەی رۆژئاوا و ئەمریکاوە ئەمە مایەی کۆسپ و تەگەرەیە، چونکە نەك هەر موعارەزەیەکت هەیە دابەشبووە، بەڵکو لەلایەن لایەنێکی جیاوازەوە دەستی بەسەر داگیراوە. کەواتە ئەوەی ئێستا ئەمریکا رووبەڕووی بۆتەوە ئەوەیە لە حاڵەتی بڕیارداندا بە پێدانی چەك بە هێزە شەڕکەرەکانی موعارەزەی سوریا، بە سوپای ئازادی سوری، پرسیارەکە ئەوەیە ئەو چەکانە بۆ کوێ دەچن، ئایا ناکەوێتە دەستی توندڕەوەکانی هاوشێوەی توندڕەوەکانی ئەل قاعیدە. کەواتە ئەمە یەکێکە لەو کێشانەی رۆژئاوا دەیوروژێنێت و بە باوەڕی من ئەمە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی ئەوەی ئەمریکا بە حەزەرە و دوودڵە لەوەی بڕیاری پێدانی چەك بدات یان نا.

*** لایەنێکی دیکەی کێشەی تایەفەگەری ئەوەیە کە میحوەرێکی شیعە دروستبووە کە لە ئێران تاوەکو لوبنان درێژ دەبێتەوە، و میحوەری سوننە کە وڵاتە عەرەبیەکان و تورکیا لە خۆدەگرێت، ئایا ئەم دابەشبوونە تا چەند ناکۆکی تایەفەگەری لە ناوچەکەدا دروست دەکات و چۆن ئەم کێشەیە رەنگدانەوەی دەبێت لە ناو تورکیادا؟**

- ئەمە مەترسیە، هەروەك لە سەرەتادا ئاماژەم پێکرد، ئەمە مەترسیەکی گەورەیە. لە پەیوەندیدا بە شەڕی سوریاوە تاوەکو دابەشبوونی زیاتر دروست بێت لە نێوان سوننە و عەلەویەکان و گرووپەکانی دیکە لەم جوگرافیە هەستیارەدا، وەك لوبنان کە بونیادێکی هاوشێوەی سوریای هەیە، بونیادێکی فرە کەلتوری و فرەئیتنی و ئایینی هەیە، ئەوا بۆی هەیە کاریگەریەکەی بپەڕێتەوە بۆ وڵاتانی دیکە، کەواتە ئەمە زۆر مەترسیدارە. لە روانگەی تورکیاوە، من دەزانم تورکیا و بەرپرسە رەسمیەکانی ئەو وڵاتە زۆر نیگەرانن لەبارەی ئەم بارودۆخەوە، نایانەوێت سوریا دابەش بێت، و نایانەوێت شەڕ لە نێوان شیعە و سوننە و عەلەوی و کورد و مارۆنی و دروز و ئەوانی دیکەدا بەردەوام بێت. کەواتە تورکیا نایەوێت ئەمە رووبدات، یەکەمیان

> **ئەوەی ئێستا ئەمریکا رووبەرووی بۆتەوە ئەوەیە لە حاڵەتی بڕیارداندا بە پێدانی چەک بە هێزە شەڕکەرەکانی موعارەزەی سوریا، بە سوپای ئازادی سوری، پرسیارەکە ئەوەیە ئەو چەکانە بۆ کوێ دەچن، ئایا ناکەوێتە دەستی توندڕەوەکانی هاوشێوەی توندڕەوەکانی ئەل قاعیدە**

> **لە پەیوەندیدا بە شەڕی سوریاوە تاوەکو دابەشبوونی زیاتر دروست بێت لە نێوان سوننە و عەلەویەکان و گرووپەکانی دیکە لەم جوگرافیە هەستیارەدا، وەک لوبنان کە بونیادێکی هاوشێوەی سوریای هەیە، بونیادێکی فرە کەلتوری و فرەئیتنی و ئایینی هەیە، ئەوا بۆی هەیە کاریگەرییەکەی بپەڕێتەوە بۆ وڵاتانی دیکە**



لەبەر ئەوەی ئەمە ناوچەکە ناسەقامگیر دەکات و تورکیاش لەم بەشەی جیهاندا دەژیت و بە دڵنیاییەوە بەشێکی دەکەوێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. لەبەر ئەوە نیگەرانی هاوشێوەی هەیە لەبارەی خەڵکەکەیەوە، ئێمە ئەمەمان لە پارێزگای هەتاییدا بینی کە خەسڵەتێکی فرەکەلتوری هەیە، ئێمە بارگرژی هەڵکشاومان بینی لە نێو خەڵکانێکدا کە سەر بەتایەفەی ئایینی جیاواز بوون......هەر لەبەر ئەمەشە تورکیا بە بەردەوامی هۆشداری داوە بە هێزەکانی موعارەزەی سوری کە خۆیان بەدووربگرن لە هەر کردەوەیەکی کە سەربکێشێت بۆ توندوتیژی تایەفەگەری و بۆ دابەشبوونی تایەفەگەری.

*** زۆرێك لە شارەزایان و چاودێران باس لەوە دەکەن کە بەهۆی کاریگەری دۆخی سوریا، هەل و مەرجی عێراق ئاڵۆز بووە و پێیانوایە ڕژێمی ئەسەد هەوڵی ناسەقامگیرکردنی سوریا دەدات، وەك ئەو تەقینەوانەی لە ڕەیهانلی ڕوویاندا، واتە باوەڕیان وایە هەمان شت دەربارەی عێراق ڕاستە، و دەڵێن پشتیوانی عێراق بۆ ڕژێمەکەی ئەسەد بۆتەهۆی ئەوەی تیرۆریستان بێنە ناو خاکی عێراقەوە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك کێشەی سوریا کاریگەری هەیە لەسەر بارودۆخی عێراق؟**

- مەترسی پەڕینەوەی شەڕی سوریا نیگەرانترین کێشەیە، بە دڵنیاییەوە ئەوەش دەزانین کە ڕژێمەکەی ئەسەد، لە باوکەوە بۆ کوڕ چالاکی ئەنجامداوە بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای خۆی لەوڵاتانی دراوسێدا. ئێوە ئاماژەتان بە ڕووداوی ڕەیهانلی کرد، کە گومانی تێدانییە پەیوەندی بە ڕژێمی سوریاوە هەبوو. کەواتە لەو ڕووەوە ڕژێمی ئەسەد تورکیا بە وڵاتێکی دوژمنکار دادەنێت و بە دڵنیاییەوە حکومەتی تورکیاش سوریا بە وڵاتێکی دوژمنکار و بگرە مەترسیدار دادەنێن، ئەویش لەبەر ئیعتیبارانی ئەمنی و لەبەر ئەوەی لە ڕەیهانلی و بە درێژایی سنورەکان ڕوویاندا. ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت، ئەوا بۆ من جێی سەسوڕمان نابێت، ئەگەر بەڵگەی زیاتر ئاشکرابێت-من نازانم چەند بەڵگە هەیە- لەبارەی تێوەگلانی سوریا و تێوەگلانی ئەسەدەوە لەو شڵەژانەی ئێستا لە عێراقدا هەیە لەڕووی دابەشبوونی تایەفەگەری و توندوتیژی تایەفەگەریەوە، کەواتە هەروەك ئاماژەم پێکرد، سوریا، بەعس تێوەگلاوە لەم کارانەدا و ئێستاش ئەگەرێکی مەترسیدار هەیە کە تێوەبگلێن لە بارودۆخەکە.

# ڕۆحانی و ئەگەری گۆڕانکاری لەسیاسەتی ئێراندا



دەیڤید رۆمانۆ*

مانگی جارێک تایبەت بە گوڵان دەنووسێت

ئەم هاوینە، میانڕەوترین پاڵێوراوی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئێران زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێنا. هەرچۆنێك بێت، لەبەر ئەوەی پیاوانی ئایینی حکومڕانی وڵاتەکە دەکەن تەنانەت ڕێگریان لە هەر پاڵێوراوێك کرد کە بە ڕاستی ڕیفۆرمیست بێت بۆ ئەوەی کێبڕکێ لە هەڵبژاردنەکاندا بکات، ئەوا ئەمە شتێکی زۆرمان پێناڵێت- تەنها ئەوەنەبێت کە پێدەچێت زۆرینەی ئێرانییەکان خوازیاری گۆڕانکاری بن.

حەسەن ڕۆحانی، کەسێکی سەنتیریستە کە وەك تاکە بژاردەی ئەو دەنگدەرانەی وڵاتەکە مایەوە کە هزرێکی ڕیفۆرمیستیان هەیە. ئەو کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٣دا گەورە ڕاوێژکاری ئێران بوو بۆ کێشەی ناووکی، تاکە سازشی ڕاستەقینەی لە مێژووی ئەم گفتوگۆیانەدا پێشکەشکرد ئەویش هەڵپەساردنی پیتاندنی یۆرانیۆمی ئێرانی بوو وەك هەنگاوێك بۆ دروستکردی متمانە . ئەم هەنگاوەی هەڵپەساردنی یۆرانیۆمە تا هەڵبژاردنی ئەحمەدی نەژاد بەسەرۆك کۆماری ئیران لەساڵی ٢٠٠٥ درێژەی کێشا. لەسەر ئەم پرسە ڕۆحانی لەلایەن توندڕەوەکانەوە سووکایەتیی پێکرا و بەوە تۆمەتبار کرا کە سازشی کردووە و لاواز دەرکەوتووە لەبەرامبەر ڕۆژئاوادا، هەربۆیە سەرەنجام لە پۆستەکەی لادرا. بە دڵنیاییەوە، لە ئێراندا سەرۆك سیاسەتی وڵاتەکە لە ئاست هیچ مەسەلەیەکی بایەخداردا داناڕێژێت، بەڵکو ڕابەری باڵای هەڵنەبژێردراو و ئەنجومەنی پارێزگاریکردن لە دەستوور هەڵنەبژێردراو، لەگەڵ سەرکردایەتیی گاردی شۆڕشگێڕیدا، ئەو کارە دەکەن. ئەگەر بە ڕاستی حەسەن ڕۆحانی بیتوانیایە ئێران بگۆڕێت، ئەوا هەر لە بنەڕەتەوە ڕێگەی پێنەدەدرا کێبڕکێ بکات لە هەڵبژاردنەکاندا، چ جای ئەوەی بیباتەوە.

لەبەرە ئەوە زۆرێك لە شیکەرەوەکان هەندێ پاساویان بینی لەوەدا کە ئەم هەڵبژاردنەی دوایی بە دانانی هەنگاوێکی نوێ لەلایەن ڕابەری باڵا عەلی خامنەئی ببینن. سەرکردایەتیی ڕاستەقینەی ئێران بە جیهان دەڵێت « ئەحمەدی نەژاد» لە پاڵ زمانە زبرەکەی و باسکردن لە تیۆرە پیلانگێڕییەکان و نکوڵیکردن لە هۆلۆکۆست و هەنگاوە دیبلۆماسیە هەڵەکانی دیکەی « لە دەسەڵات دورکەوتەوە». ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن « ئێمە سەرکردەیەکی نوێی باشمان هەڵبژاردووە و ئێستا دەتوانن کۆتایی بە سزاکان بهێنن و مامەڵەمان

لەگەڵدا بکەن.» لە ڕاستیدا دەسەڵاتداری ڕاستەقینە لە ئێراندا هەروەك هەمیشە وەك خۆی دەمێنێتەوە، بە دڵنیاییەوە، و لە ڕوداوێکدا کە ئەگەری زۆرە ڕوونەدات ئەوەیە بەڕێز ڕۆحانی بەڕاستی تەحەددایان بکات، بەڵام ئەگەر ئەم کارە بکات، ئەوا ئەوەندە بە خێرایی دەرگای چوونەدەرەوەی پیشان دەدرێت کە دەتوانین بڵێین دەگاتە «ئیقامەی جەبری».

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە لە دوای ڕووداوێکی جێی سەرنج دێت کە لە ژێر پەردەی سیاسەتی ئێرانیەوە ڕوودەدات. ڕۆحانی بێ مۆڵەتی دەسەڵاتی ڕاستەقینەی وڵاتەکە تاکە سازشی ئێرانی لە گفتوگۆکانی ساڵی ٢٠٠٣دا پێشکەش نەدەکرد. هەروەها ڕێگەی پێنەدەدرا کێبڕکێ لەم هەڵبژاردنانەدا بکات و سەرکەوتن بەدەست بێنێت بە بێ ڕەزامەندی سەرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی بە ڕاستی جێی سەرنجە، ئەوەیە ئێستا سەرکردە باڵاکەی ئێران هەست دەکات پێویستە گۆڕانکاری بکرێت. ئەمە ئاماژەیە بە ئەگەری گۆڕانێك لە سیاسەتدا کە تێیدا ڕۆحانی ئامرازی ئەم ئاڕاستە نوێیە بێت نەك خودی سەرچاوەکەی. بە کورتی، ڕەنگە عەلی خامنەئی و هێزە گرنگەکانی دیکە لە ئێراندا ئامادەی هەندێ سازشبن لەگەڵ ڕۆژئاوادا، و ئامادەی ئاستێکی کەمی لیبرالیزکردن بن لە وڵاتدا، یان هەردووکیان. ڕەنگە حسابی ئەوە بکەن کە تەنها دەتوانن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەرگەی فشارە دەرەکییە جیددیەکان بگرن، یان ناتوانن بە ڕاستی خەڵکەکەیان دووچاری فشارێکی زۆر بکەن لە ناوخۆی وڵاتدا بێ ئەوەی کاردانەوەی ڕاستەقینەی لێبکەوێتەوە- کاردانەوەیەکی بەهێزتر و مەترسیدارتر لەوەی لە دوای هەڵبژاردنە ساختەکراوەکانی ٢٠٠٩ەوە دروست بوون.

ڕەنگە پرسیاری ئەوە بکەین، بۆچی ئەگەری گۆڕانێك هەیە لە ناخی سەرکردەی ڕاستەقینەی ئێراندا؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە تەنها پێویستمان بەوەیە لەو سیاقە بڕوانین کە تێیدا ئێران سازشێکی بەرچاوی لە گفتوگۆکانی پەیوەست بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی کرد لە ساڵی ٢٠٠٣دا: ئەمەریکا بەهۆی هێرشەکانی ٩/١١ەوە بریندارکرابوو و لەلایەن ئیدارەیەکی توندەوە سەرکردایەتی دەکرا کە تازە ئەفغانستانی داگیرکردبوو و لە سەروبەندی داگیرکردنی عێراقدا بوو و ڕەنگە بەردەوام بوایە بەرامبەر دوژمنەکانی دیکە- ئێران یان سوریا- یان هەردووکیان. لەو سیاقەدا، ئێرانیەکان ترسێکی زیاتریان لێنیشت و سازشیان کرد. دوو ساڵ دواتر و لە ساڵی ٢٠٠٥دا، ئەمەریکا دوچاری یاخیگەرییەکی ڕوو لە زیاد بۆوە لە ئەفغانستان و عێراقدا ( یاخیبوونێك کە ئێران پاڵپشتییەکی بەرچاوی دەکردن، لەبەر چەند هۆکارێك کە زۆر زەحمەت نین لێیان تێبگەین) و- ئەمەریکا- بە خێرایی توانای دارایی و سیاسی لەدەست دەدا کە پێویستن بۆ سەرکێشیی سەربازی لە دەرەوەدا. بەو پێیە سەرکردە ئێرانییەکان حیسابی ئەوەیان کرد کە دەتوانن دووبارە دەستبکەنەوە بە بەرنامەی بەدەستهێنانی چەکی ناووکی و پیتاندنی یۆرانیۆم بێ ئەوەی ڕووبەرووی هیچ هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەی تۆڵەسەندنەوە ببنەوە.

لەمڕۆدا، پێدەچێت ئەو سزایانەی لەلایەن ئەمەریکا و ئەورووپاوە بەهۆی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران و ڕەتکردنەوەی بۆ ملکەچکردن بۆ ستانداردەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی، سەپێنراون، کارێکی باشبن و زیاتر زیان بە ئێران بگەیەنن وەك لەوەی چاوەڕوانی دەکرد ئەویش بە هەڕەشەی ڕاگرتنی مامەڵەکردن لەگەڵ هەر بانکێك یان کۆمپانیایەك کە مامەڵە لەگەڵ ئێراندا بکات، ئەمەریکا توانی ئاستێك لە پابەندبوونی نێودەوڵەتی بهێنێتەدی بۆ سەپاندنی سزا بەسەر ڕژێمەکەدا کە زۆر کەسی دووچاری سەرسوڕمانکرد، کاتێك بەهای ڕیال بە شاقوڵی دێتەخوارێ، ئەوا نارەزایی لە ئێراندا هەڵدەکشێت. لە هەمان کاتدا، شەڕی سوریا کە هاوپەیمانی سەرەکیی ئێرانە و فشاری سەر حزبوڵا و نوری مالیکی پتر پێگەی ئیران خراپتر دەکەن. کەواتە شتێکی مەنتیقیە کە سەرکردەکانی ئێران بگەڕێن بۆ دەربازبوونێك لەم دۆخە سەختەی خۆیان دووچاری خۆیان کردووە. گۆڕینی دەموچاوەکان یەکەم هەنگاوە لەم پرۆسەیەدا. لە کاتێکدا دەوڵەتانی ڕۆژئاوا سیاسەتی خۆیان لە ئاست ئیران و سەرۆکە نوێیەکەی حەسەن ڕۆحانیدا دادەڕێژن، دەبێت ئەو ڕاستیەیان لەبیر بێت کە کێ عەقڵی هەڵسوڕێنەر و کێ جڵەوی کاروبارەکانی بەدەستەوەیە. پێویستە پێشوازی لە ئەگەری گۆڕانکاریی بکەن لە پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ ئیراندا، بەڵام لە هەمان کاتدا، نابێت متمانەیەکی زۆر تەنها بەگۆڕینی دەموچاوەکان بکەن.

*** ئوستادی سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزوری**

**سەرکردایەتیی ڕاستەقینەی ئێران بە جیهان دەڵێت «ئەحمەدی نەژاد» لە پاڵ زمانە زبرەکەی و باسکردن لە تیۆرە پیلانگێڕییەکان و هەنگاوە دیبلۆماسیە هەڵەکانی دیکەی «لە دەسەڵات دورکەوتەوە»**

**شتێکی مەنتیقیە کە سەرکردەکانی ئێران بگەڕێن بۆ دەربازبوونێک لەم دۆخە سەختەی خۆیان دووچاری خۆیان کردووە. گۆڕینی دەموچاوەکان یەکەم هەنگاوە لەم پرۆسەیەدا**



**نادر هاشمی**
بەڕێوەبەری سەنتەر ڕۆژهەڵاتی
ناوەڕاست لەزانكۆی دینیڤەر
بۆ گوڵان:

# ئەگەر بە دروستی مامەڵە لەگەڵ كێشەی نێوان شیعەو سوننە نەكرێت تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابەش دەكات

پرۆفیسۆر نادر هاشمی بەڕێوەبەری سەنتەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لەزانكۆی دینیڤەر و، ئوستادی دیراساتی نێودەوڵەتییە لەهەمان زانكۆ و تایبەتمەندە لەسەر كاروباری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئایین و دیموكراتی و تیۆری سیاسیەت، بۆ قسەكردن لەسەر ڕەوشی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دابەشبوونە ئایینی و نێودەوڵەتیەكان لەم ناوچە گرنگەی جیهان، گوڵان ئەم وتووێژەی لەگەڵ پرۆفیسۆر هاشمی ئەنجامداوە كە ئەمە دەقەكەیەتی.

*** کێشــە و بارگرژییەکانی وڵاتانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوە گەورەترن کە تەنیا کێشەی نێوان دیموکراسی و دیکتاتۆریەت بن، چونکە بەرەو شەڕێکی تائیفی دەچێت، کە کۆمەڵگەکانی لە نێوان شیعە و سوننەدا دابەشکردووە، ئایا تا چەند ئەم دۆخە ئاییندەی وڵاتەکە دەشێوێنێت؟**


- کێشــەی تائیفیەت لە نێوان شیعە موســڵمان و سوننە موســڵمانەکاندا، وەك کێشەیەکی سیاســی زۆر گرنگ دەردەکەوێــت، کــە ئەگەر بــە شــێوەیەکی گونجاو و بە راســت و دروســتی مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت، تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابەش دەکات. لە بەشێکیدا کێشەکە دەرئەنجامی سیاسەتی دەرەوەی ســعودیە و ئێرانە، ئەوان کێشەی شــیعە و ســوننە بۆ برەودان بە بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا بەکاردەهێنن. هەروەها تەفســیری لە رادەبەدەر موحافیزکارانە «ultra-conservative» و موتەزەمیتانە «puritanical» ئیسلامی سوننە کە لەلایەن هەندێ لە پیاوانی ئایینی سعودیە پەرەی پێدەدرێت، ئاگری ئەم شەڕە خۆشــتردەکات. لە روانگەی مێژووییەوە و بە لەبەرچاوگرتنی بەرەوپێشــچوون بەرەو دیموکراســی، پێویستە ئاماژە بکرێت بەوەی هەموو ئەو کۆمەڵگەیانەی کە دابەشــبوونی ئیتنی یان ئایینیان تێدایە و دابەشبوونە بۆ کەمینە و زۆرینە، بەدەست ئەم کێشەوە دەناڵێنن. ئەگەر لە مێژووی دیموکراســی لە رۆژئاوا بڕوانیت، ئەوا یەکێك لە کێشــە هەرە گــەورەکان کە کاریگەری هەبوو لەســەر ســەقامگیری سیاســی و رەوڕەوەی بەرەوپێشچوون بەرەو دیموکراســی، بریتی بوو لە مشتومڕی پەیوەست بە مافە ئیتنی و ئایینیەکانەوە. ئەمە ســەدان ساڵی پێچوو تاوەکو چارەســەرکرا. لە ئەوروپادا سەریکێشا بۆ جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم و بە ملیۆنەها کەســی تێدا کوژرا، کەواتە لەم روانگەیەوە ســەرهەڵدانی ئەم کێشانە شتێکی حەتمیە و بەشــێکی لە خەباتی دووردرێژ لەپێناو دیموکراسیدا. بە دڵنیاییەوە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە قورستر دەبن لە سیاقی شەڕە بەردەوامەکان، و کوشــتنی بە کۆمەڵ و لە سیاقی باڵادەســتبوونی رژێمگەلێکی خۆسەپێنەر کە بەرژەوەندی سیاسیان هەیە و دەیانەوێت جیاوازیە ئیتنیەکان ئیستیغلال بکەن بۆ برەودان بە بەرژەوەندییە بەرتەســکەکانیان، کە لە بنەڕەتدا پەیوەستن بە پاراستنی دەسەڵاتە سیاسیەکەیانەوە لە وڵاتەکانیاندا. کەواتە ئەمە کێشــەیەکی سیاســی زۆر گرنگە و پێویســتە بە جددی وەربگیرێت، من شەخسی خۆم زۆر نیگەرانم لەو ئاقارەی دۆخەکەی پێیدا تێدەپەڕێت، هۆکاری بەشــی هەر زۆری نیگەرانیەکەشــم ئەوەیە کە بە تەواوەتی خەباتکردن بۆ دیموکراســی لە سەرتاســەری ناوچەکەدا لەبار دەبردرێت، ئەگەر بە راســت و دروســتی مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت.

*** لە وڵاتانی دوای کۆمۆنیســت و لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات دەستکرا بە هەنگاو هەڵگرتن بەرەو دیموکراسی، ئەویش دوای رووخانی بلۆکی ئیشــتراکی، لە ســەرەتای بەهاری عەرەبیدا، زۆرێك لە چاودێران و شارەزایان هەمان دەرئەنجامیان پێشبینیکرد بۆ ناوچەکە، بەڵام ئەمە روونەدا، پرســیارەکە ئەوەیە بۆچی بەرەوپێشچوونی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا روونەداوە؟**

- پێمویە کارێکی زۆر مەترســیدارە ئەوروپای رۆژهەڵات بە وڵاتانی عەرەبی بەراورد بکەیت، یەکەمیان لەبەر ئەوەی مێژووی سیاســی مۆدێرنی ئەوروپــای رۆژهەڵات زۆر جیاوازتر بەرەوپێشــچووە بە بەراورد بە جیهانی ئیسلامی و عەرەبی، کەواتە یەکەمیــان پەیوەندی بە پایە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە بۆ درێژەدان بە دیموکراســی، لە پەیوەندیدا بە ئاســتی مۆدێرنیزەکــردن و لە پەیوەندیدا بە بەرەوپێشــچوونی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە و ئاســتی گوزەران و پەروەردە، کە ئەمانە زۆر بەرزتربوون لە ئەوروپای رۆژهەڵات وەك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســت. بڕوانن ئەمڕۆ لە سەدا ٤٠ی دانیشــتوانی میسر داهاتی رۆژانەی دوو دۆلارە و رێژەیەکــی بــەرزی نەخوێندەواریش، بە تایبەتی لە نێو ئافرەتاندا. دووەمیان ناوچەی رۆژهەڵات بە دەســت دەســتێوەردانی دەرەکی زۆرەوە گرفتارە، کە هاوشــانە بە ناکۆکی سیاسی ناسەقامگیرکەر، کە لە ناکۆکی عەرەب-ئیسرائیلەوە سەرچاوە دەگرێت و کێشەیەکی سیاسی بارگاوییە بە هەســت و هەڵچوون. ئەمە ئەگەرەکانــی بەدیهێنانی دیموکراسی ئاڵۆزکردووە. کەواتە کارێکی مەترسیدارە ئەگەر بڵێین پێویستە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هەمان ئەو ئاســانییە- رێژەییە- بەرەو دیموکراســی بڕۆن کە وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات پێیدا رۆیشــتن. پێویستە کۆمەڵگە جیاوازەکان رێگای بەرەوپێشــچوونی خۆیــان بگرنەبەر و لەسەر بنەمای خشتەی زەمەنی خۆیان کاربکەن. بە کورتی پرۆسەی دیموکراسی زۆر جیاواز دەبێت لە جیهانی عەرەبیدا بە بەراورد بە ئەوروپای رۆژهەڵات، لەبەر ئەوەی مێژووی هاوچەرخی جیهانی عەرەب و ئیســلام زۆر جیاوازبووە لە مێژووی هاوچەرخی ئەوروپای رۆژهەڵات.

*** دەبینین هەردوو وڵاتــی تورکیا و مالیزیا، دوو وڵاتی ئیســلامین، بەڵام عەرەبی نین، و هەروەها تا رادەیەکی باش دیموکراسین، بەڵام ئەم دیموکراسیە لە وڵاتە عەرەبیە ئیســلامیەکاندا بەدی ناکرێت، راوبۆچوونی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- یەکێك لە جیاوازییە گەورەکان، بریتییە لە پرسی نەوت، نەوت بــوار بە رژێمە خۆســەپێنەکان دەدات کە تەمەنیان درێژتــر بێت، بــە بەراورد بــەو وڵاتانی نــەوت بەرهەم ناهێنــن، تیۆرێك هەیە لە زانســتی سیاســیدا پێی دەڵێن «Rentier states» (الــدول الريعيــة) کە پێیوایە وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت ئاسانتر ئەتوانن بەرهەڵستی




**ناکرێت گۆڕانکارییەکانی وڵاتانی عەرەبی بە رۆژهەڵاتی ئەوروپای دوای رووخانی دیواری بەرلین بەراورد بکرێت**



**ئەگەر لە مێژووی دیموکراسی لە ڕۆژئاوا بڕوانیت، ئەوا یەکێک لە کێشە هەرە گەورەکان کە کاریگەری هەبوو لەسەر سەقامگیری سیاسی و ڕەوڕەوەی بەرەوپێشچوون بەرەو دیموکراسی، بریتی بوو لە مشتومڕی پەیوەست بە مافە ئینتی و ئاینیەکانەوە**

**کارێکی مەترسیدارە ئەگەر بڵێین پێویستە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هەمان ئەو ئاسانییە- ڕێژەییە- بەرەو دیموکراسی بڕۆن کە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات پێیدا ڕۆیشتن**

هەنگاو هەڵگرتن بەرەو دیموکراسی بکەن، بە بەراورد بەو وڵاتانەی نەوت بەرهەم ناهێنن. کەواتە یەکێك لە پرسەکان پرسی ئابووری سیاسییە. خاڵی دووەم بریتییە لە ناکۆکی عەرەب- ئیسرائیل کە بەشێکی بنەڕەتیە لە ناسنامەی جیهانی عەرەبی، کە زیاتر کاریگەری هەبووە لەسەر ناسەقامگیرکردنی سیاسەت لە وڵاتانی عەرەبیدا، لەبەرامبەر وڵاتە ئیسلامیە غەیرە عەرەبییەکاندا، وەك مالیزیا یان ئەندەنوسیا یان تورکیا تا ڕاددەیەکی دیاریکراو. خاڵی سێیەم بریتییە لە سروشتی خۆسەپێنی ڕژێمەکان لە جیهانی عەرەبیدا، ئەسەد لە سوریا، سەددام لە عێراق، بن عەلی لە تونس، و موبارەك لە میسر، کە ڕژێمێکی پتر دڵڕەق و سەرکوتکار بوون، وەك لەو ڕژێمەی لە ئەندەنوسیا یان مالیزیا یان تورکیا لە سایەی جەنەراڵە کەمالیەکاندا هەبوون. کەواتە ئەمە میراتێکی تاڵە کە جەمسەرگیری سیاسی لە نێوان بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا و پرۆسەی هەنگاوهەڵگرتن بەرەو دیموکراسی زۆر قورستر کردووە. کەواتە ئەو جیاوازیانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی جیهانی عەرەبی بە شێوەیەکی گشتی کە دژواریەکی زیاتر دێتە ڕیان لەهەنگاونان بەرەو دیموکراسی، بە بەراورد بە وڵاتانی وەك تورکیا و مالیزیا و ئەندەنوسیا.

*** دوو میحوەر دروستبووە، میحوەری شیعە کە بریتییە لە ئێران تاوەکو لوبنان، و میحوەری سوننە کە وڵاتە عەرەبییەکان و تورکیا لە خۆدەگرێت، ڕۆژئاوا و ئەمریکاش پشتیوانی میحوەری سوننە دەکەن، ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەم هاوکێشەیە بەرژەوەندییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا برەو پێدەدات؟**

- ئەو ڕاستییەی کە بەرهەڵستیەکی زۆر هەیە بۆ دەستێوەردانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، ئەو ڕاستیە بوار بە حکومەتی ئێران دەدات ئیستیغلالی هەستی جەماوەری دژی سیاسەتی ئەمریکا بۆ بەرژەندی خۆی بکات. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێنج بۆ شەش ساڵ پێش ئێستا، پێش ڕوودانی بەهاری عەرەبی. لەنێو جیهانی ئیسلامی سوننەدا، لە میسر و لە ئەردەن و لە زۆرێك لە بەشەکانی جیهانی عەرەبیدا کە سوننە بوون، کەسایەتی وەك مەحمود ئەحمەدی نەژاد و حەسن نەسرولا، کەسانێك بوون پشتیوانیەکی جەماوەریان هەبوو، لەبەر ئەوەی هەستی دژ بە ئەمریکایان ئیستیغلال کردبوو کە پەیوەندی بە میراتی سەردەمی کۆلۆنیاڵیزم ئیمپریالیزمەوە هەبوو، ئەویش لەپێناو زیادکردنی دەسترۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا. پێموایە بەهۆی بەهاری عەرەبییەوە، دۆخەکە زۆر ئاڵۆزترە، بەهۆی پشتیوانی ئێران بۆ ئەسەد، و بەهۆی پشتیوانی حەسەن نەسرولا و حزبولا بۆ ڕژێمەکەی ئەسەد بۆ تێکشکاندنی شۆڕشە جەماوەرییەکە، ئەوا نفوزی ئێران و نفوزی حزبولا بە ڕاددەیەکی گەورە کەمبوونەتەوە. کەواتە ئێمە لە کەشێکی سیاسی جیاوازدا دەژین لە دوای بەهاری عەرەبی، کە توانای ئێران بۆ ئیستیغلالکردنی دەستێوەردانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، بۆ یاریکردن لە کارتی شیعە و سوننە و کۆکردنەوەی پشتیوانی ڕای گشتی موسڵمانە سوننەکان بۆ لای خۆیان داکشاوە. ئێستا زۆر ئاڵۆزترە بۆ ئەوەی پەرەیان پێبدرێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە سوریا ڕوودەدات، ئەوەی لە لیبیا ڕوویدا، ئەوا ئێران لایەنی دژە لەو خەباتە جەماوەرییە.



**بەهۆی پشتیوانی حەسەن نەسرولڵا و حزبولڵا بۆ رژێمەکەی ئەسەد بۆ تێکشکاندنی شۆڕشە جەماوەرییەکە، ئەوا نفوزی ئێران و نفوزی حزبولڵا بە رادەیەکی گەورە کەمبوونەتەوە**

*** ئەم دابەشبوونانە رەنگدانەوەی نێودەوڵەتیان هەیە، کە دەبینین حاڵی حازر روسیا و چین و کۆریای باکور پشتیوانی میحوەری ئێران لەگەڵ سوریا و حزبولڵادا دەکەن و ئەوروپا و ئەمریکاش پشتیوانی قەتەر و سعودیە و تورکیا دەکەن، ئایا شەڕێکی ساردی دیکە بەڕێوەیە بەهۆی کێشەی سوریاوە؟**

- بەڵێ لە زۆر رووەوە دەکرێت ئەو بەرەوپێشچوونە ببینین، بەڵام هێشتا رێگایەکی دوورودرێژ ماوە بۆ ئەوەی ئەو دابەشبوونە لەسەر ئاستی جیهان دووبارە ببێتەوە کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەم روویدا لە نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و یەکێتی سۆڤیەت و هاوپەیمانەکانی. هەروەك ئێوە باستان کرد چەند هاوپەیمانێتیەك وا دەردەکەون. پێموایە تاوەکو شەڕی سوریا درێژە بکێشێت، ئەوا ئەو هاوپەیمانێتیانە پتەوتر دەبن بە رادەیەك دابەشبوون دەبینین لە نێوان وڵاتە گەورەکانی جیهان، کە مەرج نییە دەقا و دەق هاوشێوەی جەنگی سارد بێت، بەڵام هەندێ لێکچوونی دەبێت لەگەڵیدا. ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە کە پێویستە شەڕی سوریا کۆتایی پێبهێنرێت، لەبەر ئەوەی بێ چارەسەرکردنی شەڕەکە، ئەو دابەشبوونە جیهانیانە زیاتر دەچەسپێن و ئەو هاوپەیمانێتیانە قوڵتر دەبنەوە، ئەمەش پەرەسەندنێکی زۆر خراپ دەبێت بۆ ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

*** باس لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە سوریا و تەواوبوونی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران دەکرێت، ئایا تا چ رادەیەك بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێتە هۆی ئەوەی بارودۆخەکە زیاتر ئاڵۆز بێت؟**

- پێموایە ئەمە دوو مەسەلەی جیاوازن، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی- لە سوریا- و بەرنامەی ئەتۆمی ئێران و کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و رۆڵی ئیسرائیل تێیدا. واتە رایەڵێکی راستەخۆ نییە لە نێوانیاندا. نیگەرانی بنەڕەتی ئیسرائیل ئێرانێکی خاوەن چەکی ئەتۆمیە، چونکە ئێران بە رکابەرێکی ئیقلیمی دەزانێت، لەبەر ئەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانی رای گشتی دەدات بۆ راگرتنی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران. لە پەیوەندیدا بە سوریا و کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی- یان نەبوونی کاردانەوەی نێودەوڵەتی- مەسەلەیەکی تەواو جیاوازن. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پتر دابەشبووە لە ئاست کێشەی سوریا و پرسی چەکی کیمیایی، کە بەم دواییە دابەشبوونی دیکەمان بینی لە نێوان روسیا و ئەمریکا، کە دوودڵ بووە لەوەی بچێتە پاڵ وڵاتانی دیکە بۆ فشار خستنەسەر سوریا. سیاسەتی ئیسرائیل لە ئاست سوریادا زۆر ئاڵۆزترە، پێموانیە سەرکردەکانی ئیسرائیل ئەوەیان یەکلاکردبێتەوە کە کامیان خراپترە: مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا، یان گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە. بە کورتی پێموایە ئاسان نییە دەرئەنجامێکی ئاسان و گەورە بەدەست بهێنین لە بارەی پەیوەندی ئیسرائیل، و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کێشەی سوریا. ئیسرائیل لەسەر ئاستێکی زۆر جیاواز کاردەکات، و گرێدانەوەی هەموو ئەم پرسانە پێکەوە کارێکی ئاسان نییە.

**تاوەکو شەڕی سوریا درێژە بکێشێت، ئەوا ئەو هاوپەیمانێتیانە پتەوتر دەبن بە رادەیەک دابەشبوون دەبینین لە نێوان وڵاتە گەورەکانی جیهان، کە مەرج نییە دەقا و دەق هاوشێوەی جەنگی سارد بێت**

# سیاسەتی حوکمڕانی و شکستی پلانی خزمەتگوزاریی ئابووری لە عێراقدا


کازم حەبیب

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

هەموو لێکۆڵینەوە سیاسی و ئابوورییەکان جەخت لە یەکێتیی پرۆسەی سیاسی و ئابووری و کاریگەرییەکانیان بۆ سەر واقیعی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ژینگەیی دەکەنەوە، سیاسەت و ئابووری دوو دیوی یەك دراون، سەرەڕای ئەوەی کە دەتوانرێت لێکجیا بکرێنەوەو پێکەوە بلکێنرێنەوە، بۆ زانینی رۆڵی هەر یەکێکیان لە واقیعی گوزەرانی لە هەر وڵاتێکدا، کە عێراقیش لەو وڵاتانە بەدەر نییە. کاتێ وەزیری پلاندانانی عێراق شکستی جێبەجێکردنی لانی کەمی پلانی خزمەتگوزاریی ئابووری راگەیاند، هیچ عێراقییەك بەم هەواڵە سەرسام نەبوو، بەڵام کاتێ گوتی: پارێزگاکانی کوردستانی عێراق یەکەم بوونە لە جێبەجێکردندا، ئەوا شتێکەو زۆرینەی گەلی عێراق ئەم راستییە دەزانێت.

ئەو پرسیارەی کە لای خەڵکی هۆشیار سەرهەڵدەدات ئەوەیە، بۆچی ئەم پلانە شکستی هێنا؟ وەڵامی ئەمە پێویستی بە دیدگایەکی واقعبینی ناکات سەبارەت بەوەی کە لە وڵاتدا دەگوزەرێت، پوختەی وەڵامەکەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە هۆیەکەی شکستی سیاسییە کە دووچاری سیستەمی پشککاریی تایفەگەری و کۆمەڵە سیاسییەکی تایفەگەرخواز بووە کە لەسەر دەسەڵات و پلەو پایەو سامان کەوتوونەتە ململانێی یەکدییەوە، بەڵام گەلی عێراق هیچ بایەخێك بەم جۆرە کەسانە نادەن کە لە رووی سیاسیەوە شکستیان هێناوە. هەموو بەڵگەکان ئاماژەن بۆ پاشەکشێی توند لە ئازادییەکان کە دوای رووخانی دیکتاتۆریەت لە عێراق هاتەکایەوە، حوکمڕانی لە عێراق بوو بە تاکڕەویی و دانایی‌ش لە حوکمڕانیدا نەما و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیش پشت بە دەزگا ئەمنی و سەربازییەکان دەبەسترێت لە جیاتی گوێگرتن لە داواکانی خەڵك و بەپیرەوە هاتنی ناکۆکییەکان کە ئەمەش فاکتەرێکی یاریدەدەر بوو بۆ زیادکردنی دەسەڵات و پیلانی هێزە توندڕۆ و تیرۆریستییەکان و خزانە نێو جەماوەرەوە کە داخوازیی رەوایان بەرزکردۆتەوە. رژێمی حوکمڕانیش بێ شەرمانە جیاوازی دەکات لەسەر بنەمای ناسنامەی ئایینی و تایفی و بە بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی رووبەڕووی بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی گەل دەبێتەوە، بۆیە لێرەوە کێشەی ململانێی تایفی لە وڵات سەری هەڵدا.

بەم شێوەیە تیرۆریستان و توندڕەوەکان هێرش و پەلامارەکانیان زیادکرد بۆسەر توێژی هەژار و بنکەکانی پۆلیس و خاڵەکانی پشکنین و دەستیشیان کردووە بە هەڵمەتی رفاندن و بزرکردن و کوشتن، بۆیە لە ماوەیەکی کەمدا بەسەدان کەس شەهید یان برینداربوون

و ژمارەیەكی زۆریش كەمئەنـــدام بوون و بێكار مانەوە. لە سایەی ئەو بارودۆخەشدا هاوپەیمانییەتییەكانی پێشوو لەبارییەك هەڵوەشـــانەوە و دەســـەڵاتیش بـــۆ بەهێزكردنی پێگەی خۆی و لاوازكردنی پێگەی لایەنی ئۆپۆزســـیۆن هاوپەیمانیی تازەی پێكهێنا، ئێستا عێراق لە قۆناغێكی ژانگرتووی سەختدایە و كەس درك بە ئاییندەو چارەنووسی نـــاكات، بەڵام چەندین دیمەنی مـــردن و كاولكاری تێدا ڕەنـــگ دەداتـــەوە بـــە تایبەتیش بۆ ئـــەو خەڵكەی كە ساڵانێكی زۆر لەسەر دەستی حوكمی دیكتاتۆری پێشوو تووشی نارەحەتی و ئەشكەنجە ببوون، حكومەتی ئێستا بە سەرۆكایەتیی نوری مالیكی كەوتۆتە هەڵەیەكی توندی تایفییەوە، لەماوەی پێنج ســـاڵی رابردوودا سیاسەتێكی بەرەو توندی و تاكڕەویی پەیڕەوكرد مەبەســـتیش بۆ ئەوە بوو تاكو لـــە هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی پارێزگاكان لە بەرژەوەندیـــی حزبەكەی (دەعوە) بەتایبەتی و لایەنەكانی دیكەی شـــیعە دەنگ مســـۆگەربكات، دیارە بە نیازە لەم سیاســـەتەی هەر بەردەوام بێت تا لە هەڵبژاردنەكانی داهاتـــووی پەرلەمانـــی عێراق ســـاڵی ٢٠١٤یش هەر سەركەوتن بەدەســـت بێنێت. لە بەرامبەریشدا لایەنگرانی لیستی عێراقیە و حزبە ئیســـلامییە سیاسییەكان و هێزە تونـــدڕۆكان درێخیـــان نەكردووە لـــە پیادەكردنی هەمان سیاسەت بۆ پەلكێشكردنی سوننە، كەسیش ناتوانێت پاكانە بكات بۆ ئەو هێزە كە بەرپرسە لەو كارەساتە مرۆییەی لە عێراق روودەدات لە كوشتنی خەڵكی بێ تاوان بەدەستی تیرۆریســـت و چەكدارە توندڕۆكان، ئایا لەم بارودۆخەدا دەكرێ پلانێكی ئابووریی نیشتمانی لە بەرژەوەندیی گەل پەیڕەو بكرێت؟ واقیعی ئابووریی عێراق ئاماژە بۆ شەش ئاراستە دەكات لە سیاسەتی ئابووریی حوكمڕانی:

١. بەردەوامبوونی حوكمڕانی بە پشتبەســـتن بە كەرتی بەرهەمهێنانی نەوت تاكو بەرزترین داهات لە دەرهێنان و هەناردەكردن بەدەست بهێنێت.

٢. دووركەوتنەوەی تەواو لە پیشەسازیی و نوێكردنەوەی كشـــتوكاڵ و وەبەرهێنـــان هەروەهـــا دابیـــن نەكردنی پێداویستییەكانی كەرتی تایبەت و بە تایبەتیش ژێرخانی ئابـــووری كـــە ڕۆڵ دەبینێت لە بەهێزكردنی ســـامانی نیشتمانی و دۆزینەوەی هەلی تازەی كار.

٣. پڕكردنـــەوەی بازاڕ بە كاڵاو كەرەســـتەی هاوردەی پیشەسازی و كشـــتوكاڵی كە كاریگەریی دەبێت بۆسەر پیشەســـازییە بچووكەكان و بەروبوومە كشتوكاڵییەكانی ناوخۆ كە بودجەی دەوڵەت ماندوو و شەكەت دەكات.

٤. بێتوانایـــی لە بیناكردنەوەو پەرەپێدانی ژێرخانی وڵات لە بوارە جیاجیاكانی وەك وزەی كارەباو خوێندنی پیشەیی و تەكنیكی...تاد.

٥. بێتوانایی لە بەرهەڵستی كردنی گەندەڵی دارایی وێڕای تەشـــەنەكردنی گەندەڵی ئیداری و بێكاریی داپۆشراو لە دامودەزگاكانی دەوڵەت.

٦. دەستڕۆیشتوویی حكومەت بەسەر دەستە سەربەخۆكان كە دەســـتوور دەستنیشـــانی كردوون بە تایبەتیش لەلایەن بەرپـــرس و حومڕانـــی یەكەمی دەوڵەت، بـــە تایبەتیش بانكی ناوەندی و یەدەگی بانكی و كۆمســـیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان هاوكات پاشەكشـــەكردنی ســـەربەخۆیی دادگاكان و ســـەرهەڵدانی ململانێـــی نێوان هێزەكانی نێو پەرلەمان و حكومەتی ئێستا.

ئەم سیاســـەتە ناعەقڵانییە دیاردەگەلێكـــی نەرێنی لە ئابووریـــی عێراق و كۆمەڵگە دێنێتەئـــاراوە، كە چەندین خاڵی ســـەرەكی لەخۆدەگرێت: لەوانە مانەوەی ئابووریی عێـــراق وەك ئابوورییەكـــی نەوتیـــی قازانجهێـــن بەڵام بەرهەمهێـــن نەبێـــت و نەخرێتە بـــواری خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەكانی كۆمەڵگەوە. ئەو ئاراســـتەیە لە سیاسەتی ئابـــووری كاریگەریی دەبێت لەســـەر ئابووریی عێراق كە نەتوانێت گۆڕانكاریی لە بنیادی كۆمەڵگە بەدی بهێنێت، دەرئەنجامیش ڕێگە لە نەشـــونمای چینـــی مامناوەندو كرێـــكاران دەگرێت كـــە ڕۆڵی پێشخســـتنی كۆمەڵگەو گوزەرانی توێژێكی زۆری هاووڵاتیان ببینن.

ئەو پرسیارەی مێشـــكی خەڵكی عێراقی خەریك كردووە ئەوەیـــە: چۆن دەكـــرێ لەم واقیعـــە رزگاربین، وەڵامی ئەو پرســـیارە لای خـــودی خەڵكەكەیە، ئـــەوان دەتوانن هاوســـەنگیی هێزەكان بگۆڕن ئەویش لەڕێی هەڵبژاردن و دەنگدان بۆ ئەو كەسانەی بە راستی نوێنەرایەتییان دەكەن، بـــەڵام هەروەكو دەیبینن فەرمانڕەوایانی ئێســـتا بەردەوام دووبەرەكی لەنێو توێژ و چینەكانی گەلی عێراق دەنێنەوەو تەنانەت لەنێو چینی رۆشـــنبیر و هۆشیار تاكو ئەم وڵاتە لـــەڕووی ئابوورییەوە دواكەوتوو بێت، بۆیە رزگاربوون لەو واقیعە نزیك نییە، بەڵكو پێویســـتی بە كارێكی توندوتۆڵ هەیە لەلایەن هێزە مەدەنی و دیموكراسیخواز و لیبرالەكان، بـــە هەماهەنگی لەگەڵ ئەو هێزە هوشـــیارانەی درك بە مەترسییەكانی هێزە ئیسلامییە تازەكان دەكەن كە نایانەوێت ئایین بە دەوڵەت و سیاسەتەوە ببەستنەوە، ئەمەش لەپێناو پێكهێنانی بەرەیەكی نیشـــتمانی فراوان كە بەشداربێت لە بەهێزكردنی هێزەكانی رەوتی دیموكراتی و لەكۆتاییشـــدا سیاسەتی چەوتی حوكمڕانانی ئەو وڵاتە بگۆڕێت .

پێویســـتە توێژەكانـــی گەلی عێـــراق بەرپرســـیارێتیی خەبـــات و خۆڕاگریی بخەنە ئەســـتۆی خۆیان لە پێناو گەیشـــتن بە ئامانجـــە رەواكانیان هەروەها لەســـەر هێزە دیموكراسیخوازەكانیش پێویستە ڕێبازی خەباتی ئاشتییانە هەڵبژێرن بێ ئەوەی خۆیان بخەنە نێو ململانێی تایفی كە دواجـــار تەنیا كاولكاری و داتەپینی بنیادی كۆمەڵگەی عێراقی لێ دێتەدی.

**خەڵكی عێراق لەڕێی هەڵبژاردن و دەنگدان دەتوانن واقیعی وڵاتەكەیان بگۆڕن**

**ڕێژەیەكی بەرچاو لە دانیشتوانی عێراق لەژێر هێڵی هەژاریدا ژیان دەگوزەرێنن، هەرئەمەشە گرفت و كێشە كۆمەڵایەتییەكانی زیاتركردووەو فاكتەرێكیشە بۆ پەرەسەندنی چالاكیی تیرۆریستان**

**مانەوەی عێراق لەناو چوارچێوەی ئابووریی نەوتی و بە پەراوێزخستنی ئابووریی بەرهەمهێن ڕێگەی لەدەركەوتنی چینی مامناوەند گرتووە**

# بەرەو دابینکردنی ئاسایشی خۆراک



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

ئەوەی جێگەی تێڕامان و سەرنجە ئەوەیە کە ئێستا هاوکێشەی ڕێژەی دانیشتوانی گوندو شار تێکچوونێکی ترسناکی تێکەوتووە، کە گێڕانەوەی هاوسەنگیی بۆی ئەرکێکی یەکجار گرانە و نەخشەو پلانێکی زانستیی وردی دەوێت، چونکە هەر بە گەڕانەوە بۆ ئامارەکانی زیاتر لە چل ساڵی لەمەو پێش دەردەکەوێت کە ئەوسا ڕێژەی سەدیی دانیشتوانی گوندو لادێ لەچاو ڕێژەی تەواوی دانیشتوانی پارێزگاکان لە هەرێمدا ڕێژەیەکی بەرز بووە.

بەڵام لەئێستاو ئاییندەشدا دیاردەی ڕوو لەشار کردن تادێت بەرەو زیادبوون دەچێت و، لەگەڵ بەردەوام بوونیشیدا زۆر گرفتی ژینگەیی لەشار و لادێکاندا دروست دەکات، بەجۆرێك کە ئاسایشی خۆراکمان دەخاتە مەترسییەوە.

هەر بۆیە بینیمان کە دروشمی ئەمساڵی ڕۆژی جیهانیی ژینگە(٢٠١٣) بریتیی بوو لە (بیرکەرەوە، بخۆ، پاشەکەوت بکە)

واتە: بیربکەرەوە پێش ئەوەی بخۆی، کە خواردیشت بیر لە پاراستنی ژینگە بکەرەوە.

لەبەیاننامەکەی ئەمساڵی (پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە)(یونیپ)ی تایبەت بە ڕۆژی جیهانیی ژینگەدا هاتووە کە:

بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ (فاو) نزیکەی (١,٣) ملیار تۆن لە خۆراکی جیهان بەفیڕۆ دەڕوات لەئەنجامی فڕێدانی زیادەی خۆراکەوە.

نزیکەی (١) ملیار مرۆڤ لەکۆی (٧) ملیار دانیشتوانی جیهان برسین.

هەموو ڕۆژێك نزیکەی (٢٠٠٠٠) منداڵی تەمەن (٥) ساڵ لەبەر برسێتی دەمرن لەجیهاندا.

ساڵانە نزیکەی سێیەکی خۆراکی بەرهەمهێنراوی جیهان بەهۆی زیادەڕەویی لەبەکارهێناندا بەفیڕۆ دەچێت، بۆیە لەبەیاننامەکەی ئەمساڵی ڕۆژی جیهانیی ژینگەدا هاتووە کە:

کەمپینی دەستگرتن بە خۆراکەوە دەست پێبکە لەماڵی خۆتەوەو لەو شوێنەی خۆت خاوەن بڕیاری تێیدا.(کورتەی بەیاننامەکە تەواو بوو)

کەواتە بابێینەوە لای خۆمان: ئێستا تۆ لەماڵی خۆتدا دەتوانیت

چی بکەیت؟

یەکـــەم: ئەو بڕە خۆراکـــەی کە بۆ ڕۆژێك یـــان هەفتەیەك پاشـــەکەوتت کردووە لەماڵەوەدا بەکاری بهێنە بەتەواوی ئنجا بڕە خۆراکی دیکە بکڕە.

دووەم: ئەوەنـــدە خواردن لێبنـــێ کە زیاترنەبێـــت لەژمارەی ئەندامانی خێزان و ئامادەبووانی سەر سفرەو خوان.

سێیەم: هیچ پاشماوەیەکی خۆراك مەهێڵەوە بۆ فڕێدان.

چوارەم: بۆ هەر کەسەو بەقەدەر پێویستیی خۆی خواردن بکەرە قاپەکەیەوە.

پێنجەم: شـــیر و چای و قاوەی ساردەوەبوو فڕێ مەدە، بەڵکو پـــاش تێکەڵکردنیـــان بەبڕێك لەئاو، بیانکـــەرە ژێر درەخت و ڕووەکەکانەوە.

شەشەم: خواردن پێکەوە بخۆن نەك بە تەنیا، چونکە بەهەموو گەرمکردنەوەیەکـــی تر، وزەی کارەباو غازی زیاتر لەدەســـت دەدەن.

حەوتەم: ئەگەر هەر پاشماوەی خۆراکت هەبوو، بیکە بە پەینی سروشتی بۆ باخچەکەت.

هەشـــتەم: ئەو میوەیەی کە ئارەزووی خواردنی ناکەیت فڕێی مەدە، بیکە بە مربا.

نۆیەم: خۆراك و میوەی زیاد هەڵمەگرە، هەر لەسەرەتاوە بیکە بە دیاری بۆ خزمێك یان دراوسێیەك.

دەیەم: کە بەمۆبایل دیلیڤەری داوا دەکەیت، داوای زۆر مەکە بەڵکو بەقەدەر پێویستی خۆت داوا بکە.

یازدەهەم: هەندێك لەو سەوزانەی دەمێنێنەوە دەتوانیت وشکیان بکەیتەوە بۆ وەرزێکی دی.

دوازدەهـــەم: وردە نانی زیادەو تلێەچـــای و توێکڵی میوەکان بکەرە ژێر خۆڵی باخچەو ڕووەکەکانی ماڵەوە.

سێزدەهەم: توێکڵی زۆری میوە قەبارە گەورەکانی وەك شووتیی و کاڵەك بخەرە بەر هەتاو بۆ کەمبوونەوەی کێش و لەدەستدانی بڕی ئاوەکەی، بەمەش بارســـتەی تەنەکە خۆڵەکەت سووکتر دەبێت و، ئاویش ناخەیتە حاویەی خاشاك کۆکەرەوەکانەوە.

چواردەهەم: بزانە کە لەڕووی ئاینییەوە ئەوە فەرمانی خودایە کـــە فەرموویەتی: بخۆن و بخۆنەوەو زیادە ســـەرفیی مەکەن (وکلو واشربوا ولا تسرفوا)(الاعراف ٣١)

پازدەهەم: ئەوەش بزانە کە زۆر خواردن لەم سەردەمی دانیشتن و کەم جووڵەییەدا زیانی تەندروستی زۆری بەدواوەیە.

شـــازدەهەم: دەکرێت ئەگەر خواردنت لەبـــەر مایەوە بیخەیتە بەردەمی ئەو ئـــاژەڵ و پەلەوەرانەی کە خۆت هەتە لەماڵەوە یان هی کەسێکی نزیکتن، بەمەش پاداشت و خێرێکی گەورە بەدەست دەهێنیت.

حەڤدەهەم: بەشـــداربە بەهەر هۆکارێك بۆ ڕێگرتن لەبرسێتی، چونکە برسێتی دۆستی تیرۆرە.

هەژدەهەم: ئەوە بزانە کە ئاسایشـــی خۆراك کلیلی ئاسایشی سیاسیی و کۆمەڵایەتییە.

نۆزدەهەم: ئەمە دروشمت بێت لەژیاندا: حەزم لە خوان و نانە، قینم لە بەفیڕۆدانە.

بیستەم: کەواتە وەك لەکۆتایی بەیاننامەکەی ڕۆژی جیهانی ژینگەدا هاتووە:

بیربکەرەوە پێش ئەوەی بخۆی، یارمەتیدەریش بە بۆ پاراستنی ژینگەکەمان.


ئەی حکومەت دەتوانێت چی بکات؟

دیارە کە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە گەورەیە پلان و هەنگاوی کردەیی پێویستە لەلایەن حکومەتەوە لە چەشنی:

پشـــتگیریکردنی دارایـــی بـــۆ گەڕانـــەوەی هاووڵاتیان بۆ گوندەکانیان و، زیندووکردنەوەی ئابووری کشتوکاڵیی و، خود بژێوی ژیانی لادێ و، بەزانســـتی کردنی کەرتی کشتوکاڵ و، هێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم بۆ زیادکردن و چاکترکردنی بەرهەم و، دامەزراندنی پیشەســـازی خـــۆراك و، دابینکردنی دەرفەتـــی کار لـــە لادێ بـــۆ ئافرەت و پیاو بە مەبەســـتی بەهێزکردنی ئابووریی لادێ و زیادکردنی داهات.



# فەرەنسای ڕۆشنبیران



پرۆفیسۆر میشێل ڤیڤیۆرکا*
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

ئەو شتەی بەناوی رۆشنبیری کلاسیکی فەرەنسیەوە دەماننناسی دەمێکە کۆتاییپێهاتووە. بەلام لەهەمانکاتدا تایپێکی دیکە لە رۆشنبیر، کە لەگەڵ دنیای نوێدا دەگونجێت، سەریهەڵداوە.

رۆشنبیری فەرەنسی منداڵی شەرعی سەردەمی رۆشنگەریە و بەهێزترین گوزارشتیش لە رۆحە زیندووەکەی بریتییە لە هاتنەدەنگی ڤۆلتێر لەسەر کێشەی کالاس. دواتر ئێمیل زۆلا، کاتێك کە لەسەر کێشەی کاپتن درەیفوس و لەرێگای مەقالە بەناوبانگەکەیەوە بەناوی «من تۆمەتباردەکەم» هەڵوێست وەردەگرێت، دێت و رەهەندێکی دیکەی فراوان بە چەمکی «رۆشنبیر» دەدات و سەرکەوتنی پێدەبەخشێت. هەر لەم ساتەوەختەدایە مۆریس بارێس، کە بەتوندی دژایەتی درەیفوسی دەکرد، وشەی رۆشنبیر وەك تۆمەت بەکار دەهێنێت و دەیداتە پاڵ هەموو ئەو کەسانەی کە پشتگیری لە درەیفوس دەکەن.

لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کرێکاریدا، کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، زۆر جار رۆشنبیری فەرەنسی، بەبێ ئەوەی گشتگیری بکەین، وەك هەڵگری پرسی پرۆلیتاریا و چەوساوەکانی جیهان خراوەتە سەر شانۆ. پشتیوانی ئایدۆلۆژی ئەم رۆشنبیرە لە تایپێکی تایبەتی ئەکتەری کۆمەڵایەتی، بەجۆرێك لە جۆرەکان وەك ئەفسانەی لێهاتووە و نەوە لەدوای نەوە بۆ یەکتری دەگێڕنەوە. پاش شۆڕشی سۆڤێتێیك، چەندین رۆشنبیری «ئۆرگانیك» وەك ئەنتۆنیۆ گرامشی، گەورە مارکسیستی ئیتالی دەڵێت، خۆیان یەکلاکردەوە بۆ خزمەتکردن بە چینی کرێکاری و ئەو حیزبەش کە بڕیارە نوێنەرایەتی ئەم چینە بکات: حیزبی کۆمۆنیست.

بەلام ئایا رۆشنبیر مافی ئەوەی هەیە کە خۆی تێکەڵبکات بە ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی؟ ئایا کاری یەکەمی رۆشنبیر بریتی نییە لە بەرجەستەکردنی بەهاکانی حەقیقەت و عەقڵ؟ ئایا رۆشنبیر ئەو کەسە نییە کە دوورە لە هەموو گرووپە کۆمەڵایەتیەکان و حیزبە سیاسیەکان، وەك ژولیا بەندا لە ساڵی ١٩٢٧ دا لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناوی «ناپاکی قەشەکان» باسیدەکرد؟ ئایا دەبێت ئێمە هەمیشە رۆشنبیران بەسەر دوو بەرەدا دابەشبکەین، وەك پۆل نیزان، بەرەیەکی ناونابو «سەگە پاسەوانەکان»؟

رۆشنبیری کلاسیکی هەمیشە بەجۆرێك لە جۆرەکان کەسێکی هەڵوێستداربووە، هەڵوێست لەبەرامبەر چەپدا، هەڵوێست لەبەرامبەر راستدا، لایەنگری شۆڕش، لایەنگری کۆنسێرڤاتیزم، لایەنگری ریفۆرم، ناسیۆنالیست، ئەنتەرناسیۆنالیست. رەنگە باشترین کەسێك کە گوزارشتی لە چەمکی رۆشنبیری هەڵوێستدار کردبێت ژان پۆل سارتەر بووە؛ بەتایبەتی کاتێك کە لە ساڵی ١٩٦٥ دا لە ژاپۆن چەند کۆنفرانسێک دەکات و تێگەشتنی خۆی لەم بارەیەوە لە رستەیەکی بەناوبانگدا دەخاتە روو:

**«رۆشنبیر ئەو کەسەیە کە دەستوەردەداتە ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بەوەوە نییە»**

لێرەوە رۆشنبیری سارتەری دەبێت بە ئەکتەرێکی چەپگەر کە لەپێناوی حەقیقەت و دادپەروەریدا دێتە مەیدان و لە پانتاییە گشتییەکاندا دەردەکەوێت و ململانێ دەکات. لە سەردەمی سارتەردا، لەسەرەتاوە ئەندرێ مالرۆ و پاشان رایمۆند ئارۆن و دواتر ئەلبێر کامۆ وەك بەرامبەری توندی ئەو پێناسە دەکران. چەند سارتەر لە چەپەوە نزیک بوو، هێندەش ئەمان وەك لایەنگری راست دەخرانە سەر شانۆ. جیاوازی نێوان کامۆ و سارتەر قوڵاییەکی ئایدۆلۆژی هەبوو. تەواو بەپێچەوانەی سارتەرەوە کە پێیوابوو، داهاتووی بەشەریەت بریتییە لە مارکسیزم، کامۆ پێیوابوو ئەم حەتمیەتە هەڵەیە و ئەم رێگایە تاکە رێگای بەشەریەت نییە و ئەزموونی ستالین شیاوی سەرلەنوێ تاقیکردنەوە نییە!

بەڵام تەواو، چیدی ئێمە لە سەردەمی سارتەر و کامۆدا ناژین. چیدی بزووتنەوەی کرێکاری ئەو هێزە نارەزا و رزگاریخوازە نییە کە بەشەریەت وەك سەرچاوەی هەمیشەیی تەماشای دەکرد. لە هەمانکاتدا کۆمۆنیسم لەگەڵ ئاوابوونی یەکێتی سۆڤێتدا بەرگێکی رەشی لەبەرکرد. لە ئێستادا رۆشنبیر چیدی ئەکتەرێکی ئۆرگانیك نییە و دنیاش چیدی بەسەر سەرمایەداری و کۆمۆنیسمدا دابەش نەبووە. دنیا لە ئێستادا لەسەر ئاستی «گلۆبال» خۆی دەردەخات و بەسەر چەندین بەرەدا خۆی دابەشدەکات.

تەحەدا مەزنەکانی دنیای نوێ ناچارمان دەکەن کە چوارچێوەی نوێ بەرهەمبهێنین. بۆنموونە پرسی ژینگە، پرسی مافەکانی مرۆڤ، پرسی ئاینداری نوێ،...، ناچار بە بیرکردنەوەی نوێ و پێشنیاری نوێمان دەکەن. تەکنەلۆژیای نوێی زانیاری لە قوڵایی قوڵاییەکاندا دەستکاری پەیوەندی بە مەعریفە و تێگەشتنەوە دەکات. گەر لە ساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی رابوردودا رۆشنبیری فەرەنسی دەرفەتی ئەوەی هەبووبێت کە هەژموون بەسەر جیهاندا بکات و دەستوەربداتە هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بەوەوە نییە، بێگومان لە ئێستا و ئێرەدا ئەم واقیعە بەتەواوی کۆتایی پێهاتووە. راستە تائێستاش چەند رۆشنبیرێکی وەك بێرنار هنری لێڤی مان هەیە کە خۆیان وەك میراتگری ئەم کولتورە دەزانن، بەڵام ئەوەش راستە کە چیدی گوتارەکانیان هەمان شەرعیەتی رابوردویان نییە و لەهەندێك هەلومەرجیشدا دەبن بە بابەتی گاڵتەجاڕی، بەڕادەیەك کە لەگەڵ رۆژنامەنووس و سیاسیەکادندا بەراورددەکرێن.

**بەشێوەیەکی گشتی ئێمە دەتوانین دەستنیشانی سێ جۆری سەرەکی لە رۆشنبیر بکەین.**

یەکەمیان بریتییە لە رۆشنبیری رەخنەگری رادیاکاڵ کە دەیەوێت پارێزگاری لە چاپێکی کلاسیکی تایبەت لە رۆشنبیر بکات. ئەم رۆشنبیرە گومان لە هەموو شتێك دەکات و هەرگیز لە رەخنەگرتن ناوەستێت. پیەر بۆردیۆی سۆسیۆلۆگ بەهێزترین گوزارشتە لەم کاتیگۆریە.

جۆری دووەم لە رۆشنبیر بریتییە لە خەبیرەکان. لەم رووبەرەدا رۆشنبیر کەسێکە کە مەعریفەی خۆی دەخاتە خزمەت دەسەڵاتێك یان دژە دەسەڵاتێکی سیاسی یان ئابووریەوە. ئەوەی کە پاڵ بەم رۆشنبیرەوە دەنێت کاربکات بەها و ئایدۆلۆژیا و قەناعەتی تاکە کەسی نییە، بەڵکو لۆژیکی بازاڕە. واتە مەعریفەی خۆی لە بازاڕەکاندا وەك خەبیر و راوێژکار دەفرۆشێت. لێرەوە خەبیر دەبێت بە کەسێکی پیشەیی و مومارەسەی پیشەیەك دەکات.

جۆری سێیەمیش پەیوەندی بە کشان و بەهێزبوونی زانستە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە. لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابوردودا تەنیا چەند کەسێکی کەم ئینتیمایان بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان هەبوو، بەڵام لە ئەمڕۆدا هەزاران کەس تێدەپەڕێنن و لەچەندین وڵاتی جیهانیدا ئامادەییان هەیە. توێژەرانی بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکان دەست لەو شتانە وەردەدەن کە پەیوەندیان پێیانەوە هەیە و خاوەنی مەعریفەی فراوانن لەسەر چۆنیەتی کارکردنیان. ئەم توێژەرانە لە پانتاییە گشتیەکاندا دەردەکەون و قسە لەسەر هەموو ئەو شتانە دەکەن کە لە رێگای توێژینەوەکانیانەوە تیۆریزەیان کردون. ئەم نەوە نوێیە دێت و فاکتەکان و بۆچوونەکان پێکەوە ئیعراب دەکات؛ لێرەوە ئەوان لەیەککاتدا هەردوو سیفەتی رۆشنبیر و زانا وەردەگرن. رۆشنبیرن چونکە هەڵوێستیان لەسەر شتەکان هەیە، زاناشن چونکە لە رێگای میتۆدە زانستیەکانەوە تیۆریزەی ئەو شتانەیان کردووە کە قسەیان لەسەر دەکەن.

ئەو رۆشنبیرە گەورانەی کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا و پاش سارتەر لە فەرەنسادا دەرکەوتن زۆرن و نموونەکانیان بریتین لە میشێل فۆکۆ، ژاک لاکان، ژاک دێریدا، پیەر بۆردیۆ، کلۆد لافۆرت کە لە ئێستادا کۆچی دواییان کردووە، هەروەها ئالان تورێن و ئێدگار مۆران کە تا ئێستاش زیندوون. من پێموایە توێژەرانی نوێی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، باشتر و زیاتر لە نەوەی هەشتاکان، چ لەسەر ئاستی تیۆری چ لەسەر ئاستی پراکتیك گەشەیانکردووە و خۆیان پێگەیاندووە، بەڵام گرفتی سەرەکی ئەم نەوە نوێیە لەوەدایە کە وەك پێویست ناتوانێت لە تایبەتەوە بەرەو گشتی بەرزببێتەوە و ئەمەش رێگای لێدەگرێت کە وەك پێویست بتوانێت بەشداری لە دەیبەیتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکاندا بکات. هەروەها گرفتێکی سەرەکی دیکەی ئەم نەوە نوێیە لەوەدایە کە کەمتر دەیەوێت وەك رۆشنبیر دەربکەوێت و هەوڵدەدات زیاتر خۆی وەك کاتیگۆری زانا بخاتە سەر شانۆ.


بەڵام بەشێوەیەکی گشتی من پێموایە گۆڕانکارییە جیهانیەکان دەمانبەن بەرەو چوونەدەرەوە لە هەردوو چەمکی زانا و رۆشنبیر وەك دوو چەمکی بەسەرچوو. پێموایە دنیای نوێ دەمانبات بەرەوە هەژموونی چەمکی توێژەر و لەداهاتوودا چ وەك چەمك و چ وەك دەستەواژە جێگای رۆشنبیر و زانا دەگرێتەوە.

* سۆسیۆلۆگ، سەرۆکی دەزگای زانستە مرۆییەکان، پاریس. سەرۆکی رێکخراوی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیۆلۆژی

**رۆشنبیری کلاسیکی هەمیشە بەجۆرێک لە جۆرەکان کەسێکی هەڵوێستداربووە، هەڵوێست لەبەرامبەر چەپدا، هەڵوێست لەبەرامبەر راستدا، لایەنگری شۆڕش، لایەنگری کۆنسێرڤاتیزم، لایەنگری ریفۆرم، ناسیۆنالیست، ئەنتەرناسیۆنالیست**

**ئەو رۆشنبیرە گەورانەی کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا و پاش سارتەر لە فەرەنسادا دەرکەوتن زۆرن و نموونەکانیان بریتین لە میشێل فۆکۆ، ژاک لاکان، ژاک دێریدا، پیەر بۆردیۆ، کلۆد لافۆرت کە لە ئێستادا کۆچی دواییان کردووە، هەروەها ئالان تورێن و ئێدگار مۆران کە تا ئێستاش زیندوون**

# رووکار و قووڵایی لای نیچە



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*
بۆ گوڵان دەنووسێت

نیچە لە دەسپێکی زانستی گاڵتەوگەپدا (علم المرح) نووسیویەتی: هەرگیز ئێمە لەو بڕوایەدا نین کە حەقیقەت بەبێ پەردەو رووپۆشیەکەی خۆیەوە هەر وەك حەقیقەتێك بمێنێتەوە، بەڵکو تەمەنێکی دەوێت تا دڵنیا بینەوە لە راستەقینەیی بوونیی، زیاتر ئەمەش لە دەرگای پۆشین و ویقارەوەیە کە مرۆڤ نایەوێت هەموو شتێك بە رووت و قووتی ببینێت..

هەروەها پێویستە لەسەرمان ئەو حەیاو حورمەتە بە پیرۆز رابگرین کە لە ناو سروشتەوە خەسڵەتەکانی خۆی بەدەست دێنێتەوە، شتێکە وای لێ دەکات لە پشت لوغزو ناباوەڕییەوە خۆی بشارێتەوە، رەنگە حەقیقەت لە شێوەی ئافرەتێکدا بێت و بە باشیش ئەوە بزانێت کە هۆکارو بەهانەکانی خۆی لای کەس نادرکێنێت، باشتر وایە گریك واتەنی بە ((بوبو)) ناوزەدی بکەین، سەیرو سەمەرەیە لێکدانەوەو زانین بەلای ئەو گریکیانەوە کە چۆن فاکتەرەکانی ژیانیان لێکداوەتەوە، ئەوەش پێویستی بە مانەوە بووە بەسەر رووکارەوە یان مانەوە بە دامێنەکانی کراسێکەوە، یان مانەوە بە لای رووکارو پێستەوە، کە پێویستی بە سوژدەهێنانە بۆ رووکارەکەی دەرەوەی، پێویستی بە بڕواهێنانە بە شێوازەکەی دەرەوەی، پێویستی بە دەنگەکان و وشەکانە، پێویستی بە بڕواهێنانە بە ئۆڵەمپی رووی دەرەوە، ئای چەند سادەکار بوون ئەو گریکانە، لە زێدە قوڵبوونەوەیاندا)).

وەك گریکەکان دەڵێن، ناتوانین وتەزاکەی هیراکلیتس بگێڕینەوە


((ئەوەی دەرخستن جیادەکاتەوە خۆشاردنەوەیە)) وەك ئەم دانا یۆنانیەش پێیوایە کە بوون بۆ خۆی بریتییە لە حەقیقەت و دۆزینەوەو خۆنەشاردنەوە، لەو کاتەوەی دەردەکەوێت ئەوە واتای ئەوەیە کە خۆی دەشارێتەوە، ئەمەیە هێزی دەرکەوتنی شتەکان، ئەمەشە کە گریکەکان ناویان لێ ناوە((بوون))، خۆی دەشارێتەوە بۆ ئەوەی کارەکانی راسپێرێت، یان نوێنەرێك بە ناوی خۆیەوە بنێرێت، بە هەموو ماناکانی وشەوەو بە توانای خۆچوواندنیشەوە وا لە کارەکان بکات لە ساتە وەختی درکپێکردنیان لەیەکتری بچن، بەشێوەیەك خۆیان دەردەخەن و خۆیان دەخەنە بەر رۆشنایی یان خۆیان دەشارنەوەو حەقیقەت دەخەنە ژێر ددانەوە، تا هەبوو لە خۆی بزر بکەن، دواتر جیهانێکی پڕ لە تارمایی بونیاد بنێن، بە شێوەیەك هیچ دەرکەوتەیەکی مێژوویی خۆی لە رووتبوونەوەدا ئاشکرا ناکات، بەو شێوەیە (بوون) بە چەشنەها شێوازەوە بوار دەڕەخسێنێت بۆ دۆزینەوەیەك کە لە میانەیەوە بیر لە ئامادەگی بکاتەوە..

رەتکردنەوەی رووتبوونەوەی زیندەوەر بریتییە لە رەتدانەوەی واقیعێکی پەتی، یان رەتدانەوەی وەرچەرخانەکانییەتی، ئەگەر بەپێی وتەی واقیعی پەتی

بێت، ئەوە واقیعێکە بۆ وتنی شەفافانەو؛ واقیعێکە بۆ ئامادەیی مانا، ڕەتکردنەوەی فڕوفێڵی هێمایە، لە کاتێکیشدا هێما وەرناچەرخێت بۆ هێمایەکی تر، لەم بارەیەوە زەردەشت بە نیتچە دەڵێت((هەموو ناوەکانی خێر و شەڕ هیچ نین، جگە لە چەند ناوێك بۆ سیمبۆلەکان، ئەگینا گوزارشت لە چ شتێك ناکەن، بەڵکو ئەوانە لە خودی خۆیاندا دەلالەت و واتان)).

ئەگەر بەم شێوەیە بێت مێژووی حەقیقەت دەبێتە مێژووی شتە شاردراوەکانی، فڕوفێڵەکانی خۆی دەشارێتەوە تا مێژووی چەپاندنەکانی لە مەجازدا بخاتە خودی خۆشاردنەوە ئاشکرا دەکرێت، ئەم تێگەیشتنە هەموو هێزەکەی خۆی بۆ رووکار دەگێڕێتەوە، هەروەها ئەستوورایی بۆ حیجاب دەگێڕێتەوەو قووڵاییش بۆ پانتایی دەگێڕێتەوە، لەم بارەیەوە نیتچە دەپرسێت((رووی دەرەکی لای من چییە؟)) وەڵامیش دەداتەوە((بە دڵنیایی بریتی نییە لە پێچەوانەی (بوون)، چ جای شتێك لەسەر بوون بڵێم کە هەرچۆنێك بوو بێت، تەنیا خەسڵەتەکانی دەرەوەی نەبێت، دەرەوە بە لامەوە پەردەیەك نییە کە ژیانی لەبەربڕابێت، بەڵکو خۆی لە خۆیدا ژیان و ئەکتیف بوونەوەشە، ئەو ژیانەیە کە شانازی بەخۆیەوە دەکات

> **زەردەشت بە نیچە دەڵێت((هەموو ناوەکانی خێرو ناوەکانی شەڕ هیچ نین، جگە لە چەند ناوێک زیاتر بۆ سیمبۆلەکان، ئەگینا گوزارشت لە هیچ شتێک ناکەن، بەڵکو ئەوانە لە خودی خۆیاندا دەلالەت و واتان))**



> **پەردە بریتی نییە لە پۆشینێک تا بدرێ بەسەر ئەو شتانەی دەمانەوێت بیشارینەوە، بەڵکو بریتییە لە خستنەڕووی ئەو شتانەی بە دەرەوەیە**

روو، (بوون) هەمیشە ئاماژەدەرە بە فڕوفێڵێکی مەجازی، هەمیشە مانای دووەمیانە نەك مانای یەکەمینیان، لە پشت دەمامکەکانەوە نەبێت دەرناکەوێت((ئەگەر ئەم دەمامکەش هیچ شتێك لە پشتیەوە نەبێت، بوون بریتی دەبێت لە رووکەشێك کە لە خودی خۆی زیاتر هیچ شتێکی لە پشتەوە ناشاردرێتەوە)).

ئەم بە شانۆیی کردنە پەردەی خۆی بەسەردا دادەداتەوە، تەنانەت ئەگەر پەردەکەشی هەڵبڕیبێ، لغاو دادەنێت تەنانەت ئەگەر جڵەویشی نەکرابێت، حیجاب لەسەرخۆی دەپۆشێت تەنانەت گەر فڕێشی دابێت، لە هەموو رەهەندەکانیەوە زیندەوەر درێژ دەکاتەوە، هەر ئەویش کۆنترۆڵی ماناکان دەکات و دەلالەتەکانیش دیاری دەکات، نەك لە قووڵاییدا، بەم حاڵەتەوە ((بە قووڵایی رۆچوونی میتافیزیکی)) دێتە ئاراوە، کە ئەمەش دەرئەنجامی ئەو وەهمەیە کە رووکار تیاماندا دەیروێنێت، بەشێوەیەکی وا کە رێدەگرێت لەوەی وەك رووکارێك لێی بڕوانین، رووکارێکی پەرتەوازەی شەفافیش نییە، بەڵکو رووکارێکی ئەستووری پڕ و پاراو دەوڵەمەندە..

کاتێك پەردە ئاشکرا دەبێت و لغاو جڵەوگیر دەکرێت، بەم حاڵەتەوە، هیچ شتێك دەرناکەوێت، تەنانەت تەنیا بونیاتی تا بمانخاتە وەهمی ئەوەی کە رووکار هیچ بوونێکی نییە)).

بەم حاڵەتەوە پەردە بریتی نییە لە پۆشینێك تا بدرێ بەسەر ئەو شتەی دەمانەوێت بیشارینەوە، بەڵکو بریتییە لە خستنەڕووی ئەوەی بە دەرەوەیە، ئەوە کرداری خودی قەدکردنەوەکەیەتی، بەم شێوەیە هونەری شاردنەوە رەهەندێکی ئەنتۆلۆژیانە وەردەگرێت و دەچێتە ناو ناواخنی زیندەوەرەوە، بەو شێوەیە نهێنی لە قووڵایی شاردراوەکاندا نامێنێتەوەو نهێنیەکان گیرنابن بەڵکو تەنانەت نابنە ئەو مانایانەش کە پەردەپۆش دەکرێن، نابنە ئەو وتەزایانەی کە بێدەنگییان لێ دەکرێت، بەڵکو ئاماژەدەرن بە دیالەکتیکی دەرخستن و خۆشاردنەوە، لە هەموو ئەمانە گرنگتریش لەچککردن و حیجاب دانان وا دەکات ببێتە بونیاتی زیندەوەر دوور لە شاردنەوەی نهێنیەکان، تەنانەت گەوهەر و ئەلبابی دەپارێزێت هەروەها وا لە حەیاو حورمەتیش دەکات پێش ئەوەی ببێتە حاڵەتێکی سایکۆلۆژی یان وەزیفەتێکی کۆمەڵایەتی یان مۆڕاڵی، بیکاتە خەسڵەتێك بۆ هێماو خەسڵەتێکیش بۆ زیندەوەرو بونیاتی بوون..

> **ڕەنگە حەقیقەت لە شێوەی ئافرەتێکدا بێت و بە باشیش ئەوە بزانێت کە هۆکارو بەهانەکانی خۆی لای کەس نادرکێنێت، باشتر وایە گریک واتەنی بە ((بوبو)) ناوزەدی بکەین**

* **بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ربات**